



# هونەری شیعرنووسین

نووسینی :

ئەحمەد ڕەزا

بەرگی یەکەم
دەروازەیەک بۆ ناسینی شیعر
**2007**

ناوی کتێب/ هونەری شیعر نووسین
بەرگی یەکەم- دەروازەیەک بۆ ناسینی شیعر
نووسینی/ ئەحمەد ڕەزا
پێشەکی/ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دیزاین/ یادگارو ژێ
بەرگ و چاپ/ ئەحمەد ڕەزا
تیراژ/ 1000 دانە
چاپخانە/ دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن

مـــــافی کۆپی و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

# پێشەکی

شیعر تیۆر و کەرەستەو نهێنیی تایبەتی خۆی هەیە.. تیۆری شیعر خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە، چەندین داڕێژەری تیۆریی کاریان تیاکـــــــــردووە و چەندین بۆچـــــــــوون و گۆڕانکاریی جۆراوجۆریشی تیا دەرکەوتووە.
کەسانێک هەن هەر پشت بە سەلیقە ئەبەستن و وەک مەعریفە ئاگایان لە تیۆری شیعر و نهێنییە پێکهێنەرەکانی نییە. بەڵێ شاعیر هەیە چەندین دیوانی هەیە، بەڵام کە بێتە سەر ئەوەی داوای لێبکەی باسی مێژوو یان تیۆری شیعر بکات ئەوە ئەبینی ڕائەمێنێ.
بەئاگابوون لە تیۆری شیعرو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بەو مانایە نا کە ببێتە بەربەست لەبەر خەیاڵ و وزەی داهێنانـــــــــی شاعیردا بەڕادەیەک وایلێبکات کە باسی شیعر نووسین بێتە پێشەوە سڵی لێبکاتەوە و وەک هەندێک لە ڕەخنەگرانی شیعـــــــــری بەسەر بێت کە کاتێک شیعر لەپاڵ ڕەخنەدا ئەنووسن، زانیارییە ڕەخنەییەکانـــــــــی خۆیان ئەبنە بەربەست لە ڕێـــــــــگەی داڕشتنی شیعرییاندا. واتە لە جیاتی بەرەڵابوونی وزەی شیعریی، زانیارییەکانیان ئەبن بە بەربەست و لە قەوارەی شیعرەکانیان کەم ئەکەنەوە.
ئەم کارەی کاک ئەحمەد ڕەزا بە هەنگاوێکی چاک ئەزانم، بە تایبەتی بۆ گەنجان، ئەوانەی کە دێنە مەیدانـــــــــی شیعر نووسینەوە.. زانیارییەکی

سەرەتاییان پێئەبەخشێت کە ڕەنگە هـــەبێت ئەم زانیارییانەی لە میانەی بیست سی کتێب و گەڕانێکی زۆرەوە دەست بکەوێت، بەڵام کتێبێکی وا ڕێگەی سەرەتای بۆ کورت ئەکاتەوە.. ئەمەیش بەو مانایە نا کە هەر بەمەوە بوەستێت و پاڵی لێبداتەوەو هیچیتر نەخوێنێتەوە.

ڕێگەی شیعـــــــر نووسین دوور و درێـــــژ و شەونخونی و خوێندنەوە و ماندووبوونی بەردەوامە ئەم کارەیش بۆ ئەم مەبەستە جێگەی تایبەتیی خۆی هەیە. کەسانێکی بە تواناو شارەزای وەک ئیحسان عەباس بۆ زانیاریی بەخشین لەسەر ئاستی بەرز، چەند کتێبـــــــێکی نووسیوە بە ناونیشانی هونەری "شیعر"، هونەری "چیرۆک"، هونـــــــــەری "وتار".. نووسەر هەیە لە کتێبێکدا باسی هونەری شیعر بۆ منالان ئەکا، یان بە شێوەیەکی تر و دەربارەی شیعرو چیرۆک بۆ گەنجان ئەدوێ، ئەمە لای میللەتانی جیهان نەریتێکی ئەدەبیی لێهاتووە.. جگە لەمەیش هەر وەک میللەتانی تر بە کاری پێویستی ئەزانم کە لە شێوەی کتێبـــــــــداو بە زمانـــــــی خۆمان دەلیلێکمان دەربارەی شیعرو چیرۆک و هونەری شێوەکاریی و مێژوو و جوگرافیای خۆمان هەبێت.چونکە ئەم دەلیلانە ئەبنە سەرەتا بۆ زانیاریی قووڵ دەربارەی ڕۆشنبیریی خۆمان، جـــــــــا چ بۆ کەسانی بیانی یان نەوەکانی داهاتوومان، بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی کە ئەیانەوآ شارەزابن لە جیهانی ئەدەبدا و تیایدا قاڵبنەوە.

ساڵی 1974 کە چووینە دەرەوە، جـــــــاروبار ڕێم ئەکەوتە شارەکانی ئێران و خـــۆم ئەکرد بە

کتێبخانەکانیاندا، ئەو کاتە شارەزاییەکی ئەوتۆم لە ئەدەبی فارسیدا نەبوو، بەڵام ئەمویست هەر زۆر بە خێرایی بگەمە ئەو دنیا بەرینە، بۆیە کوێرانە کتێب و گۆڤاری زۆرم ئەکــــــڕی و کەڵەکەم ئەکردن.. کاتێ ساڵـــــــی 1992 چوومـــــــــەوە بۆ ئێران، ئەمجارەیان بە ئاگاییەوە کتێبم هەڵـــــــــــــئەبژارد، چونکە لە ڕێگەی چەندین کتێبی هەڵبژاردەیانەوە، کە وەک دەلیل وابوون بۆ مـــــــــن، خێراتــــــر بە جیهانی ئەدەبی فارسییان ئاشنا کردم.. ئەمە کاری دەلیلە.

پێمخۆشە کەسانی تـــــــــــری وەک کاک ئەحمەد ڕەزا دڵسۆز هەبن، کە لە میانەی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ڕەخنەیی ڕادیۆییەوە، بیری لەوە کردۆتەوە کە بە کتێبێکی تایبەت و دەربارەی "هونەری شیعر نووسین"بۆ نەوەی داهاتوو، هەم بەشداربووانی بەرنامەکەی و هەم بۆ ئەوانی تر کە ئارەزووی نووسینی شیعریان هەیە، چاوساغییەک بکات و ڕێگەی دووریان بۆ نزیکتر بکاتەوەو بەم هونەرە بەرزەیان ئاشنا بکات.

عبدالله تاهیر بەرزنجی

سلێمـــــــــــــانی/ 23-2-2007

# ئەم کتێبە بۆچی ؟!

لەو بەرنامە ڕەخنەییەی لە دەنگی گەلی کوردستانەوە پێشکەشی ئەکەم بە ناوی "چـــــــــــرۆکان ئەگەشێنەوە"، بەردەوام گوێ لە هەوڵی ئەو لاوانە ئەگـــــــــــرم، کە دەستیان داوەتە نوسینی شیعر و بەرنامەکەش بە هۆکار- فاکتەر- ێک ئەزانن تا لە ڕێگەیەوە دەنگیان بگاتە دەرەوەی خۆیان.

ئەوەی تێبینیم کردووە ئەوەیـــــــە کە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان هەیە لە هەمـــــوو ناوچەکانەوە لە دەوری شیعر.. هەروەک تێبینی دیاردەیەکم کرد لە ناو گەنجاندا کە زۆرترینیان شیعر بە کێش و سەروا –وزن وقافیە- ئەنوسن.. قسەی پەتیی بە کێش و سەرواو بە ناوی شیعرەوە لـــــــــــــــە پەرەسەندندایە، وەک ئەوەی کە تەنها بەو شێوازە شیعر بنوسرێت، یان شیعر ئەوەندە ئاسان بێت کە کێش و سەروای بەس بێت بۆ ئەوەی ببآ بە شیعر.

ئەم کێشەیە تازە نییە، جـــــــــــۆرە نوسینێک هەن کە ڕەواجێکی تایبەتی پەیـــــــــــــــدا ئەکەن و دووریشن لە پێودانگە زانستییەکانەوە، ڕەنـــــــگە لە پەیوەندییەکی خـــــــــــۆشەویستی، یان ناسۆر و ئەندێشەیەکدا، یان هەر جۆرە هەڵچوونێکـــــــــی سۆزداریدا، جۆرە داڕشتنێک بەرهەم بێت و کەمێک دوور بێت لە زمانـــــــــــی ئاساییەوە، ئەکرێت چەند کەسێکی جیاوازیش چێژی لێـــــــــــــوەربگرن، لەگەڵ ئەوەشدا کە شیعر نین.. بۆیە کە باسی شیعر ئەکەین پێویستە جیـــــــــای بکەینەوە لەو نوسراوانەی کە

ڕەچاوی هیـــــــچ خاڵێک لە بنەماکانی شیعر ناکات.. من لەوە گەیشتم کە زۆرینەی ئەوانەی پەیوەندی ئەکەن، مەبەستیانە شیعر بنوسن، گەرچی بە داخەوە زۆرینە ئاگاداری جیهانی شیعـــــــر نییە و تەنها گرنگیی بە کێش و سەروا ئەدەن، کە لە مێژە وەک بنەمای شیعریی تەماشا ناکرێت.

لە ناو ئەمانەشدا ڕووبەڕووی هەندێ دەنگیش بوومەوە، کە تازەن بەڵام شەرمن.. ڕەنـــگە دەرفەتی بڵاوکردنەوە و خۆناساندنیان بۆ نەڕەخسابێ، ئەگیـــــــنا لە تەکنیک و پێکهـــــــاتە وێنەییەکانیـــاندا دەنگی ڕاستەقینەی نەوەیەکی نوێـــــــــــن کە ئێمە جارێ تەواو پێیان ئاشنا نەبووین.. ئەوان ئەیانەوێ چێوەی بازنەی ئاسایی شیعر ببەزێنن و لە دەرەوەی ئـــــــــــەو بازنەیـــــە کار بکەن.. پێئەچێ قبوڵ کردنیان لە سەرەتاوە ئاسان نەبێت و گرفتی نەوەکان بیانگرێتەوە.

ئەو سەرنج و تێبینـــــــــییانەم وایکرد بیــــــــربکەمەوە لەوەی کە: تەنها ڕێگەیەک ئێستە لە بەردەمی لاواندایە بــــــــــۆ ئەوەی سەرەتاکانی شیعر نوسین دەست پـــــێبکەن، خوێندنەوەی شیعری نەوەکانی پێش خۆیان و ئەو دەنگە دیارانەیە کـــــــــــە هەن، بە واتایەکی تر خۆ گۆش کردنیان لە ڕێگەی خوێندنەوە و کەڵەکە بوونی زانیـــــاری خۆیانەوە دروست ئەبێت.. بیرم کــــــردەوە کە تەنها ئەمە بەس نییە و ڕێنمایی کردنێکیش پێویستە.. چــونکە بەشێک لەو گەنجانە ئەم حاڵەتەیان بە هەڵە بەسەردا شکاوەتەوە. چۆن؟

له ناو ئەو هەموو ستایلی نوسینه به داهێنــــەر ولاوازەکانەوە، گەنجێکی کەمـــــــئەزموون هەر له سەرەتاوه ئەبێت به دەنگدانەوەی دەنگێکی پێش خۆی.. ئەو دەنــــــــــگە هەرچۆنێک بێت- به تایبــــــــــەت که ئەو توانای پۆلینکردن و ناسینی لا نییە- ئەو ئەیکاته چراوگی ڕێگەی و شوێن پێی هەڵئەگرێ.. لەو ئەزموونەی کەمەی خۆشمەوه لەگەڵ بەرنامەکەدا، لەوه گەیشتم، که هەمیشه ئـــــــــەو گەنجانه دوای ئەزمونه ساده و ساکارەکان ئەکەون و ناچن به پــــــەرێزی دەقه قوڵ و دەوڵەمەندەکانا، بەمەش ئاستی داهێنانی زۆرینەی ئەو گەنجانه نزمه یاخود هەر نییە.

ئەمانه و نەبوونی بابەتێــــــــــــــکی ڕێنمایی کردن بۆ نوسینی شیعر له کتێبخانەی کوردیدا و گله و گازندەی ئەو گەنجــــــــــانەش لەو بارەیەوه، وایانکرد ئەم کتێبه بەرهەم بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا که کەسێک ناتوانێ دەستی کەسێکی تر بگرێت و زۆری لێبکات که ڕستەیەک یان وێنەیەک یان گوزارشتێــــکی تایبەتی بەو جۆره پێبنوسێت که خـــــــــۆی مەبەستیەتی و ئەیەوێت، لەبەر ئەوەی ڕوانین و وێناکردن- تێور- و فەلسەفه و بـــــــــاری دەروونیی- سایکۆلۆژیا- ی کەسەکــــــــــان جیاوازه و ڕەنگه ئەو وێنەیەی لای من فــــــــــره دەلاله و هونەرسازی و جوێنسازی- ئیستاتیکی- و چێژبەخشه، لای کەسێکی تر دەقاو دەق وا نەکەوێتەوه.. بەڵام ئەمه ناکاته ئەوەی که چارەســــــــەرێک نەدۆزینەوه بۆ ئەو لاوانــــــەی له

سەرەتای ڕێدان و لەو پەرت و بڵێوییەدا هیچ جۆرە ڕێنماییەکمان بۆیان نەبێت ، یـــــــــان بە لانی کەمەوە بەرچاو ڕۆشنییەکیان پێشکەش نەکەین..
لە خوێندنەوەی هـــــــــەر شارستانیەتێکدا ئەبینین کە شیعــر شوێنێکی بەرچاوی هەیە، کە ئەکـــــــــــــرێت ڕووی ئەو شارستانێتییە لە ڕێگەیەوە بنێسرێت.. بەڵام لە ئێستەدا و لەگەڵ ئەو پێشکـــــــــەوتنە خێرایانەی لە دنیای تەکنۆلۆژیادا ڕووئـــــــــــەدات، شیعر چەند پێیەک پاشە کشەی کردووە و نزیک بووەتەوە لەوەی کە ببـــــــێ بە ئەدەبی نوخـــــــبە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانە چەند خێران لە تەواوی کایـــە مەعریفی- ئیبستمۆلۆژی- یەکاندا، ئەوەندەش بە لانی شیعرەوە خێرایەو فەیلەسوفێکی وەک – پۆل ریکۆر- ئەڵێ: ئەگەر خوێنەری شیعر خۆی لەگەڵ پەرەسەندنی شیعردا نەگونجێنێت، ئەگاتە ئاستێک کە بە هیـــــــــچ جۆرێک چێژ لە شیعری نوێ وەرنەگرێت و بگـــــــــەڕێتەوە سەر دەقە کۆنەکان و تەنها ئەوانە بە شیعر بزانێت، وەک ئێستە کە زۆرێک چێژ لە شیعری نوێ وەرناگرن.. شیعریش وەک کایەکانـــــــــــی تر لە گۆڕان پێشکەوتندایە.. چۆن پەنجا ساڵێک پێش ئێستە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبـــــــــــــایل جۆرێک بوون لە ئەفسانە- میتۆلۆژیا- ، ئاواش شیعری ئیستە جۆرێک بووە لە وڕێنە.
ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ کورت کردنەوەی ڕێگەی نوسینی شیعر و ناساندنی لای گەنجان، بۆ پێڕاگەیشتن بەو مانایانەی کە شیعری ئێستە پێویستیەتی و بەردەوامیش لە گۆڕانـــــــــــــدایە.. بۆ

ناساندنی تەکنیکی نوسین و گرفتەکـــــــــــــانی داڕشتنی وێنەی شیعریی و ڕوونکردنەوەی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی شیعر، بەو ئومێدەی هاوکاری لاوان بێت.

ئەحمەد ڕەزا
**2006\12\16**

بەشی یەکەم

## ئاستەکانی نوسین

لەم بەشەدا هـــــــــەوڵ ئەدەم لەو ئاستانە بدوێم کە نوسەرەکانی بە ناوی شیعرەوە بە تەلەفون ڕاستـــــــــــەوخۆ بۆیان ئەخوێندمەوە.. گەرچی ئەم پۆلینـــــــــکردنە بەدەر لە ناوی ئەو نووسەرانەیە، بەڵام من هەوڵ ئەدەم لە ڕێگەی ئەم ئاستانەی بەر دەستمەوە، ئەو خۆ سەرقاڵ کردنەی گەنجانی ئێستە باسبکەم بە نوسینی شیعرەوە، کە بەدەر نییە لەو نوسینانەی لای من.. دیسانەوە ئەمەوێت لەگەڵ ئەو گەنجـــانەشدا بدوێم کە نوسینەکانی خۆیان بۆ من

خوێندۆتەوە و هەر کەس و ئاستی نوسینی خۆیشی بە هۆی ئەم پۆلینکردنەوە بۆ ڕون ئـــــــەبێتەوە..
هەروەک ئەم بەشە ئەکەینە فاکتەرێک بۆ ڕزگار بوونمــــــان لە قسەکردنی گشتیی لەسەر شیعر و دوای ئەم بەشە ئەتوانین ئاسانتر قســە لە زاراوە و موفرەدە شیعرییەکان بکەین.
ڕەنگە قسەکردن لە دەرەوەی شیعــــر ئاسانتر بێت لەو پێداویستییانەی کە شیعر پێویستیەتی.. باسکردنی فەزای شیعریی و خۆ سەرقاڵکردن بەو قوتابخانانەوە کە پەیوەندییـــــــــان بە ئاراستەی دەق و پردی پێک گەیشتنەوەیەتی لەگەڵ خوێنەراندا، وێڕێی گـــرنگییەکەی، بەڵام لەم قۆناغەی ئێستەی گەنجـــــاندا ڕەنگە سودێکی ئەوتـــــــــۆی نەبێ.. ئەوەی کەسێک پێویستییەتی بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکـــرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەق، جیاوازە لەوەی قســـــە لەسەر دەقێکی بەرهەمهێنراوی بکرێت.

نوسینی بێگیان - ئاستی یەکەم-

ئێمـــە کە گوێ لە دەقێکی شیعریی ئەگرین ڕووبەڕووی چەندین شێوازی نوسین و هەناسەی جیـــــــاواز ئەبینەوە.. لە ناو ئەمانەدا ئاستی لاواز و داڕشتن بە زمـــــــــانی ئاسایی ڕۆژانە گـــەر هەبێ، ئەوا ڕاستەوخۆ درک بە لاوازیی هونەرسازیی و کەمبایەخیی دەقەکە ئەکەین.
بەڵام کە هیـــــچ جۆرە هونەرێکی شیعریی ڕەچاو نەکرابێت، ئەوکاتە نە لەبەردەمی دەقداین و نە شتێکیش هەیە بە ناوی شیعرەوە. گـــــــەر ئێمە

بمانەوآ هەندێک دەردەدڵ و مەراق لە بازنەیەکی دیاریکراودا هەڵڕێژین و ناوی شیعری لێ بنێین، ئەوە شیعر نوسین کارێـــــکی ئاسانە و هەر بەو ئاسانییەش ئەبین بە شاعیر، بەڵام ئەم سنـــوری بە شاعیر بوونیە چەندە و ئەو جۆرە شیعرەشمان چەند دەمێ ودەم ئەکا؟

ڕەنگە زۆرێک لە گەنجان و لە سەردەمە جیاوازەکانیشدا ڕۆژگارێک سەرقاڵی ئەم جۆرە نوسینە بووبن و لەگەڵ ڕەوینەوەی مەراقیشیاندا، نەک دەستیان لە نوسینی هەڵگرتووە، بەڵکو هەر بیریشـــــیان چووەتەوە.

زۆر جار لە بەرنامەکەدا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە نوسینە ئەبوومەوە، ناچار بووم دڵنەوایی کەس نەکەم و ڕاستەو ڕاست پێی بڵێم کە ئاستی نوسینەکە زۆر لاوازە.. لەم نوسینانەدا تەنها ئەو ئازار و موعاناتە ڕۆڵی ئەگێڕا کە گەنجێکی ئەخستە ژێر فشاری ئەزموونێکی نوێوە، ئەو گەنجەی کە تا ئێستە ژیـــــــان بە دڵی ئەو گوزەراوە بە حوکمی تەمـــەنی و لە پڕێکدا ئەکەوێتە ژێر باری ئەزموونێکی قورسی بێبەزەییەوە کە عەشق و خۆشویستنە.. ڕەنگە ئەم ئەزمونە بۆ کەسێکی بێئەزمون زۆر بە ئازار بێت و بگـــــــەڕێت بەدوای هەر کەلەبەرێکدا بۆ خۆ بەتاڵ کردنەوە، یان کەمکردنەوەی ئازارەکەی.. ئەو، شیعری لە قۆناغی سەرەتاییدا بە شێوەیەک پێگەیشتووە، کە پەند و ئامۆژگارییەکانی بە کێش و سەرواوە پێشکەش کراوە و خاڵیی بووە لە هەر جۆرە تەکنیک و ئیستاتیکا و فیکر و گەمەیەکی زمانەوانیی ی دەرەوەی جیهانی منداڵان.. خۆیشی

گەیشتۆتە ئاستێک کە ئەتوانێ کێش و سەروا ڕیز بکات و ئەوەی درکی پێئەکات بەو جۆرە تۆماری بکات و بینوسێتەوە، بۆیە بآدوودڵیی دەستی ئەداتێ و بە مەبەستی سوک کردنی باری سەر شانی شیعـــــــر ئەنوسێ، بەڵام لە سنوری ئەو مانایانەدا کە خۆی ئەیبینێتەوە.
با ئەم نموونەیە بهێنینەوە:

"خۆ بڕیار بوو بۆ یەکتر بین بە قـــــــوربان
بۆ جێت هێشتم دڵت پڕکـــــــــــردم لە ژان
تۆ ڕووت کردە کامـــەرانی و خۆشیی خۆت
منیش ئەگـــــــریم بۆ خەم و بۆ داپڕان"

ئەم نوسینە لە قسەیەکی پەتیی زیاتر هیچی تر نییە، تەنها ئەوەندە هەیە کە نوسەرەکەی کێش و سەروای بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بە ئێمە بڵێ شیعر ئەنوسم، ئەگەر ئەمەی بە شیعر لێ قبوڵ بکەین، ئەوا لە نوسینی شیعر ئاسانتر نییە، چونکە ئێمە گواستنەوەیەکی شعوریی کتومت، بە زمانی مەئـــلوف و بازاڕیی، بەدەر لە هەر هونەرسازییەکمان بە ناوی شیعرەوە قبـــوڵ کرد.. ئەوکاتە ئێمـــــــە خۆمان دەستمان ئەبێت لە کەمبایەخ کردنی شیعر و بە هیچ نەزانینی، خۆمان فەتـــوای ئەوە ئەدەین کە شیعر هیچ جۆرە هونەرێکی تێدا نییە و هەموو کەسێک و بەیەک ئاست ئەتوانێ شاعیر بێت .
کەواتە بەم نوسینە سادەیەوە ڕوو بکەینە هەر شوێنێک دەرگای شیعرمان لێناکرێتەوە، چـــــونکە ئەمە

قۆناغێکی زۆر سەرەتاییە، تا سورتر بین لەسەر نوسینی ئەم جۆرە، دوورتر ئەکەوینەوە لە نوسینی شیعری چاک و بەرهەمهێنانی دەقی سەرکەوتوو.. ئەم جۆرە نوسینە هیچ لێپرساوێتییەکی لە پشتەوە نییە، زۆر جار لە نێوان دوو عاشقدا ئەگۆڕرێتەوە و هەر لە نێوانیشیاندا ئەنێژرێت. ئەم نوسینانە تا ئەو کاتەش ئاساییە کە خـــــاوەنەکەی بۆ هەڵڕشتنی مەراقێک بینوسآ، بەڵام لەوێوە لە ئاسایی بوون ئەکەوآ کە شیعری لا ببێ بە کەڵکەڵە.

بازنەی خوێندنەوە - ئاستی دووەم -:

کاتێک کە نوسەرانی ئاستی یەکەم، هەست بە داخـــــراویی بازنەی خوێنەری نوسینەکانی ئەکات و لە کاتی بەریەککەوتنیدا لەگەڵ دەرەوەی بازنە دیاریکراوەکەیدا ڕووبەڕووی هەست کردن بە لاوازیی نوسینەکانی ئەبێتەوە، گەر مەبەستی بێت ئەو بازنەیە فراوان بکـــــاتەوە و کەڵکەڵەی شیعـــــــــر نوسینی لا هەبێت، ئەکەوێتە ژێـــــــــر فشـــــاری تێپەڕاندنی شیعرەکانیەوە بە شێوازی جیاواز لەوەی پێشوو، بە مەبەستی بەدەست هێنانی ڕێی کەسانێکی جیاوازتر.

لەم ئاستەی دووەمـــــدا ئیتر ئەبێ خوێندنەوەی ئەزموونە شیعرییەکانی پێش خۆی ڕۆڵی گرنگی پێبدرێ، ئەبێ خەیاڵ کاراتر بکرێت بۆ ئەوەی لە داڕشتنەوەی نوسیندا دەستی هەبێ.. لێرەوە ئەبێ

کاری پشکنین دەست پێبکا لە خوێندنەوەی هەر شیعرێکدا.. بەڵام ئەوەی تێبینیم کرد لەو گەنجانەی کە لای من ئەکـــەونە ڕیزبەنـــدی ئەم گروپەوە، خۆ ماندوو نەکردن بوو بە خوێندنەوەی ئەو دەقە شیعرییانەوە کە بەر دەستیان کەوتووە.. زۆرترینیان پێی وابوو کە ئیتر شتێک نییە لە سەروو زانیارییەکانی ئەوەوە، هیچ گومانی لە باڵا دەستی خۆی نەئەما لە شیعردا و هەستم بەوە ئەکرد کە سەرنج و تێبینییەکانی منیشیان بەلاوە زۆر گرنگ نەبوو.. بۆیە زۆر جار ئەموت: تا کەمتر بخوێنینەوە، هەست بەوە ئەکەین کە زیاتر ئەزانین و بە پێچەوانەشەوە، واتە تا زیاتر بخوێنینەوە هەست بەوە ئەکەین کە زانیاریمان کەمترە.

هەندێک لە هاوڕێیانی تـــــری ئەم ئاستە پێیان وابوو کە تەنها تێبینیەکانی من بەسە بۆ ئەوەی شیعری سەرکەوتوو بەرهەم بهێنن، کە هەمیشە من دژی ئەم ڕایە ئەوەستامەوە، چونکە ئەوەی من یا هەر کەسێکی تر لە ڕێگەی کۆڕێک یان بەرنامەیەکەوە باسی ئەکات، ڕێ خۆشکردنێکە لەبەردەمی وەرگـــــــریدا بۆ پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی- گەر مەبەستی بێ-.

ئەمە نمونەی نوسراوێکی ئەم ئاستەیە، کە جیاوازی لەگەڵ ئاستی یەکەمدا ئەوەیە جۆرێک لە چواندنی بەکــــــار هێناوە و نایەوێت ڕستەکانی هەر بەو شێوە ڕاستەوخۆییەی خۆی بڵێت.. بەڵام ڕێگەی چوانــدنەکەی بە شێوەیەکی باو کردووە، واتە ڕێگەیەکی ئاساییە و پێشتر زۆر وتراوە، یان گەر نەشوترابێ، لەناو خەڵـک و

لە زمانی ئاساییدا بووە بە ڕێگەیەک بۆ گوزارشت کردن لە ئەندێشە – معاناە -:

ئیتر بۆچی هەناسەکەم بێ هۆ لێم ئەکەی ماڵئـــاوا
هەتا ئێستەش بۆ ئەوینـــت شەو ئەناڵم وەکو ساوا
لای تۆ وابوو کە تۆم خۆشویست ئاوا وەفام بدەیـــتەوە؟
پڕیار وابوو وەک زوحاکێک خوێنی جەستەم بخۆیـتەوە؟

بڕوانن کێش و سەروا چۆن بڕستی لەبەر ئەم نوسینە ساکارەش بڕیوە.. لە بری ئەوەی بڵێ: بە بێ هـــۆ ماڵئاواییـم لێئەکەی ، بووە بە: بێ هۆ لێم ئەکەی ماڵئاوا.

لەم پارچە نوسینەدا، هەوڵێک دراوە بۆ دەرچوون لە گواستنەوەی کتومتیی ڕوداوەکان و هەوڵی چواندن هەیە وەک: خۆ چواندن بە ساوا، ئەو چواندن بە زوحاک.. بەڵام ئەم چواندنانە زۆر حازر بەدەستن و لە زمانی ئاسایی بەکارهێنـــــانی ڕۆژانە جیاناکرێنەوە.. خەیاڵێکی سست و تەممەڵ، دەست سپێتیی لە هونەرسازییدا - کە دواتر نمونەی زۆری لەسەر ئەهێنینەوە - خۆماندوو نەکردن و گەڕان بەدوای مانای قوڵدا، پێشڕەویی ئەم نوسینەیان کردووە و بەم ئاستەی ئێستەیان گەیاندووە.

جگـــە لەمەش زوربەی نوسینەکانی تری ئەم ئاستە بە کێش و سەرواوە تێئاڵاون و زۆر بە زەحمەت دەست بەرداری ئەبن، کە لـــەو نمونەیەشمان هەن.. یەکێک لەو نوسەرانەی کە لەم ئاستەدا ئەینوسی (س )، بە بڕوای من هەستم بە توانایەکی باش ئەکرد تیایدا..

گرفتی (س) کە کۆت و بەندی کردبوو، مەسەلەی کێش و سەروابوو، هەستم ئەکرد توانای گوزارشت کردنی(س) لە شیعرێکی کێش و سەروادار- موزون مقفی -دا بەند کراوەو بە ئاستەم ناڵەناڵی دەنگی ئەبیسترێ، بەڵام ئەو ناڵەیەی ئەوەند جوێن بوو کە ئاوری جدی لێبدرێتەوە و زۆرجار لەئاستی دەنگیدا ئیستم ئەکرد.. ڕۆژێک زۆر بە ڕاشکاوی گلەیی ئەوەی لێکردم کە بۆچی من بایەخ بە شیعرێک نادەم کێش و سەروای هەبێ و و زیاتر قسە لەسەر شیعری ئازاد یان سەربەست ئەکەم.. منیش هۆکەیم بۆ ڕوونکردەوە کە کێش و سەروا چۆن ئەبێتە قاڵب و خەیاڵ ئەگوشێ، چۆن بەهۆی خۆئامادەکردن بۆ دانانی کێشێک یان دۆزینەوەی سەروایەک، شاعیر ناچار ئەبێت دەست لە خەیاڵێکی جوێن هەڵگرێت و شتێکی تــــر بخاتە شوێنی کە بۆ ئەو مەبەستە دەست بدا، کێش و سەروا زەمەنی خۆی تێپەڕاندووە و ئێستە لە سەردەمێکی تردا ئەژیین و ناکرێت نەوەی نوێ بگەڕێنەوە سەر میتــــــــۆدە کۆنەکان، کێش و سەروا ئەوەندە دووبارە بووەتەوە، کە پێزی خۆی لەدەست داوە و هونەرێک لە ڕیزبەند کردنیدا نەماوە، ئەوەی لە شیعرێکی کێش و سەرواداردا ئەیبینی وەک بۆ نمونە جار وبار لای شێرکۆ بێکەس، محمد عومەر عوسمان، محمد عەزیزی مەلا ڕەحیم، یان هەر کەسێکی تر، ئەوە توانا هونەرییەکەی لە کێش و سەروادا نییە، بەڵکو لە توانای زمانەوانی و وێنەی شیعری و تەکنیک و بە گشتیی لە ئیستاتیکای دەقەکەدایە.. بە کورتی ئەتوانین بڵێین کێش و سەروا لە توانای داهێنان کەم ئەکاتەوە.

دواتریش بۆ ڕزگار کردنی ئەم لاوە لە کۆت و پێوەندی کێش و سەروا، بانگهێشتم کرد بۆ ئیزگـــە و چاوپێکەوتنێکم بۆ سازدا و دواتریش تا لە چوارتاوە گەیشتینەوە سلێمانی، نمونەی زۆر وردم بۆ هێنایەوە و قسەی زۆریشمان لەسەر مەسەلەی ئاڵـــــۆزی و پێکهاتەی وێنەی شیعری و زۆر بابەتی تری تایبەت بە شیعر کرد.

هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوە - ئاستی سێیەم -:

دوای ئەوەی لە ئاستی یەکەمەوە هەندێ کەس پاشەکشە ئەکەن، چونکە ئەرکی سەرشانیان گران ئەبێت و خۆماندووکردنی زیاتریان پێویستە.. لە ئاستی دووەمیشدا هەر بەو شێوەیە هەندێکی تریش ئەکشێنەوە و ناگەنە ئەم ئاستەی باسی ئەکەین.
ئەتوانین بڵێین ئەوەی سەرئەکەوێ بۆ ئەم ئاستە، ئیتر نزیکایەتیەک لەگەڵ شیعردا پەیدا ئەکا و لە خەمی وەرگرتنی زانیاری زیاتردا ئەبێت، کۆشش ئەکا بۆ جێخۆکردنەوە و نووسین لە ئاستێکدا کە ئیتر چاک و خراپ لە ئاستی شیعرییدا لێی وەربگیرێ.. بە پێچەوانەی ئاستی دووەمەوە کە هەست بە سەرکەوتوویی و هوشیارییەکی موزەییەف ئەکا و هەندێکیان لە داهاتووشیاندا نەرجسیەتیان بە زاڵیی تیا ئەمێنێتەوە و هەست ئەکەن لە سەروو شتەکانەوەن.
دەقی نوسەرانی ئەم ئاســـــتە لە زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاردا جێی ئەبێتەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی بابەتەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا نیین کە دڵخۆشکەر نەبن، دەووەم:

لەبەر زۆریی ڕۆژنامەو گۆڤار وسێیەمیش چونکە لێپرسراوی ئەدەبیی هەندێک لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە ئاستێکی ئەدەبی ی ئەوتۆدا نیین، کە بتوانن بەرهەمی چاک و خراپ هەڵاوێرد بکەن و لای ئەوان گرنگ ئەوەیە کار بڕوا..

نوسینەکانی ئەم ئاستە شیعرن لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا.. وێنەی شیعریی ناکامڵ و زمانێکی کەمتوانا و هەندێک جار پچڕ پچڕ، خەیاڵێکی بە حەزەر، تەومژ یان ئاڵۆسکاویی فیکر، هەموو ئەمانە سیمای تایبەتی ئەم جۆرە شیعرەن، خۆ ئەگەر وردتر سەرنجیان بدەیتێ لە پێکهاتەی وێنەکاندا ناکارامەیی و ترس ئەبینینەوە.

بۆ ئەوەی هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر نمونەی ئەم ئاستە و دواتر بچینە سەر بەشەکانی داهاتوو، نموونەی شیعرێک ئەهێنینەوە:

لە گێژاوی دەریای خـەما بێ شەپۆل و تــــــــەوژمی با
کەشتی ی ڕوحم ئۆقرە ناگرێ خــــــوڕەو بەرەو کەنار ئەمبا

= = = = = = = = = = = = = =

لەشەوچەرەی تەنیاییا بێ بۆنی گەردەلوولی خـــــەم
هەڵنایە مانگی ڕوخسارم غوربەت تاریکی هەڵئـــەدا

بە دروست کردنی چەند وێنەیەکی ئاسایی، ڕاستەوخۆ ئەم دوو دێرە ئەناسینەوە، کە دەقی گەنجێکە لە سەرەتای ڕێگەیدا.. مەبەستم لە ئاسایی بوونی وێنەکە لە پێکهاتەیدایە، هەرچەندە وێنەکە بۆ خۆی کەشێکی

پێکهێناوه ئەگەر غەدری لێنەکەین، بەو سادەییەی خۆیەوە، مانا و هەڵچونی خۆی گەیاندۆتە ئێمەی خوێنەر، بەڵام مەئلوفیەتی ئەم وێنەیە، لە چۆنێتیی پێکهاتندایە..بۆ نمونە موفرەدەکانی( گێژاو، دەریا، خەم، شەپۆل، تەوژم، با، کەشتی، ئۆقرە گرتن، خوڕ، کەنار، بردن) هەموو ئەو موفرەدانەن کە وێنەیەکی بینراوی هەستیی لەم بابەتە پێویستییەتی، لەبەر ئەوەی لە زمانی ڕۆژانەدا بۆ هەر ڕوداوێک پێویستیی بە بەکارهێنـــــانی موفرەداتـــی ئەو بابەتە دیاریکراوەیە کە ئەگێڕرێتەوە، ئەبینین لەم دێڕەشدا بە هەمان شێوە گەنجــــێک نەیوێراوە ئەو سنورە ببەزێنێ و وێنەیەکی شیعریی تۆکمە بینا بکا.. تا مەبەستم ڕونتر بێ نموونەیەکی تر ئەهێنمەوە لەسەر هەمان بابەت: ئەگەر ئەم شاعیرە باسی کەشتیەکی بۆ بکردینایە کە چۆن ئاوێکی خوڕ ڕایئەدا، یان ئەگەر باسی شەوێکی ئەنگوستمان بۆ بکا کە مانگی تیا هەڵنایەت، بە هەمان ئەم موفرەدانە و ئەوانی دێڕی دووەم گوزارشتمان بۆ ئەکا.. ئیتـــــر لای ئەو وێنەی شیعرییش هەمان تایبەتمەندێتیی وێنەی ئاسایی هەیە لە ڕووی پێکهاتەییەوە.. بەڵام کەشتییەکە ئەکا بە کەشتی ی ڕوح و مانگەکەش بە مانگی ڕوخسار.. دوای سادەیی پێکهاتەکە ئەبینین دەست لەرزۆکیەکیشی لە مانای وێنەکەدا پێوە دیارە، لە بری ئەوەی مانگ بچـوێنێ بە ڕوخساری ئەو شۆخەی کە مەبەستیەتی ـــ وەک وێنەکە ئەیەوێ ئاماژەی بۆ بکا ـــ باسی ڕوخساری خۆی ئەکا.. بە پێچەوانەوە بوێریی لە دوا نیــــــوە دێڕی دێڕی دووەمدایە کە ئەڵێ: غوربەت تاریکیی هەڵئەدا،

مەبەستم لەم نیوە دێڕە دەقاودەق نییە، وەک ماناش، بەڵکو لە بوێریی پێشنیاز و پێشکەش کردنیەتی.
یەکێک لە وەزیفـــــە گرنگەکانی شیعر، چڕکردنەوە ــ اختزال ــ ە، لە بری ئەوەی بۆ بیناکردنی وێنەیەک پەنا ببەیتە بەر گێڕانەوەی درێژدادڕیی، پێویستە بە کورتترین ڕێگە و کەمترین وشە و پوختترین گوزارشت- تعبیر ــ وێنەکەت بگەیەنی.. ئێستە ڕوون بووەوە مەبەستم لە بـوێریی چییە لەو نیوە دێڕەدا؟ بوێریی بە مانای بوێریی بۆ دەستدانە شیعرە.. لە بری ئەوەی لەو نیوە دێڕەدا بۆ ئێمەی بگێڕێتەوە کە چۆن مانگ هەڵنەهات و ئەم لە تەنیایدا هەست بە غوربەتیی ئەکا و بەو غوربەتییەوە بەدیار شەوەوە پاسەوانێتیی ئەکا و هەر بە ئینتیزاری دەرکەوتنی مانگە! لە بری ئەو هەموو درێژدادڕییە، ئەڵێ: غوربەت تاریکی هەڵئەدا.. ئەوەی دڵخۆشکەر بوو لای من ئەم چڕ کردنەوەیە بوو.. کەواتە ئەتوانین چڕۆکانی شیعری تیا ببینینەوە.. ئەمە وێـــــڕێی ئەوەی کە وێنەکەی مایە خۆشحاڵیی نیە و چ جۆرە چێژێکی شیعریی تیا نییە، بەڵام بە گشتیی ئەتوانم بڵێم: ئەمە لــــــە سەرەتا ئاساییەکانی دەرکەوتنی شیعر و چەکەرە کردنیەتی لای هەر کەسێک کە بەم شێوەیە خەیاڵی بەرەڵا بکا.. چونکە ئیتر لێرەوە لێپرسینەوەی لە بەرێمبەر خۆیدا ڕوو لە زیاد بوون ئەکا و ئەگەڕێ بۆ ڕاوکردنی وێنەی چڕتر و پڕ ئاوازتر، ئەم ئاستەش لێرەدا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی دەست بەرداری ڕستە و دەستەواژە و موفـــــــــــرەدە و تەکنیکی سوا و و خەیاڵی حازر بەدەست بێ.

تێبینیم بۆ نوسەرانی ئەم ئاستە ئەوەیە لە هەموو کلێشە ئامادەکراوەکان دوور بکەونەوە، کەسێک هەڵە ناکا کە هیچ شتێک نەکا، لەبەر ئەوە ترسیان لە هەڵەکردن نەبێت چاکترە.. خوێندنەوەی ورد و بە دیقەت لەشیعری پێش خۆیان لە هەموو قۆناغە شیعریی و شێواز ــ ستایل ــ ە جیاوازەکان، سەرنج لە پێکهاتن و پێکەوە گرێدانی وێنە شیعرییەکانی پێش خۆیان بدەن، هەوڵی جدی بدەن بۆ بیناکردنی وێنەی جیاواز لەوەی کە ئەیبینن، لەبەر ئەوەی هەر شاعیرێک و بە چۆنێتی تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیەوە سەرنج ئەدا، بۆیە ستایلی جیاوازیش ئەکەوێتەوە.

ئەوەی گرنگیشە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم چەند خاڵێکە، ئەگەر خراپ لێکبدرێتەوە ڕەنگە لە بری بەرچاو ڕوونیی سەرلێشێوان بخاتەوە:

1_ مەبەستم لە دوور کەوتنەوە لە کێش و سەروا، ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتییەکانی شیعری نوێی لە پشتەوەیە، کە لە بەشەکانی داهاتوودا باسی ئەکەین، نەک نزیک کەوتنەوە لە گێڕانەوە narate یان وتار نووسین.. چونکە ڕاستە باسی نەمانی کۆت وپێوەند ئەکەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە شیعر بێبەریی بێ لە تایبەتمەندێتی ی خۆی.

2_ لە باسکردنی سادەیی و زمانی ئاساییدا، کارێکی ئەوتۆ نەکرێت بۆ دوور کەوتنەوە لەو زمانە، دەقێکی ئاڵۆز و بێ‌بنێغە بەرهەم بهێنرێت و تەنها ببێتە کۆکردنەوەی وشە لەملا ولا و هیچ ئیعتیباراتێکی شیعریی لێک نەدرێتەوە ــ وەک ئیستە هەندێک نوسەر کاری لەسەر ئەکەن ــ مەبەستم لە زمانی ڕۆژانە قسەی ناو بازاڕ و

ماڵ و ژیانی ڕۆژانەیە کە ڕاستەوخۆ و دوورن لە لوغز و فرە ماناییە.. بەواتە تۆ لە ژیانی ڕۆژانەتدا بەقەدەر پێویست ڕستەکانت ئەڕازێنیتەوە و پێویستت بە وشەسازیی و جوێنکارییەکی زۆر نییە، گرنگ ئەوەیە تێبگەیت و لێت تێبگەن.. بەڵام پێویستیی شیعریی زۆر لەوە زیاترە.

3_ چڕکردنەوە مانای ئەوەیە تۆ بتوانی وێنەکەت بە کورتترین ڕێگە و دوور لە درێـژ دادڕیی بگەیەنیت، ئەمەش ناکاتە ئەوەی چەند وشەیەک لە وێنەیەکدا لاببەیت و وێنەکی ناپوخت و نوقسان پێشـــــکەش بکەیت بە بیانووی چڕکردنەوە.. وەک باسمان کرد تۆ سەربەستی لە شێوازی گەیاندنی وێنەکەت بەخوێنەر، بەڵام ئەبێت هونەرسازییەکی ئەوتۆت کردبێت تا وێنەکەت بە تەواویی بگاتە شوێنی مەبەست و پڕ واتا و گوزارشت و لە هەمان کاتدا چڕ و چێژ بەخشیش بێت.. هەڵبژاردنی تۆ لەوێدا ڕۆڵی خۆی ئەگێڕآ کە تۆ بتەوێت بە چ ڕێگەیەک بیگەیەنیت.

4_ گۆڕانکاریی لەڕیتمدا پێویستە و سەقامگیر بوون لەسەر هێڵێک ئەبێتە مایە وەڕسی و پێی ئەڵێن مەلەڵ، هەروەک لە تەکنیکیشدا تازەگەریی بە دەقەکە ئەبەخشێ و بە هەردووکیان هەناسە شیعرییەکان خۆشڕەوتر ئەکەن واتە ڕەوان ئەبێت.. دیسانەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنآ کە ئەوەندە ڕیتم بگۆڕدرێ، شیعرێکی هەناسەتەنگ و بێڕیتم بەرهەم بهێنرێ.. ڕیتم بە مانای ئەو خۆشڕەوییەی ئاواز کە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا بەسەر زماندا دێت و لەگەڵ گوێگرتن و زەینی خوێنەردا کۆک ئەبێت.

5_ ئێمه ئەڵێین با بەسی بێت و کەمێک له زاراوه کشتوکاڵیەکان دوورکەوینەوه به تایبەت له شیعردا، هەروەک ڕووو بکەینه وشەی تازه و ئامراز و کەرەسته تازه بەکارهێنراوەکان و لەگەڵ سەردەمدا خۆ بگونجێنین و ئێمەش مۆرکی هاوچەرخیی بوونمان هەبێت و هەر دوای ئەو زمانه نەکەوین که پێشینانمان بەکاریان هێناوه و مۆرکی ئەوانی پێوه دیاره، ئەی ئێمه ئەتوانین چی بکەین؟

گەر ئەمەش وا لێکبدرێتەوه که ئیتر سەد دەر سەد قەدەغه بێ ئەو زمان و زاراوه و وشانه بەکار بهێنین و شیعرێک بنوسرێ پڕ له زاراوەی سەردەمی تەکنۆلۆژیا و دوور له هەموو هەستێک، دوور له جیهانی سروشت و دیاردەو شتەکانی، به بیانوی ئەوەی که تازەگەرییه، ئەویش هەڵەیەکی کوشندەترەو هیچی لەوی پێش خۆی کەمتر نییه.

6_ یەکێتی بابەت: ئەو دەقەی له بەردەستایەو کاری تیا ئەکرێ، پێویستی به جۆره پەیوەندییەک هەیه، که پێکیانەوه ببەستێتەوه و سەرەنجام تۆ بزانی قسه له بابەتێکدا کراوه، بەو پەیوەندیەی که له تەواوی دەقەکەدا هەیه، ئەوترێت یەکێتی بابەت.

ئەگەر له سەر لەبەری دەقەکەدا پەیوەندی پچڕا، ئەو کات هەر وێنەیه و له ئاوازێک ئەخوێنێ و ژاوەژاو دروست ئەبێ.. خۆ ئەگەر بتەوێ تەوا و پەیوەست بی به بیرۆکەی سەرەتایی دەقەکـــــــــەوه و به هیچ کلۆجآ لێی دوور نەکەویتەوه، دیسانەوه خەیاڵ ئەتاسێنآ و پابەندی ئەکا بەخۆیەوه، ئەو کات وێنه و گوزارشتەکان کۆتکرا و ئەبن و سەربەستییان نادرێتێ. ئەبێ بزانین

شاعیری نوێخواز لە ڕێگەی وێنەیەکی سادەوە، یان چەند وێنەیەکی لەیەکچووەوە کۆپیی واقیع ناکات، بەڵکو ئەو لە ڕێگەی شارەزاییەکی پەرتەوە، واتە لە چەندین کایەی جیاوازەوە توشی سەرسام بوون و ڕامانت ئەکا بەو بەریەککەوتن یان سەدمە ئیستاتیکییە.. بەمەش تەئویل یان هێرمۆنتیکا بنێغەی خۆی ڕەنگڕێژ ئەکا.
7_ ئێمە لە کاتێکی تردا باسی دەقی فرە ئاماژەو دەلالیی ئەکەین و ئەڵێین دەقی سەرکەوتوو ئەو دەقەیە کە زۆرترین ئاماژەی تیا بێت.. لە سەرێکی تریشەوە نوسەر و خوێنەر لە کێشەیەکی بەردەوامدان، لەبەر ئەوەی بەردەوام خوێنەر لە دەق نزیک ئەکەوێتەوە و ئەڕوانێتە ئەو هەموو بیرۆکە هونەری و ناهونەرییانەی شاعیر و بەدوای ئاسۆی وێناکردنی خۆیدا ئەگەڕێت و ئەیەوێت بیدۆزێتەوە و بە بەردەوامییش شاعیر تەکنیک و بیرۆکەی تازەی پێشکەش ئەکا.. بۆیە ناکرێت بە بیانووی فرە ئاماژەییەوە شاعیر بکەوێتە گەمەیەکی ژێر بە ژێرەوە لەگەڵ خوێنەردا و هەموو ئاسۆکـــانی لێ ون بکات و توشی شڵەژان و سەرلێشێواویی بکات.

ڕاهاتن لەگەڵ نوسیندا - ئاستی چوارەم –:

ئاستی وشیار بوونەوەیە، لێرەدا نوسەر هەندێک لێپرسراوێتیی زیاد ئەکات و لە بەردەمی وشەدا هەڵوێستە ئەکات و ئەیکاتە هۆیەک بۆ دەربڕینی هەڵوێست، هەڵوێست و بەرپرسیارێتی لە ئاستی وشەدا وەک "بوونگەراکان" ئەڵێن ئەرکی داهێنەرە، بەو شێوەیە لەم قۆناغەوە ئیتر وشە فڕێدان نامێنێ و نوسەر

حسابی جددی بۆ ئەکا.. ئەتوانین بڵێین بۆ گەیشتن بەم ئاستە خوێندنەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕۆڵی خۆی ئەگێڕێت و بە کورتی دەستپێکی سەرهەڵدانی فەلسەفەی خودە، دەستپێکی قاڵبوونەوەیە لە وشەدا، دەستپێکی گەیاندنی فیکرە بە شێوەیەکی تەندروست.. ئاستێکە تیایدا گەر نوسەر بتوانێ دەنگی بگەیەنێتە دەرەوە، زووتر ئەناسرێت و ئەبێ بە دەنگ، بە واتایەکی تر ئەتوانین بڵێین: ئەکرێت ئەم ئاستە بە سەرەتایەکی باش لە قەڵەم بدەین بۆ شیعر.

ئەم ئاستە لە ڕووی زەمەنیشەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئاستەکانی پێشوودا و ئەوانەی ئەمێننەوە بۆ ئەم ئاستە، ژمارەیان کەم ئەبێتەوە لەبەر ئەم چەند هۆیە:

1_ خولانەوە لە بازنەی ئاستی سێیەمدا جۆرە بێئومێدیەک ئەبەخشێتەوە، کە نوسەر وا هەست ئەکا دەرچوون لەم ئاستە بێهودەییە.. لەبەر ئەوەی لەو ئاستی سێیەدا نووسینەکەی ئەو ڕەواجەی نییە کە بایەخی پێبدرێ و بۆ گەیشتن بەم ئاستەش پشوو درێژی و حەوسەڵەی باشی ئەوێ.. ئەو بێهودەییە کاتێکی ئەوتۆ ئەخایەنێت، کە هەندێک کەس تێک بشکێنێ و دەستی لە نووسین پێهەڵگرێ.. ئەوی لە ژێر فشاری ئەم قۆناغ گواستنەوەیەدا دەربازی ئەبێت، کەمترن لەچاو ئەوانەی ئەگەڕێنەوە و پاشەکشێ ئەکەن.. هەر بۆیە لە تەمەنەکانی گەنجییدا کەسانێک هەڵئەکەون، کە ئەوانی خەمییان مانەوەیە بە "ئیفرازاتی مەرحەلە" ناویان ئەبەن.. بۆ نمونە لە

گەنجیی خۆمدا چەندین جار ئەم زاراوەیەم لە دەمی هونەرمەندی شێوەکار "خالید ڕەسوڵ" بیستووە.
2_ هەندێک بەهۆی دەرفەت بۆ ڕەخسانی ژیانەوە، یاخود دەرفەت لەدەستدانەوە، یان ڕێگرییەکی بەدەر لە ئیرادەوە، یان هەر هۆیەکی تر، ڕەنگە خەونی گەیشتنی هەبێت، بەڵام لە دەستی ئەچێت.
3_ بۆ پەی بردن و کەشف کردنی نهێنییەکانی شیعر _ کە زیاتر مومارەسەیەکی خودگەرایە، واتە پەیوەستە بە خودی شاعیر خۆیەوە_ خوێندنەوە و تەرکیز و سەلیقە و ڕامان و بەرێورد وخۆتەرخان کردن و کات و شارەزابوون-خبرە- ی پێویستە.. ئەوانەی بە بەردەوامیی ئامادەییان بۆ ئەم حاڵەتانە هەیە، ئەوانەن بۆ شیعر ئەژیین و هەڵبەت ژمارەشیان کەمترە لەوێنەی خۆیان بە شیعرەوە مەشغوڵ کردووە.
نووسینیش بە تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی داهێنەر بخوڵقێنێ، داهێنان واتە بەزاندن و تێپەڕاندنی ئاستەکانی پێشووتر، بە هیچ جۆرێک لە داهێناندا لاساکردنەوە و دووبارە بوونەوە و چوونەوە سەر بەڕەی کەسانی تر نییە، هەر بۆیە هەموو کەسێک ئەیەوێت تیایدا باڵادەست و تەنیا بێت، چونکە بەدەر لە داهێنان، بە هەر شتێکی تر لەوێنەی باسمان کردن، مرۆڤـــ ئەبێ بە کۆپیی کەسێکی تر و خۆی ئەسڕێتەوە.
چەندین نوسەری ناوداریش هەن لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، نە کۆپیی دەنگی ترن و نە توانیویانە داهێنەریش بن.. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوەکە ناتوانن سەدمەی ئیستاتیکی دروست بکەن، ڕاستە زۆریان نوسیوە و فێری گەمەی نووسین بوون و

ناوبانگیشیان بە هۆی نووسینەوە پەیدا کردووە، بەڵام بە بەردەوامیی لەم ئاستەدا ماونەتەوە.. واتە بە هەموو ئەو خەسڵەتە پۆزەتیفانەوە کە ئەم ئاستە هەیەتی، بەڵام بە هۆی خـــۆ نەدان لە جوێنکاریی داهێنانەوە، لەو سەدمە ئیستاتیکیەوە کە لە ڕێگەی دەقەوە بەر خوێنەر ئەکەوێت، نوسینەکانی بە کەمبایەخیی و فەرامۆشکراویی ئەمێنێتەوە.
لەم ئاستەوە ئیتر نوسین بە ئاسانیی بڵێوئەبێتەوە، بەڵام خەونی ئێمە تەنها بە بڵاوکردنەوە بەدی نایەت، بەڵکو هەر یەک لە ئێمە لە هەموو ئەو دەقانەدا کە ئەینوسین خەونی داهێنان و ئەدەب و خۆ نوێکردنەوەمان هەیە.. بەو واتایەی کە ئەمانەوێت دوا پلەکانی داهێنان بە دەست بهێنین، بۆیە خۆ قەتیس کردن لەم ئاستەدا خەونەکانمان ئەکا بە بڵقی سەر ئاو و وەک هەر نوسەرێکی بێئەسەری تر لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا ئەمێنینەوە.. ئەوەی پێویستە لەم ئاستەدا هەوڵی بۆ بدرێت گرنگییدانە بە مەسەلەی جوێنکاری و دروست کردنی ئەو سەدمەیەی باسی ئەکەین.
ئەگەر بڵێین ئامانجی هەر کارێکی هونەری وەک شیعر بۆ نموونە بەدیهێنانی ئیستاتیکایە، ئەو کاتە ڕەنگە کەسانێک بە "فۆرمالیستمان" ناوببەن، هەرچەندە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەوە، ئەم جۆرە پۆلینکردنانە بەسەرچوون.. زانستی جوێنیی"ئیستاتیکا"ی هاوچەرخ، گرنگیی بە کاری هونەریی ئەدا و بەو ژینگەیەی ئەزانێ کە پێویستی بە بایەخ پێدانە.. هەروەک هەستکردن بە جوێنییش بە تەواوەتیی تاکگەرایە، کەواتە بۆ بەدەست هێنانی ئەم

لایەنە گرنگە خودی داهێنەر خۆی سەربەستە لە چۆنێتیی خوڵقاندن و پێشکەش کردنی ماددە یان دەقەکەی.. لەم هاوکێشەیەوە ئەگەینە ئەوەی کە ڕۆڵی خوێنەر دیاری بکەین لە دەقدا، بەوەی کە لایەنی بەرێمبەرە بۆ وەرگـــرتنی داهێنان و ئەو کار یان دەقەکە بە کردەیەکی نەستیی یان لاشعوریی ڕیزبەند ئەکاتەوە لە میانەی وێناکردنەوە بە ئاستێکی بەرز.

زانا هاوچەرخەکانی ئیستاتیکا کۆکن لە سەر ئەوەی کە هەردوو هەستی بیستن و بینین لە سەروو هەستەکانی تری مرۆڤەوەن لە وەرگرتنی هەرجۆرە کارێکی هونەریدا، بۆیە کە شیعرێک لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە یان خوێندنەوەوە پێشکەشی وەرگر ئەکرێت، ئەبێت مەودا دەروونیەکان ڕەچاو بکرێت.. مەبەستمان لە مەودا دەروونیەکان: ئەو کارە هونەرییانەن بۆ نموونە وەک شیعر، کە ئەکرێت بە هۆی سروشتی شوێنی خۆیەوە لە گوێگرتندا مەودای خۆی و وەرگری کەم بکاتەوە، ڕوونتر بڵێین: ئەکرێت بە خوێندنەوە یان بە نووسین تۆ بتوانی شیعرێک پێشکەش بکەیت.. لە کاتێکدا ناتوانی لە ناو هەناسەی هەمان شیعردا تێکەڵیەک لەگەڵ هونەرەکانی تردا بکەیت، ئەگەر زۆر ورد نەبیت تیایدا.. بۆ پاراستنی ئیستاتیکای دەقی خۆی، شاعیر پێویستە بە وردیی ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات، چونکە لەم حاڵەتەدا شاعیر ئەو ماوە دەروونیە بۆ هوشیاری و خـەیاڵی وەرگرەکەی خۆی جێئەهێڵێ تا ئەویش دووبارە خۆی لەگەڵ شارەزایی خۆیدا بەرهەمی بهێنێتەوە.. یەکێک لەو نوسەرانەی کە

بایەخ بە وەرگر ئەدەن پێی وایە کاری داهێنەر هیچی زیاتر نییە لە کاری وەرگر"رومان ئینگاردن".
کەواتە کارکردنی داهێنەر بۆ بەرکەوتنی ئەو سەدمەی جوێنییەیە کە ئەیەوێت بەر خوێنەری بکەوێت، ئەگەر ئەمەش ڕووی نەدا، بە مانای ئەوەی کارەکە نەگەیشتووەتە شوێنی خۆی.. ئێستە نموونەی یەکێک لەو دەقانە ئەهێنمەوە کە گەیشتوونەتە من و هەم لەم ئاستی چوارەمەدان و هەم لەگەڵ تەواویی بۆچوونەکانی پێشوومان‌دا یەک ئەگرنەوە:

1_ وەرن با لە تەنافی جاڵجاڵۆکە
سەبەتەیەک بچنین و
پڕی کەین لە میوەی ئەو ڕەزانەی
تامی پێکەنینیان تیا ماوە..
با لەو بن سێبەرێنە دانیشین
کە بۆنی جۆگەی ئاو و
گەڵای ڕزیوی پاریان لێدێ.
×××××××××××××××××
2_ لەو گەواڵە هەورانە مەترسن
کە فەرشآ لە گەڵای ئاڵتوونیی
ئەدەن بە شان و پۆی شێداری ئەو کەژانەدا.
با فێر بین..
چۆن لە خەڵوەتی بێدەنگییا
دێڕی ئەو پەڕە سپییانە بخوێنینەوە
کە بە هەناسەی ساردی سەدەکان شۆرانەوە.

ئەم دەقەی کە بە ناونیشانی "تەناف" نووسراوە، ئەتوانین بڵێین دەقێکی جوێنە و گەر سەر لەبەری دەقەکە بەم هەناسەیە بنوسرایە، زۆر بە ئاسانی لە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا وەک دەقێکی باش بڵێوئەکرێیەوە.. بەڵام ئەم شیعرە ئەو بارگاویی بوونە ئیستاتیکییەی کەمە کە باسمان کرد، بەواتایەکی تر کەس تووشی داچڵەکین و سەرسام بوون و ئەو ڕاکێشانە حسییە ناکا کە پێویستە.

ڕەنگە ئەگەر وەک ڕەخنەگر دەربارەی ئەم دەقە بنووسم، باسی کیمیای وێنە بکەم.. کیمیای وێنە مەبەستم لە پێکهاتەی کیمیایی وێنەکەیە..بۆ نموونە ئەگەر بزانین لە ڕەزدا تەنها ترێ هەیە و لە دەقەکەدا مەبەست لە چەند جۆرێکی میوەیە، ئەوکات ئەبینین ئەم وێنەیە کورتی هێناوە.. یان کۆپلەی دووەم وتار ئامێزەو لە دێڕی سێیەمدا نەبێت ئیتر شیعرییەتی تێدا نییە یان کەمترەو ڕەقییەکی تێدا ئەبینرێتەوە.. بەڵام خۆ ئەمانە هیچیان نەبوون بە مایەی ئەوەی ئەم دوو کۆپلەیە لە شیعرێتیی بخەن، وەک وتمان نەپارستنی ئەو جوێنییە شاراوەیەیە کە دەقەکە ئەیخوازێت و خوێنەر تیایدا نایبینێتەوە.

زەحمەتی ئەم ئاستە لەوەدایە تا دەست بە نووسین ڕائەهێنرێ، زۆرێکن لەو نوسەرانەی تەنها بۆ هەناسەیەک ئەم ئاستە جێئەهێڵن و پاشان دێنەوە ناوی و نغرۆ ئەبنەوە تیایدا.. لەم ئاستەدا میزاجی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی ڕۆڵی گرنگ ئەبینێ، بە تایبەت دامودەزگا و گروپە ڕۆشنبیرییەکان، چۆن؟

دەنگەکانی ئەم ئاستە ئەگەر بە جددی لێیان ورد ببینەوە، لە پێکهاتن و داڕشتن و دەرپڕین ودەسەڵاتشکان بەسەر زماندا، چوون یەک و هاو هەناسەن، وردتر بڵێین: هیچیان لەوی دی پێشڕەوتر و داهێنەرتر نییە چونکە ئەم ئاستە خۆی بواری داهێنانی گەورەی تیا نییە، هەروەک ئێمە ئەڵێین ئاست، کەواتە خۆی پێناسەی شوێنەکەی ئەکات.. بەڵام لای ئەو دامودەزگا و گروپانەی باسمان کردن هەندێکیان بەخاتری موجامەلە و هەندێکی تریان بە خزمایەتی و ڕەنگە خاتری تریشی تێبکەوێ، زۆر لە پێشتر تەماشا ئەکرێن و تیشکی زیاتریان ئەکەوێتە سەر و ئیتر ئەوانیش گیرۆدە ئەبن بە ئاستەکەی خۆیانەوە و ناتوانن لێی داپڕێن، لەبەر ئەوەی ئەبێتە هۆکاری ئاوڕلێدێنەوەیان.. ئەم باسەم بۆ ئەوەیە ئەوی ئەیەوێت داهێنەری ڕاستەقینە بێت گوێ لەم جۆرە ئاوڕ لێدێنەوە موزەییەفانە نەگرێت، چاو لەو دەست بە پشتدا کێشانە بپۆشێت و هەنگاوی خۆی بنێت، چونکە قەتیس بوون لەم قۆناغ و ئاستەدا، کپ بوونی بەدوادا دێت و دواتریش بیر چوونەوە.. ڕەنگە زۆر بن ئەوانەی کە دواتر ئێوە ئەیانبیننەوە لە ئاستی ئێوە لە خوارترن و ڕۆژانەش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەسەر ئەکرێنەوە و بە بەربڵێویی بڵێوئەکەنەوە، بەڵام ئەزمونەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەوی خەمی داهێنانیەتی داهاتووی لە پێشترە، بە تایبەت کە هەموو ئەزانین کەسێک نییە بتوانێ کاری خراپ بە شاکار لە قەڵەم بدات و کەسیش تەزکییەی داهێنان ناکا.

کەشفکردنی نهێنیی نوسین - ئاستی پێنجەم- :

وشـە هێز و توانایەکی تێدایە کە ئەتوانێ ئەوە بەدی بهێنێ کە هەندێک جار لە فیکر یاخی ئەبێت.. ئەفسون – سحر- ی وشـە، شـتێکی نوێ نییە بە لانی مرۆڤایەتییەوە.. پیاوانی ئایینی دەمێکە ئەم بایەخەیان زانییوە و لە سروتی ئاینیی زەردەشتی و مەسیحی و ئیسلامیدا بە هۆی دەنگەوە کاریگەرێتیەکەی دروست ئەکەن، بەڵام لای شاعیری نوێگەر توانای وشـە لە ڕێگەی وتنەوە یان ئەدا کردنییەوە بەهاکەی دەرناکەوآ، هەروەک پۆل ڕیکۆر ئەڵێ: لە زماندا وشـە خۆی ڕۆڵی هەیە ئەگینا ئەو دەنگەی کە وشـەکە فڕآ ئەدات و وەرگرەکەی لای خۆی دەلالاتی لێک ئەداتەوە، چ بایەخێکی ئەوتۆی لە زماننـاسـیدا نییە.. شـاعیری نوێگەریش ئەیەوێت لە ڕێگەی گوڕ و توانای وشـە خۆیەوە کاریگەرێتییەکانی دەربخات، بۆیە گرنگییدان بە وشـە و کارکردن بە لێپرسـراوێتییەوە لە ئاسـتیدا کاریگەرێتیی دەق ئەخاتە ڕوو.

لەبەر ئەوەی هیچ ڕێسایەک نییە بۆ چێژ وەرگرتن و چەمک – مفهوم- ی چێژ وەرگرتن خۆی لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە عەقڵ و ویژدان و ئەو توانا خۆڕسکەی لە مرۆڤدایە، هەر وەک تەواویش نەچۆتە بازنەی چالاکییە عەقڵییەکانەوە، لەبەر ئەوە حوکمدان بەسـەر جوێنیی لە دەقدا بە چاک و خراپ، ڕەنگە سـەد دەر سـەد لەجێی خۆیدا نەبێت، ئەگەر چێژ وەرگرتن بکەینە پێوانەی جیاکردنەوەی دەقی چاک و خراپ لە یەکتر، چونکە ئەو کات تەکنیکیش ئەبێتەوە بەشێک لە

چێژ.. بەڵام لە ئێستادا دەقی باش و خراپ بە پێی بونیادی دەق و زانستی ئاماژە – سیمۆلۆژیا- وە ئەکرێت جیابکرێنەوە، بەوەی کە هەر دەقێک فرە ئاماژەو دەلالیی بێت دەقی سەرکەوتووە و ئەو دەقەیش کە هیچ زانیارییەکی تێدا نەبێت، یان لاواز بێت لە ئاماژەدا ئەوە دەقێکی شکست خواردووە.

شارەزایی پێویست لە تەکنیک و دەسەڵاتشکان بەسەر چۆنێتیی لێکگرێدانی وشەکان و پاشان ئەفراندنی وێنە و پێشکەش کردنی دەقی سەرکەوتوو، مۆرکی ئەم ئاستەیە.. لەم ئاستەدا خوێنەر ئەتوانێ بە ئاسانیی داهێنان ببینێتەوە، بە شێوەیەک ئەو دەقانەی لەم ئاستەدا نوسراون ڕاستەوخۆ خوێنەر ڕائەکێشێت و شعورێکی لا دروست ئەکا پاڵی پێوە بنێ ڕووە و تێڕامان و بیرکردنەوە.. ئەتوانین بڵێین ئەو دەقانەی بە زمانێک ئەنوسرێت کە خوێنەر شارەزایی لە ڕۆشنبیرییەکەیدا هەبێت و لە سەردەمێکی دیاریکراودا ڕەنگە گرفت – اشکال- ی چێژ وەرگرتنیش کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوە "بە مانایەکی بەرتەسک" ئەو دەقە سەرکەوتووانەی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەن" هەندێکی نەبێت کە بە – خاترانە – قوت ئەکرێنەوە" ئەوانەن کە زۆرترینمان کۆکین لەسەر ناسینیان بە داهێنان و ڕێی ڕەخنەگری جددیشیان لەسەر کۆبۆتەوە.

ئەمەوێت چەند نموونەیەک لە شیعری ئەو لاوانە بهێنمەوە کە خۆیان و لای زۆرترین شیعرناس، ئاستی خۆیان دیاری ئەکەن.. لەبەر ئەوەی لە هەر ئاستێکدا و نموونەم پێشکەش کردووە، بۆیە ئەو دەقانەی لێرەدا و

بە بێ ناوهێنانی شاعیرەکانیان نابێتە بانگەشە کردن بۆ ئەو دەنگانە، یان دەست بەپشتدا کێشان و خاترگرتن.
دەنگی ئەم گەنجانەی کە وەک دەنگی نەوەیەکی تر لە شیعردا دەرئەکەون، هەندێ‌کیان لە هەوڵی ئەوەدان لە دەرەوەی بازنەی شیعریی ئێستاوە کار بکەن، ئەم حاڵەتە هەرچەندە دەگمەنە بەڵام جێی سەرنجدانە کە جاروبار لە وێنەیەکدا دەرچوونی تەواوم بەدی کردووە لەو بازنە نیمچە نەزۆکەی کە شیعری کوردی ی گرتۆتەوە لە ئێستادا، مەبەستم لە بازنەی شیعر نوسین: ئەو دەقانەیە کە شێواز و بونیادیان نزیکن لە یەکەوە و خەریکە شێوازیی کلێشەیی وەرئەگرێت.. بەڵام ڕەنگە لە ئێستادا کەمێک بەرتەسک تر بووبێتەوە بە تایبەت کە دەنگی نوێی ئەم دواییە هیچ بوارێکی بۆ تێپەڕاندن تێدا نییە و ڕەنگە زۆرترین ڕا لە دەوری ئەوە کۆبێتەوە کە لە دەربڕین و موفرەدات و داڕشتن و پێکهاتەی وێنەیی و زمانەوانی و ئیستاتیکا و زانستی مۆرفۆلۆجی و بە گشتیی لە تۆبۆگرافیای دەقدا هاو شێوەن.

بمبەخشە ئەی فڕین
ساتێک
لە پەنجەرەی باوێشکە درۆزنەکانی
تەنیاییەوە
ئەچمەهێلانەی شەوقە ڕەنگاڵەییەکان.
بە چەخماخەی هەناسەیەکدا
سەر ئەکەوم
تا بە گرمەی یادێکەوە بفڕم
ئومێدە پەرتەوازەکانی ئاسمانی شار

ئەخزێنمە بنباڵ و
لەسەر
تەنافی پەیمانە بێخاوەنەکان
ئەنیشمەوە.

ئەم هەناسەیە، گەر بەرێوردی بکەین بە دەنگێکی خاوەن ئەزمون، ڕەنگە بە یەکێک لە هەوڵە جوێنەکانی ببینینەوە، بەڵام بۆ کەسێک و لە هەوڵە سەرەتـــــاکانی دا بێت جێی هەڵوێستە کردنە و ئەبێ بزانین تێڕامانی نەوەی نوێ چی بەرهەم ئەهێنێ.؟

لە تیۆر- نظریە –ی وەسفییدا تێبینیی کردن بە شێوەیەکی گشتییە لە ئاستی ڕووداو و شتەکان، بەڵام تیۆری بونیادی شیعریی بەردەوام گرنگیی ئەدا بە ناسینەوەی دیاردەو شتەکان لە شوێنی خۆیاندا و پێی وایە هەر دیاردەیەکی بینراو لە ئاوێتەیەکدا لە تەنها پێکهێنەرێکی ئەو ئاوێتەیە زیاتر نییە.. بۆ نموونە: کاتێک منداڵێک داوای شتێک ئەکات و بۆی ئەگری لە دیمەنێکی گشتییدا جیاوازە لەو دیمەنە گشتییەی کە کۆمەڵێک مناڵ لە ژووری برینپێچێکدا بۆ کوتانی مناڵ چاوەڕوانی دەرزی لێدێنن یان لێیان دراوە.. واتە لە دیمەنی یەکەمدا و بە پێی تیۆری بونیادی شیعریی سەرنج ئەچێتە سەر شوێنی گریانی مناڵەکە و لێکدانەوەی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە بووە بە هۆی گریانەکە، بەڵام لە دیمەنی دووەمدا شوێنی مناڵەکە پاساوی گریانەکەی ئەداتەوە و تێئەگەین بۆ مەبەستێکی تەندروستییە و گەر زۆر لێی بکۆڵینەوە، بە دیارییکراویی مەبەستی کوتانەکەش

ئەزانین.. بەڵام لە تیۆری وەسفیدا بەشێوەیەکی گشتیی ئەڕوانرێتە گریانی مناڵەکە بە تەنها لە هەردوو دیمەنەکەدا.

گەر سەرنج بدەینە ئەو پۆستەرە شیعرەی نموونەی ئەم ئاستە و بەرێوردی بکەین بە نموونەکەی ئاستی یەکەم، ئەبینین پاڵنەرەکانی هەردوو نموونەکە یەکن و دەلالەت لە جێهێشتن ئەکەن.. بەڵام لە نموونەی یەکەمدا سادەیی دەربڕین وایکردووە دالەکانی خێرا خۆ بە دەستەوە بدەن و تاک واتابێ، کەچی لە نموونەی دووەمداجڵەوی خەیاڵ شلکراوە و دەستەواژەی فرەواتا و وێنەی پێکهێنراویی ئیستاتیکی و نوێگەریی ئەبینینەوە.. نوێگەریی بە چ مانایەک؟

پۆستەرەکە خۆی بریتییە لە چەند وێنەیەکی ئاوێتە بە شێوەیەک ئەتوانرێ جیابکرێنەوە، هەرچەندە ئەکرێ وێنەکە کورتتر بێت و بەو شێوەیە نەچوایەتە وردەکارییەکانی بابەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە زمان و داڕشتن هەوڵی چڕ کردنەوەی داوە گەرچی سەد دەر سەد نەیپێکاوە.. هەر بە دەست پێکردنی پۆستەرەکە: بمبەخشە.. ئەی فڕین !

ئەو نوێکردنەوە شیعرییە ئەبینین، کە پێشتر جەمال غەمباری شاعیر سەر دەقی شکاند و لە چەند دەقێکی نوێیدا گۆڕانێکی لە ڕووی بونیادەوە بەسەر شیعردا هێنا، کە من تەنها لە دەقەکانی شکسپیردا بینیومەتەوە، ئەویش گۆڕینی بە مرۆڤکردنی شتەکان بوو بۆ بە مرۆڤکردنی ڕووداو و کردار.. داوای بەخشین لە کرداری فڕین بۆخۆی شوێن پآ هەڵگرتنێکی نوێیە و هەناسە بەخشینەوەیە بۆ شیعر، لە کاتێکدا کە حاڵەتی یەکەم

بووە بە یەکێک لە سەرەتا ئاساییەکانی دەست پێکردنی شیعری ئێستەو لە دواییشدا لەسەر ئەو کۆشش و داهێنانەی کەسانی دی، چەند کەسێک لە پڕێ ئەبن بە کوڕێ.

ئەم حاڵەتە وایکردووە کە ئاستەکان تێکەڵ ببن و کاریگەرێتییەکی زۆر توندیشی کردۆتە سەر ڕەخنەی کوردی کە ناتوانێ بە شێوەیەکی تەندروست و زانستی، پێوەرە ڕەخنەییەکانی بەکار بهێنێ و ئاستەکان بگێڕێتەوە جێی ڕاستەقینەی خۆی.. بۆیە لێرەدا ئەم باسەم وروژاند، تا ئەو گەنجە بەڕێزانەی کە خەم و چالاکییان شیعرە، لە کڵێشەی ئامادە دوور بکەونەوە و هەوڵی داهێنانی ڕاستەقینەیان هەبێت، لە هەوڵی پێکهێنانی وێنەی نوێی تازەخولڵقێنراو و زمان و دەربڕینی جیاوازدا بن جیاواز لە هەموو ئەوانی پێش خۆیان، نەک بەرهەمهێنان لەسەر هەوڵ و داهێنانی کەسانی تر، یان لاساکردنەوەی بونیادی دەقەکانی پێش خۆیان.. دەقە جوێنەکانی پێشوو دەقی گەورەن و ڕێزی پێشڕەوێتیی سەردەمی خۆیان لێئەگرین، هەمیشە ئەوی فێری ئەبین لەو سەرچاوە گرنگانەوە فێریان ئەبین کە لە سەردەمی خۆیاندا پارێزەری زمان و بوونی نەتەوە و کولتورن، ئەو داهێنەرانە هەمیشە مامۆستای فێرکردنی نەوەکانن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئیتر دەست لە تێڕامان و بیرکردنەوە و خەیاڵ هەڵگیرێ و ئەوان بە هەناسە و زمان و داڕشتن و بونیادیانەوە کۆپی بکرێنەوە.. بواری هونەریی جا لە هەر بەشێکیدا بێت کەسی تەممەڵ و نەفەس کورت ناگرێتەخۆ و ئەیخاتە پەراوێزی خۆیەوە.

ئەم نموونەیەی تر لە شیعری کچێکی ناوەندییەوە وەرئەگرم، کە تا ئێستە بە تەواویی ڕێچکەی پەیبردنی نەدۆزیوەتەوە بە داڕشتنی خۆی، بەڵام لە شیعرەکانیدا هەمیشە دەرچوونی نامەئلوف و وێنەی ئەوتۆ ئەبینرێتەوە کە جێی سەرسوڕمانە:

نەمانتوانی گۆرانی ژیان
لە ژوورەکانی مردنا بڵێین.
....................
نەمانتوانی لە چاوی بۆیەکبووندا
ماچی لێوی یەکتر بکەین
کە ماچ بوونی خۆی دابوو لە لێومان.

جێی سەرنجە هەموو ئەزموونی ئەم گەنجانە یەک ئیحساسە، بەڵام لە دەرپڕین و شیعردا هەناسەی جیاوازن.. لە وێنەی یەکەمدا، بە زمانێکی قووڵ لە ژین و مردنی ئەزموونەکەی ئەدوێ، قسەکردنێک لە فەلسەفەوە نزیکترە وەک لە وەسف، بەڵام لە ئێستەیدا شۆڕبوونەوە و گەڕانە بە شوێن نهێنییەکانی شیعردا، دوورکەوتنەوەیە لەو شێوە داڕشتنەی کە تەمەنی خۆی چاوساغیی ئەکا، بە تایبەت کە لە وێنەی دووەمیشدا هەر لە شێوەی ئاسایی پێشکەشکردن دوور کەوتووەتەوە.

ئەو کێشەیە –صراع= ەی کە لێرەدا کراوە بە شیعر، هەمان ئەو گرفت – اشکال -ەیە کە زوربەی گەنجان لە گەڵیدا ئەژین، گەر زۆر زیادەڕۆیی نەکەم ئەڵێم: زۆرینەی ئەو نوسراوانەی ئەخوێنرێنەوە، سستییەکیان تیا ئەبینم

لە پێشکەش کردنی گرفتەکەیاندا، ئەوە ئەگێڕمەوە بۆ کەمئەزموونیی.. ئەگەر وەک هەوڵدانیان بۆ نوێگەریی لە نوسیندا بە هەمان شێوە کاریان لە شێوازی پێشکەش کردنی گرفتیشیاندا بکردایە، گومانم لەوە نەئەما کە دەقی زۆر سەرکەوتووتریش بەرهەم ئەهێنرێ.

لەم نموونەیەی تردا پەیوەندیی نێوان شتەکان، پەیوەندییەکی نوێ نییە بە قەدەر ئەوەی پەیوەندییەکی مەئلوفی دەنگی نەوەی پێش خۆیەتی.. بەڵام ئەم وێنانە لە ڕووی دەربڕینەوە تازە چنراوە بە هەناسەی قاڵبێکی پێشتر.. ڕەنگە دەقەکانی نەوەی پێش ئەم دەقە، کەم دەقی تیا بێت کە بتوانێ هەڵگری ئەم سەدمە ئیستاتیکییە بێت، ئەم شاعیرەش گەر سەر بە نەوەی دوایی نەوەدەکان و سەرەتاکانی دوو هەزار بێت، ئەوا یەکێک ئەبوو لە دەنگە باشەکانی ئەو کۆ دەنگی نەوەیە.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سەر بە نەوەی دوای ئەوانە، لەگەڵ ئەو شۆڕبوونەوە قوڵەشدا بە ناو فرە واتایی و ئیستاتیکاو پێکهێنانی وێنەی نوێدا، هەر چاوەڕوانی تەکنیکی تازەتر و پەیوەندیی هەستیی تازەتری لێئەکرێ، شیعر لەسەر دەستی ئەم نەوەیە نوێبوونەوە و گوڕی خێراتر و هەناسەی جیاواز و فۆرمێکی نوێی ئەوآ:

من لە پێکەنینی هەرمێ و
قاقای دەنکە تویەکی هەرەمی مناڵی ئەچم ؛
بۆیە دانیشتنم بەدیار دیوارەکانی ئاوەوە
سەوز ئەبێت و
جار نا جارێک خۆم ئەگرمە قەدی ئەو پیاوە ئەرخەوانییە

کە ئەشزانم لەجێی میوەو تۆوی عەشق
بەردی گومانی لێئەبێرێت.
من شەرمنترین باخچەو.. تەزیوترین ڕێگام !
نە تۆ ئەمگەیتیّ و
نە من پێت ئەگەم.

ئەم دەقە لە ئاست دەقی ئێستای شیعری کوردیدا چ گرفتێکی نییەو یەکێکیشە لە دەقە جوێنەکان و وەک داهێنانیش لەو ڕووکەشەدا کە ئێستە بە داهێنان ئەبینرێتەوە و لە ڕاستیشدا شتێک نییە لە دەرەوەی دروستکردنی وێنەی نویّ لە هەمان سکێچیی پێشوودا، واتە لەسەر هەمان بونیاد و دەلالات و پەیوەندی و داڕشتنەوە.. ئەوا ئەم دەقەش هەر لە ڕیزی ئەوانی تردایە.

ئەوەی لە نەوەی نوێی شیعریی ئەخوازریّ شتێکی ترەو کار کردنە لە دەرەوەی ئەم قاڵبگیرییە.

داهێنان- ئاستی شەشەم - :

بەر لەوەی لوتکە دەست بەریّ
بۆ ئەوەی پۆپنەی گزنگیّ
لە نێوان دووکەڵدا بگریّ
" ش.ب" – ئێوە بە خۆشەویستیم
ئەسپێرن –عومەری خاوەر-
تەواو هەر بە وێنەی قەتیّ
تا وشەم نەجوڵێتەوە
لە خاکی جویّ ناکەیتەوە.
"ش.ب" – بۆننامە-

لەم دوو وێنە بینراوەدا بواری گەڕان بە ناو خەیاڵدا زۆر بەر فراوانە، ئەو لێکچوونەی لە وێنەیەکی هەستییدا ئەکرێت زۆر بە ئاسانتر شاعیر گەشتی بە شوێن واتاو ئیستاتیکاو گرێچنیی و تەکنیکدا پێبکا، بەڵام بۆ وێنەیەکی بینراوی ئەبستراکت – مجرد- کردنی بە شیعر توانای حسی ئیستاتیکی و سەلیقە و وردەکاریی پێویستە، ئەو توانایەیە کە پێی ئەوترێ داهێنان.. تۆ چۆن ئەتوانی لە وێنەیەکی بینراودا کارێکی هەڵوەشاندنەگەریی بکەیت، وێنەکەی بەردەستت دابەش بکەیت بە چەند بەشێکەوە و دواتر وەک وێنەی یەکەم بە شێوازێکی تر پێکیانەوە گرآ بدەیتەوە و وێنەیەکی ئیستاتیکیی لێ بەرهەم بهێنیتەوە.

یاخود لە وێنەی دووەمدا دوو وێنەی ئەبستراکت و مەئلوف و سادەش لە هەمانکاتدا، وەک وێنەی ڕەنگی خاکێتیی قەتێ و جوڵانەوەی و جیاکردنەوەی لەخاک، وێنەی جوڵانەوەی وشەو درەوشانەوە و جیاکردنەوەی لە وشەی کەسانی تر و دواتر لە پێکچواندن و یەکگرتنەوەی ئەم دوو وێنەیەدا، وێنەیەکی نوێی نامەئلوفی لێئەخوڵقێنێ کە تەواو پاڵپشتی ئەو درەوشانەوەی وشەیەی بکات، واتە شتێک ئەڵێ کە بە خەیاڵی کەسێکی تردا نایەت.. ئەوەی کە تۆ ئەیڵێیت و کەسێکی تر ناتوانێت هەناسەی تۆ دووبارە بکاتەوە، ئەوە دەنگ و ستایلی تایبەتی تۆیە و ئەو داهێنانەش لە هەموو جێیەکدا هەر بە ناوی خۆتەوە ئەناسرێتەوە.

لە ڕووبەری شیعری کوردیدا نموونەی لەم شێوەیەمان هەن، بەڵام ئەوانەی سەد دەر سەد لەم ئاستەدان

ڕەنگە کەمترین ڕێژە بێت لە چاو ئاستەکانی تردا.. خۆ سەغڵتکردن بە ڕستەو دەستەواژەکانەوە، یان دروستکردنی مەتەڵ لە وێنەیەکدا، یان ئاڵۆزکردنی بە مەبەست لە لێکچواندنێکدا، یاخود ڕیز کردنی کۆمەڵێک ئاوەڵگوزارەو فرێز- مچاف، مچاف الیە – بۆ بیناکردنی وێنەیەک، یان دوای مۆدێل کەوتن بۆ نوسین، ئەمانە هەموو کەمکردنەوەن لە کردەی داهێنان و دوورکەوتنەوەن لێی.

داهێنان هیچ پێوەرێکی نییە و کەسێک ناتوانێ سنوورەکانی دیاری بکا، هەرچییەک کە نوسەران و ڕەخنەگران دەربارەی شیعر ئەیڵێن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاستەیە، لە یەکێک لە واتا فەلسەفییەکانیدا داهێنان و سەربەستیی، هاوواتای یەکن، بەو مانایەی کە داهێنان کردارەو، سەربەستیش هەڵوێستێکی عەقڵیی نییە بەڵکو ئەویش کردارە و هەردووکیان لە ئیمکانەوە دێنە بوونەوە.. کەواتە هاوبەشێتییەکەیان بە مانای وشە فەلسەفییە.

دیسانەوە داهێنانیش پێویستیی بە شارەزایی –خبرە- ی تەواوی ئیستاتیکا هەیە لای وەرگر –خوێنەر -، بەو پێیەی کە زانا ئیستاتیکییە هاوچەرخەکان گرنگیی بە و شارەزاییە ئیستاتیکییە ئەدەن لای وەرگر و پێیان وایە شارەزایی وەرگر هیچێکی وای لە شارەزایی داهێنەر کەمتر نییە.. لێرەدا مەسەلەی ئاستەکانی وەرگریش دێتەوە ئاراو ئەرکی ڕەخنەگران کە لە ئاستی هاو شێوەی دەقدان سەر لە نوێ بیناکردنەوەی دەقەو وەزیفەشی ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەیە.

ئەو سەربەستییە داهێنەر خۆی ئەتوانێ بیبینێتەوە و بە چ شێوازێک دەقەکەی ئەگەیەنێتە وەرگرێنی.. بۆیە هەر جۆرە قسەکردنێک لەم ئاستەدا سنووربەندییە و خزمەتی بیر و بۆچوونی داهێنەر ناکات.. ئەوەی کە لێرەدا وەک تێبینییەک بۆ ئەو لاوانە تۆماری ئەکەم، تەنها ئەوەندەیە کە دوور بکەونەوە لە پێشکەشکردنی فیکری فەلسەفیی بە زمانی فەلسەفە و ئەوەیان لە بیر بآ کە ئەوان شیعر ئەنوسن، بۆیە هەر تەرحێکیان هەیە پێویستە بە زمانی شیعر بنوسرێتەوە.. هەروەک بەکارهێنانی ناوی مێژوویی یان کەسایەتییەک کە بە وەرگر نامۆ بێت و بەڕێژەیەکی زۆریش بەکارهاتبێ، ئەوکات شیعرەکە فەرهەنگێکیشی ئەوێت تا ببێتە ڕێبەری خوێنەر، ئەمەش جارێکی تر زیانێکی گەورە بە شیعر ئەگەیەنێت و لە شیعرییەتی ئەخات و چیژێک ناهێڵێتەوە بۆ وەرگر تا بەری بکەوێ، بەڵکو ئەبێت بە فەرهەنگۆکەی ئەو ناوانەی کە بەکاریان ئەهێنێ، ئەوەش بزانرێ کە شیعری سەرکەوتوو ئەو شیعرەیە فیکرە ئەگوێزێتەوە نەک ناو.. دیسانەوە ئەو ڕاستییە باس ئەکەینەوە، کە سوود وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە بونیادی دەق و بونیادی فۆرمی هەر کەسێکی تر بە مەبەستی تێپەڕاندن بەسەر وەرگردا، ڕەنگە ماوەکەی کورت بێت و لەگەڵ ئاشکرا بوونیدا سەرلەبەریی دەقەکانی تریش بسڕێتەوە، ئەوەش بزانن دزیی ئەدەبیی بە هەر سێ جۆرەکەیەوە " دزیی وشە و دەستەواژەو ڕستە، دزیی بیرۆکەو دەسکاریی کردن، دزییەک کە لە ڕووی بونیادەوە لێک بچن "بە خیانەتی

ئەدەبیی لە قەڵەم ئەدرێ،  تکایە زۆر بە وردیی ئاگاداری ئەم خاڵە بن.

بە کورتیی تەکلیف لە خۆکردن و دانیشتن بە مەبەستی نوسین و سەپاندنی بیروڕا بە زۆر و گواستنەوەی هەناسەی کەسانی تر بۆ ناو دەقی خۆ، شتێک ناهێڵێتەوە بۆ شیعر و خاڵیی ئەکاتەوە لە داهێنان.

بەشی دووەم

## ئەو تایبەتمەندێتییانەی کە پێویستە شاعیر لە بەر چاوی بگرێت

ئەو تایبەتمەندێتییانەی کە ئاسۆکانی شیعر پێویستییەتی، ڕەنگە لەگەڵ مێژووی خۆیدا هێنابێتی، ئەو سروتەی کە شیعر پێویستیی پێیەتی و هەر داهێنەرێک مەبەستییەتی لەگەڵ گیانی سەردەمەکەی خۆیدا بیگونجێنێت، ئەوەیە وا ئەکات کە هەمیشە داوای نوێکردنەوە و گیان بەبەرداکردنەوەی بکات.. کاتێک کە شیعر لە دۆخێکیدا چەق ئەبەستێت و لە خولگەیەکدا ئەخولێتەوە، ئیتر ئەوانەی کە خەمی شیعرییان هەیە هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەن و لە ئەزموونی خۆیان ئەدوێن.. ئەو دێڕە شیعرەی نالیش کە ئەڵێت - شیعری خەڵکیی کەی ئەگاتە شیعری من و چەندین نموونەی شاعیرانی تری کلاسیکی لەو بابەتانە- هەر لەو تواناى داهێنانەوەیە کە لە خۆیاندا ئەیبینن و بە دەقی ئەوانی تر هێور نابنەوە و ئەو بەرجەستە کردنی سروتە و بەو ئیستاتیکایەوە تەنها لای خۆیان بەدیی ئەکەن.

شاعیری چینیی " لۆ – جی " "261 -303" و سیکۆنگ تو"837 -908" پێش چەندین سەدە تێبینیی و ڕێنمایی ئەوتۆیان لەسەر شیعر پێشکەش کردووە، کە تا ئێستەش شاعیرانی جیهان سود لەو شێواز و تێبینییە جۆراو جۆرانە وەرئەگرن، بۆ نموونە دوو شاعیری ئەمریکی وەک"گاری شنایدەر، هاوەرد نیمرۆف" ئەوان کاریگەرێتیی ڕاستەوخۆیان لە سەریان هەبووە، بە

شێوەیەک کە شنایدەر ئەڵێ: لۆ-جی ئەو توانایە ئەبەخشێ بە هەموو نەوەیەک کە سەرلەنوێ ڕۆشنبیریی خۆیان داپڕێژنەوە.

لەم بەشەدا هەوڵمداوە سوود لەو سەرچاوە جۆراوجۆرانە وەربگرم کە لەگەڵ بابەتەکەی ئێمەدا پێک ئەگەنەوە، سەرباری ئەو تێبینییانەی کە ئەزموونی خۆم لە شیعر و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لای گەڵاڵە کردووم.. بابەتەکانیش زیاتر بریتین لەو تایبەتمەندێتییانەی کە پێویستە هەر دەستپێکارێک بیزانآ گەر مەبەستی شیعر نوسینی هەبێت.. ئەم بابەتانە قسە کردن نیین لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شیعر، بەڵکو قسە کردنە لەسەر ئەو زانیاریی و پێداویستییە بنەڕەتییانەی کە بوون بە شاعیریی ئەیخوازێت، کە لەناو ئەمانەوە ئەو کۆڵەکانەش سەر هەڵئەدەن.. بۆیە زۆرجار تێکەڵ و پێکەڵیەک لە نێوان ئەم زانیاریە بنەڕەتییانە و کۆڵەکە بنەڕەتییەکاندا دێتە پێشەوە، گرنگ ئەوەیە من دواتر پوختەی ئەو کۆڵەکانە دیاریی ئەکەم و جیامکردوونەتەوە لە زانیارییەکان.

لە بەشی یەکەمدا زۆر جار ڕووبەڕووی ئەوە ئەبوومەوە کە قسە لەسەر ئەم زانیارییانە بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەشە تەرخانکرابوو بۆ قسە کردن لەسەر زانیارییە گشتگیرەکان نەک تایبەتەکان، بۆیە خۆم لێئەپاراست و قسەکردنمان ئەو گشتگیرییەی لەسەر شیعر زیاتر پێوە دیاربوو.

گشتگیریی بەمانای ئەوەی قسەکردنێک لە دەرەوەی شیعر و ڕۆنەچوون بەناو وردەکارییەکانیدا، ئەگینا ئەوی کە لەوێشدا باسکراوە هەر دەربارەی شیعرەو

پەراوێزکردن و پشتگوێ خستنی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم دوو بەشەی داهاتوو وەک ئەوەی کە گرنگە وا نەکەوێتەوە.

مسۆدە:

ئەو مسۆدەیەی بەردەست ڕەنگە ڕێک ئەو دوا نوسراوە نەبێت کە ئەخوازرێ بگاتە دەرەوە، دوای پاکنووس و کارتیاکردنەوە بە ئاگاوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت کە هەندێک جار ئەوەندە زۆر ئەبێت لە نوسراوی یەکەم نەچێت، ئەگەر دوور لە هەموو ڕاقە و شیکردنەوە دەروونییەکان قسە بکەین، ئەوا ئەو دووایین نوسراوە پاکژکراوە ئەبێتە ئەو دەقەی کە ئەگاتە دەرەوەی نوسەر و گوزارشت لە "من"ئەکا.. بۆیە گرنگترین حاڵەت ئەوەیە پێش ئەوەی ئەو نوسراوە دەرپەڕێت، هیچ بۆشاییەکی تیا جێنەهێڵرێت و بە پێی ئاستی داهێنان و شارەزایی ڕۆشنبیریی نوسەرەکەی باز بەسەر هیچدا نەدرێت و دڵنیایی تەواو هەبێت لەوەدا کە گوزارشت لە توانای خۆی بکا، چونکە هیچ کەسێک لە قسەیەک یان نوسینێک بەر پرسیار نییە پێش ئەوەی لە خۆیەوە دەربچێت.

بەو پێیەی کە هەر دەقێکیش خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی، بۆیە ناکرێت جارێکی تر سوود لەو وێنانەی ئەو مسۆدەیە وەربگیرێتەوە، ئەگینا خۆ جوینەوە و دووبارە بوونەوەیە.. چاکترین حاڵەتێکیش لەم باسەدا بمەوێ بیلێم ئەوەیە کە جاروبار نەک بە مسۆدەکاندا کە

پێویستە ڕاستەوخۆ دوای کارتیاکردنەوەی فڕێ بدرێن، بەڵکو شاعیر بە دەقەکانیدا بچێتەوە و ئەوی بە لاوازی ئەبینآ، بێ ئەوەی هیچ سودێکی لێوەرگرێ، بێ هیچ دوودڵییەک لە ناوی بەرێ.. ئەم حاڵەتە سوودی زۆرە لەو ڕووەوە کە هەمیشە دەقی نوێترو پرشنگدارتر بەرهەم ئەهێنرێ و دەقە کۆنەکان بە لاواز و پرشنگدارییانەوە نابنە هۆی ئەوەی شاعیر بە خۆیانەوە ببەستنەوە و ببنە سەرچاوەی شکۆدارییەکی هەڵخەڵەتێنەر و ئیتر ژمارەی شیعرەکان ڕیز بکرێ.

کاری جدیی:

نوسەر سەربەستە چۆن کاری خۆی دەست پێئەکا، بەڵام گەر مەبەستی نوسینی سەرکەوتوو و دەقی چاک بێت و بیەوێ داهێنان بخولقێنێ، ئەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات کە لە پشتی هیچ کارێکی هەڕەمەکییەوە داهێنان نییە و ئەو کارەی کە دەستی ئەداتێ ئەبێ جدیی بێ تیایدا، قسەکردنی ئێمەش بۆ کاری جدییە نەک خەڵک و خۆ سەرقاڵ کردن.. پێویستە دەقی شیعریی لە قسەی لابەلا و نوسینی بۆنەکان دوور بخرێتەوە، ئەو نوسینەی بۆ کەسێکی دیاریکراو ئەنوسرێ، لەگەڵ ئەو کەسەدا بەها ئەدەبییەکەی ئەنێژرێ و ئیتر وەک کارێکی ئەرشیفیی تەماشا ئەکرێت، گەر شاعیرێک مەبەستی بەشداریی کردن بێت لە بۆنەیەکی تایبەتداو بیەوێت گوزارشت لە خۆشیی و ناخۆشیی خۆی بکات، باشترین حاڵەتێک ئەوەیە بە وتار، بروسکە، یان هەر شتێکی تر کارەکەی

بکات بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەر دەقە سەرکەوتووەکانی و دەقی ئەو هەمیشە گەشت بێ لە ڕووبەرەکانی جوێنی و داهێناندا.

دەق بۆ "ڕەگەز، نەوە، شوێن، کەس، بیروباوەڕ، ڕووداو" ی دیاریکراو نوسین، کار ئەکاتە سەر جدییەتی دەقەکە و چەند ئیستاتیکیی بێت هەر تەمەنی درێژ نابێت و لای گشتیی وەرگر قبوڵ نییە، بە پێچەوانەی کارکردن لە دەقی شیعریی ئیستاتیکیی و گشتییدا، دەقێک کە وەرگر کێش نەکات ڕووەو شتێکی دیاریکراو و تەنها لە ئاسۆکانی شیعردا ڕامان دروست بکا ئەوە بەردەوام لە درەوشانەوەدایە، لای گشتیی وەرگر و بە هەر زمانێکیش بخوێنرێتەوە، هەر ئەژی.. هەندێک کەس پێیان وایە کە شیعر ئەبێ کۆپیی واقیع بێ و دوور نەکەوێتەوە لە ڕێچکەکانی ژیانی ئاسایی، لەو کەندو کۆسپانەی دێنە سەر ڕێی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی خەڵک.. بەڵام ئەمە وەزیفەی شیعر نییە و بانگهێشت کردنیەتی بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ شێوە ناهونەرییەکانی تری ژیان، بۆ لەدەستدانی بەها ئیستاتیکی و مرۆڤییەکانی.. ئەکرێت کەسی شاعیر بۆ هەر هەڵوێست وەرگرتنێک و لە هەر کایەیەکدا هەڵوێست وەرگرێ، بەڵام نەک شیعر بۆ هەموو بۆنەیەک ئامادە بکات و کێشی خۆی بە کێشی شیعرەکەیەوە ببەستێتەوە.. ئەگەر باسی دوورە پەرێزیی ئەدیبان کرا، ئەبێ ڕاستەوخۆ جیابکرێتەوە لە دوورە پەرێزیی ئەدەب، چونکە ئەوە کاری ئەدەب نییە لە تاکواتاییدا کار بکا.

هەروەک تەممەڵیی و ئیهمالیی کارێکی زۆر پۆزەتیف ئەکاتە سەر دەقی جدیی، لەبەر ئەوەی داهێنان هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیانە.. ئەبێ ئەوەش بزانین کە شاعیر ڕوناکبیرە، ئەو ڕوناکبیرییەش تەنها بە کردەی جدیی بەرهەم دێت.

هەندێک بەشی شیعر:

شیعر کە تۆڕێکی پرشنگدارە لە هەست و سۆز، لەناوخۆیدا چەند ڕێگەیەکی دەربڕین و چەند شێوازێکی جیاوازی هەیە، هەموو ئەمانە شێوازەکانی دەربڕینی شیعریین، ئێمە دابەشیان ئەکەین بەسەر دوو دەستەدا کە لە ئێستەدا جۆرەکانی شیعر لە ئاستە لاواز و بەرزەکاندا پێک ئەهێنن:

ئاستە باڵاکان:

دەقی کراوە

دەقی شیعری پەخشانیی

شیعری ئاسایی

باڵادە: چیرۆکە شیعر

شیعری درامیی: شانۆیی و داستان و ئۆپێرای شیعریی.

پۆستەرە شیعر: ئەو شیعرانەی کە لە هەناسەیەکی کورتدا، فرە واتان. "هایکۆ"شی پێئەوترێ.

شیعری ئاهەنگسازیی – لیریک-:ئەو شیعرانەی بە ئاستێکی باش و وێنەی جۆراوجۆر ئەنوسرێن و هەندێک جار ئاوازیان بۆ دائەنرێت و ئەبن بە گۆرانی.

ئاستە نزمەکان:
وتاری کێش وسەروادار: ئاشکرا و یەکگرتووە بەو سیفەتەی ڕاقەکارییە.
شیعری پەندەکان: ئەوانەن کە بۆ ئامۆژگاری کردنێکی دیاریکراو بە کێش و سەروا ئەنوسرێتەوە.
ئەو جۆرە شیعرەی کە پێشتر باسمان کردن و بۆ شتێکی تایبەت ئەنوسرێنەوە.
ئەو شیعری شیوەن و هیجێیانەی کە خاڵیین لە تێڕامان و وێنە.

پێشڕەویی:

ئەگەر بتەوێ پێشڕەو بیت، پێشڕەویی بە لاساکردنەوە و چاولێکەریی بەدەست نایەت، دوای مۆدێل کەوتن و کۆکردنەوەی پاشماوەی بیریی کەسانی تر، زۆر دوورن لە ئەرکی داهێنەرانەوە.. نوسین لەسەر کلێشەی ئامادەکراو هەرچەندە ڕستەی تازەو نەبیسراویشی تیابێت، هەر بە نوسینی کلێشەیی و کۆدەنگ لە قەڵەم ئەدرێ، هەر دەنگی کەسانی ترەو تۆ ئەبیتە دەنگدانەوەی ئەو، چونکە تۆ ناتوانی ماڵێک لەناو ماڵێکی تردا بینابکەی.
ئەوەی هەوڵی بۆ ئەدەی ئەبێ جیاواز بێ لەوەی ئەوانی تر هەوڵی بۆ ئەدەن، ئەبێ خەیاڵی تۆ ئەوەندە بەربڵاو بێ هەوڵی نزیک بوونەوە نەدا لە خەیاڵی هیچ کەسێکی تر، کاتێ نالی ئەڵێ:
شیعری خەڵقیی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکیی؟!
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!

ئەوە مانای تاکڕەوێتیی و پێشڕەوییە لە خەیاڵ و ئەندێشەدا، بیرکردنەوە لەو ئاستەدا ڕێ خۆشکەری بەردەم داهێنانی گەورەیە.. بەڵام ئەوە نالییە کە ئیدعای ئەوە ئەکا نەک کەسێکی تر کە لە پەراوێزدا بنوسێت و نوسراوی خەڵکی تری لا کەمبایەخ بێت.. ئەو جۆرە تاکڕەوێتییە لە خەیاڵدا دەستە بەری بەرهەمی چاک ئەکا، تۆ دوای بەرهەمهێنان لێگەڕێ بۆ کەسی خۆی، بۆ وەرگر.

هەوڵی داهێنان گەر بە خەیاڵی سەربەست و لێگەڕان بێ بۆ ئاوازی دەروون و بە شارەزایی ڕۆشنبیرییەوە بەرهەم بێ، ئەوا دەنگ و شێوازی جیاوازی لێئەکەوێتەوە، هەڵبەت پێشڕەویی بەهۆی ئەو شارەزاییە ڕۆشنبیرییەوە زیاتر بەرەو پێش ئەچێت.

چاوەڕوانکراو و هەواڵە یان ڕەوانەکراو- احاله-:

دەقی خاڵیی و خراپ ئەو دەقەیە کە ئاسۆکانی چاوەڕوانییان تێدا نییە، بە واتایەکی تر ئەو دەقانەیە کە بە ئاسانیی خۆ بەدەستەوە ئەدەن و ڕەوانەکراوە دەلالییەکانی لە ئاستی چاوەڕوانیی وەرگرەکەیدان.. بەو مانایەی کە سەرلەبەری دەقەکە چاوەڕوانکراوەو هیچ ئیحساسێکی تێدا نییە کە بە وەرگر نامۆ بێت، هەموو ئەو شتانەی کە ئەیڵێ لە ئاستێکی زۆر نزمدان زۆر جار وەرگر ئەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هەر لە دێڕەکانی یەکەمینەوە دەستی لێهەڵگرێ، یاخود لەگەڵ تەواو

بوونیدا هیچ جێنەهێڵێ، ئەوکات وەرگر پڕیاری خراپیی دەقەکە ئەدا.

لەم نموونەیەدا وەرگر ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی چاوەڕواننەکراو ئەبێتەوە، ئەو ڕەوانەکراو- احالات- انەی لێرەدا بەکارهاتوون سەرجەم دەلالاتی نوێ ئەبەخشن.. بۆیە کاتێک کە بەر وەرگر ئەکەوێت ئەو سەدمە ئیستاتیکییە دروست ئەکا کە پێشتر باسمان کرد:

بەم زستانە مەیلی مەلەی ڕوبارێکم لە تۆ..!
دڵم مەیلی بەرزییەک ئەبێ بۆ ڕوانین..!
وەرە ئەی دۆست..
بەم درەنگی مەست بوونەوە
بمدە بە ئاوی عاتیفەیەکدا
با شڵپەم بێت لە سووتانا!!
لێ سووتانێ، پیریم بە سەردەمی عیشق و
پیریم بە مناڵیی بەخشێتەوە..!
چۆن خودایە دوورە عیشق من هەمیشە..
بۆنێ ئەو تەیرە خوساوانەم لێدێ
کە ئێواران، لە جەنگەکانی باو باران..
بە خەرمەنی شکستەوە،
دێنەوە لانە ڕووتەکان..!
"ئیسماعیل خورماڵی - بەورو خاک و مێ- ئێی ئۆلیسیا"..

ڕەوانەکراوەکان ئەوپەیوەندیانەن لە نێوان " مەلە و زستان، ئاو وشڵپە و سوتان، ڕوانین بۆ بەرزی" ئەمانە هەموو دەلالاتی جیاواز و چاوەڕواننەکراویان دراوەتێ..

ئەم نمونەیە نمونەی شیعری واتا بەخش و دەلالە گۆڕاوە، ئەو جوێنییەی کە تیایدا ئەیبینینەوە، جگە لە کارکردنی جدیی لە بونیادی شیعرییدا، نوێگەریی لەگۆڕانی تەکنیکیش تێدایە، ئەتوانین بڵێین تایبەتمەندێتیی شیعری زۆر تیایە گەر دواتر بەراوردی بکەن.

پاڵنەر:
ئەم بەشە ڕاستەوخۆ لە "لۆ-جی" وەرئەگرین کە بەم شێوەیە باسی
پاڵنەر ئەکات:

"شاعیر لە نێوانی زەوی و ئاسماندا وەستاوە و چاودێریی تەمومژی تاریک ئەکا.
بۆ ئەوەی خۆم دەوڵەمەند بکەم کارە کلاسیکیەکان ئەخوێنمەوە..
..................................................
گۆرانیی بۆ باووباپیران تەرخان ئەکەم و بۆنی خۆش بۆ چاکەکانیان ئەچڕم.
بەناو ئەو کارە کلاسیکییانەدا ئەگەڕێم کە جەنگەڵێکن لە گەنج،
شەیدای ئەو هاوسەنگییە ڕێکپۆشەیان ئەبم کە لە نێوان شێواز و ناوەڕۆکدا کردوویانە.
بە سروشەوە، ئەو کتێبەی کە ئەمخوێندەوە، لە لایەکی دائەنێم و
لە وشەکانیشم ئەگەڕێم با لە قەڵەمەکەمەوە بڕژێن"

بەم چەند وێنەیە باسی پاڵنەر ئەکات لای شاعیران و ئەیگێڕێتەوە
بۆ سەرەتای تێڕامان و چاودێریی سروشت و دیاردەکان، بەڵام تەنها تێڕامان بەس نییە بۆ بەرهەمهێنانی شاکاری ئەدەبی و زانیاری و ڕۆشنبیریی پێویستە، کە ئەویش لە ڕێگەی خوێندنەوەی کارەکانی ڕابردووەوە بەدی دێت.

کەواتە سەرەتا پاڵنەرەکە لای شاعیر خۆیەوە سەر هەڵئەدات و بە هۆی کۆکردنەوەی شارەزایی ڕۆشنبیریی لە پێشترەوە ئەتوانێت وا بکات کەسروش و بەهرەی نوسینی تیا زاڵ بێت و شیعر بنوسێت.. لەم وەسفەیدا ئەوەندە بە بەس ئەزانێت بۆ ئەوەی داهێنان ڕێچکەی خۆی بگرێت.

مەبەستی گشتییمان لە پاڵنەر ئەو دیارە سەرنجڕاکێشانەن کە شاعیر تێبینییان ئەکات و هەڵچوونێکی ئەوتۆی لادروست ئەکات کە لە وێنەیەکی شیعریی، یان چەند وێنەیەکدا بەرجەستەیان بکات.

یەکێک لەو لاوانە دەستپێکی شیعریی خۆی بەم چیرۆکە گێڕایەوە کە ڕۆژێک لە ڕێی لادێیەکدا چۆلەکەیەک خۆی ئەکێشآ بە جامی ئوتومبیلەکەیدا و مردار ئەبێتەوە و یەک دوو چۆلەکەش لەو دەوروبەرە بەدی ئەکا، ڕاستەوخۆ خەیاڵی ڕێورەسمی ناشتنی مرۆڤی بیرئەکەوێتەوە و بەرێوردی ئەکا لەگەڵ مردنی چۆلەکەکەدا، ئەم تێڕامان و وێنەیە ئەبێتە پاڵنەری و پەخشانە شیعرێک ئەنوسێ.

ئەبینین تێبینییەکەی لۆجی لە شوێنی خۆیدایە، چونکە ئەگەر ئەو گەنجە پێش ئەو ئەزمونە نەیزانییایە شیعر هەیەو بەهۆی خوێندنەوەی دەقی پێشووەوە

شارەزایی لەسەر شیعر نەبووایە، هەوڵێکی لە شیعردا نەئەدا بەڵکو لە ڕەگەزێکی تردا کاری ئەکرد کە خۆی شارەزایی تیا هەبووایە.. ئیتر ئەمێنێتەوە ئاستی نوسینەکە، ئەویش پەیوەندی بە زەخیرەی ڕۆشنبیریی کەسەکەوە هەیە.

ڕاگرتن:

پەرتبوونی زەین و کۆکردنەوەی چەند بابەتێک و لە چەند شوێنێکی
جیاوازەوە زیان بە نووسینی دەق ئەگەیەنێت و وائەکا نوسەر خۆی چێژ لەو هەڵوێستەی خۆی وەرنەگرێت، پێویستە نوسەر ڕێچکەی هەموو بیرکردنەوە ئاساییەکان ڕابگرێت بە چالاکییە ئیرادییەکانیشەوە، بۆ ئەوەی خود بتوانێ بە دەنگ بابەتە ئیستاتیکییەکەوە بچێت و نغرۆ بێت لە حاڵەتی بینیین یان تێراماندا کە بۆ خودی خۆی جاری وا هەیە توشی سەرسام بوونی ئەکا.
کەواتە ڕێسای چێژ وەرگرتن بریتییە لە تەرکیزی تەواو خستنە سەر خودی بابەتەکە.. ئەگەر نوسەر لەگەڵ خۆیدا ئەمەی پێبکرێت و بتوانێ هەموو چالاکییە جۆربەجۆرەکانی دەوروبەر بە چالاکییە زەینییەکانی خۆشیەوە لە بیری خۆی دوور بخاتەوە و گرنگیی بە بابەتە هەڵبژێرراوەکەی بەردەستی بدات بە شێوەیەک کە هیچی لەگەڵدا تێکەڵ نەبێت، ئەوکات ئەو چێژە بە دووبارە بوونەوەی هەمان ئەزموونی ئیستاتیکیی لای خوێنەریشەوە، ئاسانتر ئەگات.

وەکو بەرسیلە عاشقم
کاتێ دەمت پڕ ئەکا لە ئاو و
ئەشک بە برژانگەکانتا هەڵئەخات
عاشقم وەکو عەشق خۆی
کە ئاگرێ لەناو ڕوحدا ئەکاتەوە و
بە پوش و پەڵاشی ئازار
بەردەوامیی پێئەدات.
"کەژاڵ ئەحمەد- دیوانی کەژاڵ ئەحمەد- وەکو بەرسیلە عاشقم"

ئەم نمونەیە پێویستیی بە ڕوونکردنەوە نییە کە چۆن شاعیر لەناو بابەتەکەدا نغرۆ بووەو گەر سەرنجی هەموو شیعرەکەش پێکەوە بدەین ئەبینین کە چەند دووریی- بعد-ی جیاوازی لێکەوتۆتەوە.

کەشفکردنی نهێنیی نوێ:
بۆدلێر پێناسەی ئیستاتیکا بە پاکژ و سەیر- غریب- ئەکا، ئەڵێ ئەبێت سەیر بێت بۆ ئەوەی تێکەڵی قسەی بازاڕیی و قسەی پڕوپوچ نەبێت.. هەروەکو ئەڵێ لە ناشرینیدا ئەفسون – سحر- ی نوێ ئەبینیتەوە، ئەمەش بنەمای ئەو زاراوەیەیە کە ڤیکتۆر هیگۆو بۆدلێر لەسەری کۆک بوون "ئیستاتیکای ناشرینیی".
لە ڕاستیدا جووت کردنی هەردوو وشەی ئیستاتیکا و ناشرینیی لە زاراوەیەکدا دژی یەکن، بەڵام ئەمان مەبەستیان لە دۆزینەوەی جوێنییە لە ناشرینییدا کە پێیان وایە لە ناشرینیدا نهێنیی نوێ هەیە، ئەویش

بەهۆی فەرامۆشکردنەکەیەوە.. لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤـــ ئەیەوێت شتە پڕوپوچەکان لە خۆی دوور بخاتەوەو بە دوای شتی نوێ و باشتردا ئەگەڕێت، بۆیە بۆدلێر ئەیوت من نهێنی لە جوێنیشدا نابینمەوە بە چەمک
– مفهوم- ە کۆنەکەی. لای ئەو سنورەکانی جوێنیی بە چەمکە نوێیەکەی و ناشرینیی لە یەک نزیک ئەکەونەوە.
ڕەنگە هەر یەکێک لە ئێمە لە وەسفی بەهار و گوڵ و جوێنیی بەهار ئەوەندەمێن بیستبێ کە بۆ هەر داڕشتنێک ڕابسپێررێین دەست بەجێ چەندین دێڕی لە بارەوە بنووسین، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە پێیزان گەڵاکان ئەوەرن و زەویی ئەو بەرگە سەوزو ئاڵ و واڵایەی لێئەبێتەوە ، هەروەک بۆ ژیانیی کشتوکاڵیش ڕێگە خۆشکەریی وەرزی زستانەو لە ڕووی ئابووریشەوە وەک بەهاران پڕ لە جۆرەکانی تەڕەوتۆڕە نییە بۆ خواردن و، سەرەتای باران هاتن و ساردو سەرمایە و زۆر شتی تریش، ئەبینین کەمترین باس و وێنەی پاڕاوە، ئەگەر هەشبێت ئەوا بە وەرزێکی ناشرین و بە ڕەمزیی *خراپەکار*یش لە هەندێک شوێندا هاتووە.. ئەمانە بوون بە وەسفی پێییز و ڕەگ و ڕیشەیان داکوتراوە.. بەڵام لەم نمونەیەی خوارەوەدا نەک هەر جوێنیی لە پێییزدا ئەبینرێتەوە، بەڵکو دژی جوێنیی بینینەوە کۆنەکەش ئەوەستێتەوە:

بەرگم کزەبا.. دەستکێشم زوقم.. کوختیشم گەڵای وەریوە فەرشی
سەرباری دڵی کەیلی موچڕکەم..

زۆر شکۆمەندم بە شانشینی پێیز و عەرشی
توخوا چۆن تاجی ئاڵتونیی سەرم.. کە ڕستێک گەڵای
هەتاوی ڕەنگە..
فڕێی بدەمە بەر پێی بەهارێ.. کە لەزگەیەکی سەوزی
بەرینە..
بۆ داپۆشینی زام و برینی ئەم سەر زەمینە؟
"محەمەد عومەر عوسمان- لە غوربەتا- لە شانشینی
پێیزا"

جوگرافیای دەق:

ئەو دەقەی بەرهەم ئەهێنرێ خاڵیی نییە لە پارچەی زۆر دیارو هەندێک پارچەی یاریدەدەر کە شوێن پێی وێنە درەوشاوەکان قایم تر ئەکەن، ئەو وێنە درەوشاوە و یاریدەدەرانە کە ناکرێ لە ئاستی هونەریدا لەوێن نزمتر بن، یاخود ئەو موزیکە پێکهاتەییەی کە لە شیعردا پێی ئەوترێ ڕیتم و بەردەوامە و شان بە شانی بونیادی دەقەکە ئەڕوات، هەموو ئەمانە ڕووکەشی دەق پێک ئەهێنن کە لە زمانی ڕەخنەدا بە تۆبۆگرافیای دەق ناو ئەبرآ.. هەروەک چۆن لە جوگرافیادا بەرزی و نزمییەکان دیاری ئەکرێت، بەو شێوەیەش لە ڕووکەشی دەقدا ئەو تۆبۆگرافیایە دیاری ئەکرێت بە پێی وێنە دەرکەوتووەکان، بە پێی ئاستەکانیان،وپڕێی وێنە یاریدەدەرەکان..
سروشتی دەق لە بابەت و ڕیتم و فیکر و وێنەو وەرگر بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە، جوگرافیای دەق پێک ئەهێنن.

پێویست و گرنگە کە شاعیر ئاگاداری جوگرافیای دەقەکەی بێت و بواری ناهاوسەنگ بوون نەدات لە

تۆبۆگرافیای دەقەکەیدا، وەک بۆ نموونە بەشێکی دەقەکەی کارا- ئەکتیف- بێت و بەشێکی تری ناکارا- پاسیڤ-، یاخود بەبێ ئاگاداری و ویستی خۆی ڕیتمی دەقەکە لە دەست بدات و خوێنەر بخاتە گێژاوی ڕیتمێکی گران و هەناسە کورتەوە.. بۆ ئەوەی دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەم بێت، پێویستە وێنە یاریدەدەرەکان لە دواى وێنە درەوشاوەکانەوە تین و گوڕێکی ئەوتۆیان هەبێت کـــــــــــــــە

خوێنەر لە حەماسی خوێندنەوە نەخات و جیاوازییەک نەخاتەوە لە
بەهای وێنە دیارەکانیش کەم بکاتەوە.

هەر لە بارەی جوگرافیای دەقەوە پێویستە ئاسۆکانی دەق کاریگەرێتییەک جێبهێڵن لەسەر دیدی خوێنەر کە ڕێ نیشاندەری خوێندنەوە جیاوازەکان بێت.. واتە تەم ومژی بە ئەنقەست و سەر لێشێوانی خوێنەر تاکە ڕێگەیە بۆ بەرەو هەڵدێر بردنی دەق، ئەو دەقەی بەرهەمهێنەرەکەی ئاگای لە پێکهێنان و وشەسازیی و هەناسەی وێنەکانی نەبێت و دواتر بیەوێت بە وەهمی زەینیی وێنەی لێ هەڵێنجآ، ناتوانێ خۆی بەسەر خوێنەردا بسەپێنآ و هەمان ئیسقاتاتی لێ داوا بکات.. ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ هەر شاعیرێک کە تیایدا سەلیقەی خۆی بەکار بهێنێ، چونکە کاریگەرێتیی شیعر لەم مەرجە بنەڕەتییەوە سەرچاوە ئەگرێت و نەک هەر خۆی پێشکەشی وەرگری ئەکا، بەڵکو ئەو قسەیەش کە ئەوترێ "شاعیر باشترین ڕەخنەگری خۆیەتی" لەم مەرجەوە ڕەخنەگرێتییەکەی سەر خۆی

دیاریی ئەکا کە چەند بە ئاگا و ڕۆشنبیرە لەم خاڵەداو چەندیش ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆیدا.
بۆ ڕاستەوخۆ قسەکردن لەسەر تۆبۆگرافیای دەق ئەم نمونەیە ئەخەینە بەرچاو:

ئەستێرەیەکی مانگرتوو مرد
پێکەنینێک بۆی نەگریا،
هاوڕێکانی فاتیحەیەکیان بۆ نەخوێند
"1"
باخچەکەمان ڕووت بووەوە
وەرزێک بەسۆز داینەپۆشی..
سەیرە پەنجەی درەختەکان
"2"
لەگەڵ ئەم زریانە شێتەدا
چۆن هەڵدەکا.
ئاو کۆچی کرد
کەنار نەیووت بۆ کوێ دەچیت؟
سپیدەیەکی نیگەران
باسی عوزلەتی خۆی دەکرد
ئێوارەیەکی لەخۆ بایی
قایل نەبوو
چرکەیەک گوێی بۆ شل بکات.
.............
تۆ فرمێسک لە چاوانتا
قەتیس دەکەی
ئەو لەناو دڵی هەورێکا ڕایدەگرێ
من کراسی زەردەخەنەی لەبەر دەکەم

"3"

" چنار نامق- پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە- وەرزێک باخچەکەمان داناپۆشێت"

لەم دەقەدا، "هێڵ بە ژێردا هاتووەکان" ئەو وێنە یاریدەدەرانەن کە ئەبنە هاوڕێی وێنە درەوشاوەکان و ئەو مەودایە پڕ ئەکەنەوە لە شیعرەکەدا کە هەم ڕیتمی شیعرەکەی پێگۆڕراوەو هەم وێستگەیەکیشە بۆ کەڵەکە نەبوونی وێنە درەوشاوەکان.. ئەم وێنانە- واتە درەوشاوەکان- لەگەڵ ئەوەشدا کە شوێنگەیەکی دەرکەوتوو تریان پێئەپڕێ لە تۆبۆگرافیاکەدا، لە ڕووی ئیستاتیکیشەوە سەرنجیان زیاتر لەسەرەو دیسانەوە لە گشتیی دەقەکەشدا بەو سیفەتەی کە چەقی بابەتە، بەها گشتییەکەی بۆ خوێندنەوە لای وەرگر زیاترە.

بەڵام ئەو سێ تێبینیکراوەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە چوون یەک نیین.. لە یەکەمیندا زمانێکی سادەو ئاسایی بەدی ئەکرێ کە ئەگەر بە وێنەیەکی تۆبۆگرافیی بچوێنین، ڕاستەوخۆ مەودایەکی کورتی زۆر نزمترمان نیشان ئەدا لە نێوان دوو وێنەی دەرکەوتوودا، بەم دابەزینە کتوپرو خێرایە ڕیتمی دەروونیی خوێنەر بە پەلە ئەگۆڕێت و دوابەدوای ئەوەش ئەیهێنێتەوە هەمان ئاست، لە تێبینیکراوی دووەمدا، وێنەکە هاوشانی وێنە بابەتییەکەیە و لە ڕووە ئیستاتیکییەکەیەوە هیچی لەوی پێش خۆی کەمتر نییە، وێنەی سێیەمیش بە هەمان شێوە و کە دووایی قەسیدەکەیە هەمان هاوسەنگیی پاراستووە..

ئەگەر قسە لەسەر تۆبۆگرافیای ئەم دەقە بکەین، ئەڵێین ڕوویەکی رەِوان و تەندروستی هەیەو تەنها

گرێیەک کە تیایدایە لەو تێبینیکراوەی یەکەمدایەو ئەویش کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە ڕێ لە خوێندنەوەی جیاوازی بگرێت.

دووبارە بوونەوە یان جوینەوە:

دڵنیا بوون لەوەی کە لە سەرجەمی دەقەکەدا بەشێک وێنەی دووبارە و موفرەدەو زاراوەی دووبارەی بێئاگایی ڕووی نەداوە، تایبەتمەندێتییەکی گرنگەو ئەبێ شاعیر لە هەموو جۆرە دووبارە بوونەوەیەکی نائاگایی خۆی دوور بگرێت.. مەبەستمان لە نائاگایی ئەوەیە کە بە بێ پێویستیی شیعریی و ئاگای شاعیرەکە وشە یان دەستەواژە یان هەر شتێکی تر دووبارە ببێتەوە.. بەڵام کە شاعیر خۆی بۆ ئیستاتیکای دەقەکەی چەند جارێک هەر یەک لەو وشەو دەستەواژانەو تەنانەت ڕستەو وێنانەش دووبارە بکاتەوە ئەوە گونجاوە و ئەویش لە سنوری پێویست تێپەڕ نەکات.
- تۆ لە کوێدا خۆت حەشاردا بوو ئەی ئافرەت؟
لە کوێدا جەنجالًیەکانی خۆت کردبووە چەپک و لە دووڕییانە گوماناوییەکانی ژوانا.. ئاسودەییت بە گەنجێتی کێ ئەبەخشی؟!
- تۆ لە کوێ بووی ئەی ئافرەت؟
کاتێ.. جەنگەکان بەرپا بوون.
" ئاوات حەسەن ئەمین- بۆنخۆش بە هەناسەکانت- ئاوێنە کریستاڵیەکان"

لەم دوو وێنەیەدا سێ جار پرسیاری لە کوێ بوون هەیە، بەڵام ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە پێویستییەکە بۆ تەواوکردنی وێنەکان، پرسیاری یەکەم و دووەم بۆ پێکهێنانی وێنەی یەکەمە و پرسیاری سێیەمیش بۆ وێنەی دووەم.. ئەبینین هەر کە پرسیارەکان لابرێن، ئیتر وێنەکان نامێنن و ئەبن بە تەنها نیهادێک یان گوزارەیەک، بۆیە ئەم جۆرە دووبارە بووانە ئاگایین.

کـــــــــۆدەنگ:

لە دەنگی نەوەیەکدا ئەشێ کاریگەرێتیی دەنگەکان هەبێت لەسەر یەکتر، بە هۆی نزیکیی ئەزمون و تێپەڕین پیایدا، بە هۆی کاریگەرێتییەکانی قۆناغەکەیانەوە، یاخود کەوتنە ژێر کاریگەرێتیی دەنگێکی پێش خۆیان.. هەروەک بڵاوبوونەوەی نەسقێکی تایبەت لە پێکهاتەی نووسین ڕەنگە وەک دڵۆپێک مەرەکەبی چینیی لە پەرداخێک ئاودا ڕەنگ بداتەوە و زۆر جار بە بآ ئیرادەی نوسەرێک هەندێک کاریگەرێتیی پێوە دەربکەوێ.
بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی ئەو کاریگەرێتییە سنوری ئاسایی خۆی ببەزێنآ و ببێتە شەپۆل و شوێن پآهەڵگرتنی کوێرانە سەرهەڵبدات، ئەوا لە کاریگەرێتیی دەرئەچێت و ئەبێتە دەنگدانەوە، ئەبێتە کڵێشەیەک و ناکرێ سەروبۆرێکی بۆ زیاد بکرێ، وەک ئەو کـــــــــۆدەنگەی کە ئێستە بەشێک لە شیعری کوردیی گرتۆتەوە و کەسێک نییە بتوانێ فاریزەیەک خوار و ژووری تێدا بکات، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هەندێک

وشـەو دەسـتەواژەش دابەش کراوەو ئەبێت لە هەموو شـیعرێکدا ئامادەیی هەبێت، وەگەرنا خودی نوسـەرەکە خۆی هەسـت ئەکا پێیەک لە دوای ئەوانی ترەوەیە، ڕەنگە زیاتر لە بیسـت شـیعر نووس خاوەنی دەنگی خۆی نەبێت و کۆپی ی دەنگێکی تر بێت، کۆپیەک کە ژاوەژاو و دەنگدانەوەیەکی ناحاڵیی دەنگە ئەسـڵیەکەیە، خۆ گەر بێت و ئەو نوسـینانە تێکەڵ بە یەکتر بن و ناوی نوسـەرەکانیان لێکرابێتەوە، ڕەخنەگرێک نییە بتوانێ هەر نوسـینێکیان و بداتەوە دەسـت خاوەنی خۆی.. ئەمە پەتای کۆدەنگییە و ئەوی بە ئاگاوە یان بێئاگا ئەکەوێتە ژێر فشـاریەوە، تەمەنی نووسـینی کورتەو لە هەر ئاسـتێکی نووسـیندا بێت، ئەو کۆ دەنگییە ئەبێتە ڕێگری بەردەوامبوونی و لە خاڵێکدا پاشـەکشـێ ئەکات چونکە کاتێ بە ئاگا دێتەوە کار لەکار ترازاوەو ئەو وەک پاشـکۆی قۆناغێک تەماشـا ئەکرێت.

نزیک کەوتنەوە لە کۆدەنگ ئەو مەترسـیانەی لە پشـتەوەیە، ئەبێت داهێنەر هەمیشـە لە هەوڵی داپڕاندا بێت لەگەڵ هەر دەنگێکی تر، بیەوێت ئەوە بکات کە تا ئەوکاتە نەخۆی و نەکەسـێکی پێش خۆی بە بیریدا نەهاتووە.. ئەگەر خراپ لە کۆدەنگ حاڵیی بین ئەوا وائەزانین مەبەسـتەکە تەنها لە تەکنیکی وێنەو لاسـاکردنەوەی خەیاڵ و ئاخاوتن و باری سـایکۆلۆژیدایە، بەڵام کە وردتر بین لەگەڵیدا، ئەبینین کۆدەنگ فۆرم و ڕیتم و چوارچێوەی شـیعریی و شـێواز و گرنگترین شـتێک پێکهاتەی وێنەییش- نەک تەکنیکی- ئەگرێتەوە، چونکە تەکنیک کارکردنەوەیە لە هەبوودا، بەڵام پێکهاتە

کارکردنی نوێیە لە بوونی ئێستەدا، واتە ئەو پێکهاتەیەی کە نەکراوە.

چڕکردنەوە "اختزال"

درێژدادڕیی زیانی وەڕس بوونی وەرگر بە دەق ئەگەیەنێت و پاش ئەوەش فەرامۆشکردن و بیرچوونەوەیە.. ئەو وێنانەی کە ئەتەوآ ئیحساسێک یان دیاردەیەکی پآبگاتە وەرگر، ناکرێت پێبەپێی گێڕرنەوە یان هەواڵێکی ئاسایی، هەر بە هەمان شێوە بنوسرێتەوە، پێویستە دوورە پەرێزبین لە تەفاسیلی درێژ و وەڕسکەر، چڕوپڕ ئەوەی مەبەستە بگات و ئەوی بە زیادی ئەزانین لێی ببڕین.. پێشتر باسی ئەوەمان کرد بە مەبەستی چڕکردنەوە ئەبێ وریای ئەو بەشە زیادانە بین کە ئەیبڕین بۆ ئەوەی زیان بە گەیاندنی وێنەکان نەگات و لەگەڵ ئەوەشدا بواری زۆر لەسەر ڕۆشتن نەدەین.
با پروانینە ئەم چەند وێنەیە، کە شاعیر بە تەواوەتی خۆی لە نەزیفی وشەو وێنە پاراستووە، ئەو مەبەستەی کە بۆ خوێندنەوەی بەرەڵا ئەکا وەک خۆی ئەگاتە ئێمەی خوێنەر و گەر بمانەوآ ئەتوانین خوێندنەوەی تەواوی بۆ بکەین:

ژوورەکەی من، هەر لە دوورەوە سەرنج دەی:
بەردەکانی دەڵآی ژن و پیاون سەرما –
گرمۆڵەی کردوون
پاڵیان داوەتە یەکتری
باڵای بەرز و دەرگای بە ئەنقەست داخراو.

دەتوانم،
دنیا بخەمە سەر پشتی سیمرخێک و بیبا
بۆ کوێی دەباتن با بیبا؟
دەتوانم:
لەو زستانەوە تا عومرم باقیە
خەونم یەک خەون و پەیامم یەک پەیام
من هەر خۆم بم و چیتر نا؟

"دڵشاد عەبدوڵلا- جوێنیەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس-
سترانی
نەرسیسیم"

لەم نمونەیەدا وێنەکان ئەوەندە چڕو بەیەکدا چوون، کە بەهۆی چنین و تێهەڵکێشیانەوە زۆر بە ڕوونیی مانای داله تاکەکان گەیەنراوە، بەڵام لە کۆبوونەوەیاندا ئەو خۆ کەشفکردنە ئاسانە نامێنێت و قۆناغێکی تر دەست پآئەکا کە ڕێی خوێندنەوەی جیاواز خۆش ئەکا.. ئەم جۆرە نوسینە خوێنەر وشیار و چالاک ئەکاتەوە، ئەو لەگەڵ وێنە ڕەوانەکاندا دێت و ڕووبەڕووی وێنەی نامۆ و ئاڵۆز نابێتەوە، لەهەمان کاتدا لە گشتیی دەقەکەشدا یەک مانای دیاریکراوی پەتیی نابینێتەوە، بە پێچەوانەوە دەقێکی فرە واتا و بەرفراوان درک پێئەکا و جاری تری ڕائەگرێتەوە بۆ خوێندنەوە.. ئەمەش جۆرە هەوڵ و ئەزمونێکی ترە بۆ خۆ ڕسکان لەدەست کۆدەنگ و گرتنە بەری ڕێی دژە شەپۆل و ئاراستەی باو.

ڕەوانیی:

ڕەوانیی لەدەقدا بەشێکە لە کردەی نوسین و بە ئاکام گەیشتنی، واتە بەشدارییەکی چاڵکی هەیە لەگەڵ ئەو توخمانەدا کە هەموو کردەکە پێک ئەهێنن لە نوسین و پاکنوس و گەیاندنی بە خوێنەر یا وەرگر، تا ئەو کاتەی خوێنەر جارێکی تر لێی خۆیەوە بەرهەمی ئەهێنێتەوە و خوێندنەوەی بۆ ئەکا.. کە هەڵبەت وەرگر لە هەندێک لە تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکاندا لە ئاستە پێشینەکانە بە نسبەتی دەقەوە.

تەم و مژ و ئاڵۆزکردنی دەق لە بەرژەوەندیی دەقدا نییەو ئەو دەقانەی کە ئەم گرفتەیان هەیە هەمیشە لە ئەدەبدا لە پەراوێزدان و بایەخی خوێندنەوەیان نییە.. ئەم گرفتە کاتێک سەرهەڵئەدا کە نوسەر گرفتی تری هەبێت، وەک ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر زمانی نوسیندا نەشکێت یاخود خەیاڵی ئیفلیج بێت و نەتوانێ گەمەی تیا بکات، یاخود دەسەڵاتنەشکان بەسەر هونەری شیعردا، تێک شکاندنی بێسەرەوبەرە بەناوی ئەزمونگەرییەوە، گومان لە دیاریکردنی تاک واتایی لەلیەن خوێنەرییەوە، بەهۆی یەکێک لەم هۆکارانەوە، یاخود هەرهۆیەکی تر بێت گرفتێکی لەم جۆرە ڕووئەدات.. ئەو کاتە ئەسڵی گرفتی نوسەر هەرچییەک بێت، بەم خوڵقاندنی تەمومژە زۆر خراپتر بەسەر خۆیدا ئەشکێنێتەوە و ئەزمونی خۆی پێ فڕێ ئەداتە پەراوێزەوە.. دوور کەوتنەوە لەم گرفتە زمانێکی پاراو و ڕەوان بە شیعرەکە ئەبەخشێ بە شێوەیەک کە هاوکاریی گەیاندنی پەیام و داهێنان ئەکات.

هەر کاتێک لەم چەند وێنەیەی خوارەوە دەروازەی وێنەکان کرانەوە، ڕەوانیی دەقەکە زیاتریش خۆی ئەسەپێنێ و ئەوکات ئەوە کەشف ئەبێ کە گەڕانمان بۆ پەی بردن بە قوڵیی ئەم دەقە لە ڕەوانییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو هەستە ئیستاتیکیەش کە دروستی ئەکا هەر خەیاڵ پاکیی، واتە ڕەوانیی خەیاڵ و ڕەوانیی زمان و دەرپڕین و ڕەوانیی لە ڕیزبەندیدا پێشڕەوییمان ئەکا:

عەزیزم خەمە گیان، کەهەمووومان مەحکومین،
بە شەرابی مەرگ
لە خەوی لەتێک ئاوێنەدا
ئیتر بۆ مەراق هەڵکۆڵین
ئاوێنە وڵتی حەقیقەتێکە،
تەلیسمی نهێنی لەناویا
ڕاکشانێکی نییە، خۆی حەشاربدا
کە شەو بەناو سوڕی خوێندا پیاسە ئەکا
ئیتر بۆ پرچی ئەو تیشکانە لێڵ کەین
یاری دەکەن لە مەمکی ئێوارەدا.
شەو جەنگەڵێکە مەرگەسات،
ترس پەلمان ڕائەکێشێ و
هێمنی کوشتنێکە،
شەوق ئەداتەوە لە بێدەنگیی!.

"ڕۆژ هەڵەبجەیی- تا خەو دائەگیرسێ بنوو- حەقیقەت تەفسیرێکی نەبوو بۆ کوشتن"

گێڕانەوە- سرد-"

هەر زمانێکی ئاسایی خاڵیی نییە لە یاساو ڕێساو مەرج و کۆت و پێوەند، ئەو زمانەی کە قسەی پێئەکەین- زمانی دایک- یاساو ڕێساکەی لە پێکهاتەی خۆیدا هەڵگرتووە و هەر کاتێک کە ئەدوێین ئێمە پێویستیمان بە بیرهێنانەوەی ئەو زانستە نییەو بە هۆی شارەزایی و بەکار هێنانی بەردەوامییەوە لەگەڵ ئەو ڕێسایانەدا ڕاهاتووین و لە زمان بەیەکداهاتندا نەبێت، یاخود لە لێکدانەوەی جیاواز بۆ کردنی، ئەگینا تیایدا ناکەوینە هەڵەی گەورەوە.. کەواتە لە زماندا سیستمێک هەیە کە پێکهاتەی ڕەگەزەکان ڕێک ئەخات و کۆت و پێوەندی خۆیشی هەیە بۆ دروست کردنی ڕستەکان بێئەوەی ئێمە لە بەکارهێنانیدا بە دوایدا بگەڕێین.

دەقی شیعرییش ملکەچی هەمان ئەو یاساوڕێسایانەی زمانە چونکە هونەرێکە ئامرازەکەی زمانە، بەڵام لەگەڵ زماندا ئەو جیاوازییەی هەیە کە هەندێک کۆت و پێوەندی زیاتری بەسەردا ئەسەپێت، ئەم ڕێگەیەک لە زمان جیا ئەکاتەوە و ئەبێت بە هونەرێکی سەربەخۆ.. ئەو یاساو ڕێسایانەی کە بە ناوی کۆڵەکە بنەڕەتییەکانەوە بۆ شیعر ئامادە کراوە، ئەوە ئەبێتە سەرباری سیستمەکەی خۆی لە زماندا.

ئەگەر ئێمە بە زمانی ئاسایی هەر ڕاگەیاندنێک دەربکەین و هیچ جۆرە هونەرسازییەک پەیڕەو نەکەین، ئەوا ڕاگەیاندنێکی سادەو لاواز ئەخوێنینەوە- وەک ئێستە کە لە هەندێک ڕۆژنامەدا، هەواڵی گرنگیش بە زمانێکی سست و بێ گیان ئەخوێنینەوە و ڕێپۆرتاژە هونەری و

ئەدەبییەکان خاڵیی خاڵین لە زمانی هونەری و ئەدەبی-
ئەگەر شیعرێکیش بگۆڕین بۆ سەر زمانی ڕاگەیاندن،
ئەمجارەیان شتێکی ئەوتۆ لە شیعرەکە نامێنێتەوە و گەر
بە زمانی بچوێنیین، ڕەنگە ببێتە پارچە نوسراوێکی
گاڵتەجاڕیی.. کەواتە جیاوازیی نێوان زمان و شیعر تا
شۆڕتر بینەوە تیایاندا ئەوان لەیەک دوورتر ئەکەونەوە.
زمانی دەقی شیعریی بە گشتیی لە زمانی
سروشتی ئەچێت، کەواتە بەشێک نییە لەو بەڵکو لە
یەکتر ئەچن، هەر وشەیەک لە زمانی شیعردا بەهاکەی
زیاترە لە زمانی سروشتی، لە زمانی سروشتیدا هەر
وشەیەک یەک واتای هەیە بە پێچەوانەی زمانی
شیعرییەوە کە ئەکرێت دەلالەت لە چەند شتێکی جیاواز
بکات. لەبەر ئەوە بەش و پارچەکانی زمانی سروشتیی
گەر گوێزرانەوە بۆ ناو شیعر پێش هەر شتێک شیعر
یاساکانی خۆی بەسەردا ئەسەپێنێت و بەو شێوەیە لە
فەرهەنگی خۆیدا جێی ئەکاتەوە واتە ئەبێ بێتە ئاستی
فەرهەنگی شیعرەوە.
لەبەر ئەوە گەر گێڕانەوە بێتە ناو هەر شیعرێکەوە
پێویستە بنەما سەرەکییەکانی شیعر لەبەرچاو بگرێت..
بنەما سەرەکییەکانیش لە داڕشتن و سەدمەی
ئیستاتیکی و وێنە و ڕیتم و چڕکردنەوە و تەکنیک و
شێوازدا خۆی ئەبینێتەوە.. کەواتە بە هیچ جۆرێک قبوڵ
نییە بە زمانی ئاسایی قسەکەرەوە گێڕانەوەیەک خۆی
بهاوێتە ناو هیچ شیعرێکەوە، پێشتر ئەبێ ئەو بنەماو
کۆڵەکە سەرەکییانە لە پێشچاو بگیرێت و ئەوکات
تەوزیف کردنی داپڕێژرێت.. بۆیە هەمیشە گێڕانەوەی
زمانی سروشتیی و گێڕانەوە لە شیعرو چیرۆک و

هونەرەکانی تردا جیاوازن.. بە تایبەت شیعر کە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ئاسۆی بونیاد لە دەقی قسەکەر و دەقی خۆیدا ئەهێنێت، ئەم بە شێوازێکی پێشکەش ئەکات، جیاواز لە هەموو شێوازەکانی زمان:

فڕۆکەیەک هات
حەشارگەکە دوور بوو
منداڵەکە نەیتوانی بیگاتێ
گۆڕستانەکە نزیک بوو
منداڵەکە چوو بۆ گۆڕستانەکە.
ئەوە بۆ هەمیشە گۆڕستان لە حەشارگە و
لە ماڵ و
لە قوتابخانە
نزیکترە..؟!

"لەتیف هەڵمەت- دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی سێیەم- پرسیارەکانی ئەمڕۆ"

گەر ئەم گێڕانەوەیە بە زمانی ئاسایی بکرێیە، بەم شێوەیە دەرئەچوو- بەپێی بونیادی ڕووکەشی دەقەکە نەک بونیادی چینەکانی ژێرەوە-:
ڕۆژێک فڕۆکە هاتە سەر شوێنێک و بۆمبارانی کرد، منداڵێکی داماویش هەر کە گوێی لە دەنگی فڕۆکەکان بوو ڕایکرد خۆی بگەیەنێتە حەشارگەیەک.. بەڵام بەستەزمانە پێڕانەگەیشت و پارچەیەکی بەرکەوت و هەر لەوێدا ڕوحی دەرچوو، داماوە لە مەکتەبیش بوو،

مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ ئەو دایک و باوکەی چییان بۆ ئەکرد!
لەبەر ئەوە هەر جۆرە نزیک کەوتنەوەیەک لەم شێوازە، یا وەکوتر بڵێین ساغ نەکردنەوەی هەر مەرجێکی شیعری بەسەر گێڕانەوەیەکدا، لە شیعرییەتدا شکست ئەهێنێت و ڕەگەزێکی تر بەرهەم ئەهێنرێ نە شیعر.. ئەمە و جگە لەوەی کە زانیاریشمان ئەبێ هەبێ بەوەی کە شیعریش بۆخۆی بەشێکە لە گێڕانەوە بەو پێیەی ڕەگەزێکی هونەرییە.. بەڵام گێڕانەوەی شیعریی جیاوازە لە تەوزیف کردنی گێڕانەوەیەکی پەتیی لە ناو شیعردا، کە ئەمەیان باسێکی سەربەخۆ و جیاوازە.

دەستپێک و قفڵی دەق:

ڕەنگە جاروبار گرفتێکمان لە دەست پێکردندا بێتە پێش، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە توشی دوودڵیی- قلق- ئەبین لە هەڵبژاردنی ئەو وێنەیەی کە ببێتە دەستپێکی شیعرەکەمان.. ئەم دوودڵیە تەندروستەو بۆخۆی دەلالەتە لە سوربوون لە بەرهەمهێنانی کاری جددی.. بەڵام ئەگەر ئەم دوودڵییە زۆر بخایەنێت، ڕەنگە بەو بارەدا بکەوێتەوە کە دەست لەو نوسینە هەڵبگیرێ بەهۆی نەدۆزینەوەی سەرەداوەوە.. باشترین ڕێگەیەک پشوویەکی کورتەو بیربردنەوەی بابەتەکان، پاش ئەو پشووە ڕەنگە ڕێگەیەکی تر بدۆزرێتەوە بۆ دەست پێکردن.. دەسپێکی نوسین وریایی نوسەری پێویستە لەو ڕووەوە کە هەموو وێنە درەوشاوەکان لە سەرەتای شیعرەکەدا کۆ نەکاتەوەو لە کۆتاییشدا توشی

هەناسەپڕکێ بێت. نوسینی هەر وێنەیەکی درەوشاوە و گەر پاش ئەوە زانرا ئاستی نوسینەکە دائەبەزێ، پێویستی بە وچان هەیە بۆ سەر لەنوێ تێهەڵچوونەوە.. پاش دڵنیا بوون لە هەموو ئەو شتانەی کە شیعر پێویستیەتی، ئیتر پێویستی وائەکا لە شوێنێکدا کۆتایی بێت، گەر دوای ئەمەش بەئەنقەست و بۆ درێژکردنەوەی شیعرەکە بەردەوام بوون هەبێت، ڕەنگە داڕشتنی شیعریی هەبێت- بەهۆی ڕاهاتنەوە- بەڵام بێگیان دەرئەچێت و زیان بە وێنەکانی تری ناو دەقەکە ئەگەیەنێت.. بۆیە دەست هەڵگرتن و قفڵی شیعر پێویستیی بە سەدمە هەیە، بەردەوام ئەبێ هەوڵ بدرێ خوێنەر داوای زیاتر بکاو هەوڵ بدەن لە دووبارەکردنەوەی خوێندنەوەدا چێژی زیاتر لە دەقەکە وەربگیرێ، کە ئەم خەسڵەتە وا ئەکا ئەو دەقە خوێندنەوەی جیاوازیش هەڵبگرێ و وەرگر لەگەڵ پێکاتە وردەکانیدا بژی و لای جێبمێنێ:

لە ئاوەوە هاتین
لە بارانەوە
کاتێ چرکە خامۆشەکانی تەنیایی
(دەستپێکردن)
باران بە ئاسمانەوە هەڵدەواسێ
کاتێ فەرامۆشیی
وەک گەڵ دەوەرآ.

..............
ئێستاش لە ترسی نیگا دوورەکانی تۆ
لە ترسی ڵپەڕە ڕەشەکانی شەڕ

لە ترسی دەریا لە ترسی عەشق
بە نێو لەشی باراندا دەڕۆم
وەک ئەوەی بە ئەندازەی دڵەڕاوکآ بڵێم
(قفڵ)
تۆش بڵێیت:
سەفەر مەکە.
" عبدالمطلب عبدالله- شیعرستان4- تەنیا ئاو.. تەنیا باران"

لێکچواندن:

لە زمانی ڕۆژانەدا زۆرجار شتێک بە شتێک ئەچوێنین، بەرێمبەرەکەشمان بەبێ دروست کردنی هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک قسەکەمان ئەسەلمێنێ، بۆ نموونە: سەری ماش و برنجیی، ئەوەندە لە نێوان ماش- کە ڕەشە- و برنج- کە سپییە- لە لایەک و قژی ڕەش کەمووی سپی تێکەوتووە بە ڕێژەی بەرچاو، لە لایەکەی ترەوە بە یەک چوێنراوە ئێستە تا نەوترێ قژی ماش و برنجییە، بەرێمبەرەکەمان حاڵیی نابێ، بە شێوەیەک کە بووە بە ئیدیۆم.. یاخود باڵی ئەڵی چنارە، یان کە کچێکی شۆخ ئەبینرێ ئەوترێ ئەڵی مانگە، هەموو ئەم لێکچواندنانەو زۆری تریش ڕ وژانە ڕوو ئەدەن.. گەر ئەمانە لە زمانی ئاساییدا بە ئاسانیی بێ وبچێ، هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوو شتەکە لە چاوی وەرگرەوە بە ئاسانیی بەرێورد ئەکرێن واتە مەئلوفە، بە پێچەوانەی بەکارهێنانی لە شیعردا کە دۆخێکی نائاسایی بە شیعر

ئەبەخشێ واتە لە مەئلوفیی ئەخا، چونکە لە شیعردا هەر گرنگ نزیکایەتی نییە لە نێوان بە یەکتر چوێنراوەکاندا، بەڵکو ئەبێت ئەو شعورەمان لا دروست بکا کە لە توانادایە لە یەکێکیانەوە بچینە سەر ئەوی تر.
ئەم شێوە وێنەیە بەهۆی ئەم ئامرازانەوە ڕووئەدەن( وەکو، لە......ئەچێ،چون، ئەڵی یان ئەتوت.....ە)..
ئەمانە نموونە دیارەکانی لێکچوانن و بە ڕوونیی پێکهاتەی وێنەکە دەرئەخەن کە بە هۆی لێکچواندنەوە بەرهەم هێنراوە.. هەوڵ ئەدەین لە هەریەکەیان و نمونەی تایبەت وەرگرین.

من پەنجەکانم بۆنێکی پیسیان لێدێ
تۆش کەنارەکانت
پڕە لە کەللەسەر
پڕە لە مناڵی زۆڵ
کەنارەکانی تۆش وەک پەنجەکانی من بۆگەن بوون
" سالار عوسمان- نووسینەوەی باران- پەنجەکانم"
لەم نموونەیەدا لێکچواندنەکە بە هۆی وەسفەوە بۆ هەردوو پێکچوێنراوەکەو پێدانی سیفەتی پیس بوون بە هەردووکیان، شتێکی بۆ خوێنەر جێنەهێشتووە تا گومانێک لە پێکچوێنراوەکان بکات و هەوڵی زیاتر بەرێورد کردنیان بدات، ئەو بە دوو وێنە هەردووکیانی وەسف کردووە وەک یەکتر لێکچواندنەکەی بە باشیی ڕوونکردۆتەوە:

مەنفا ئەڵ:
تۆ ئەوینێکی راِکردووی

خۆت لێرەیت و بەڵام گیانت بۆ وەیشومە جێهێشتووە.
پاساوی تۆ و کەفەژیلکە لە یەک ئەچن
نە زەریا پرواى پێ ئەکا و نە وشکانیی.
........................
دوو دەستی چۆڵ.. چون پێدەشتی دەوری کەرکوک
دە پەنجەی چاو گریاناوی لە گیرفاندا
ئەڵی منالی ئەنفالن.. لە گیرفاندا.
دە پەنجەی ناو گەردەلوولی.. لەتاو ئازار
کلۆی نینۆک توور ئەدەن.. لە گیرفاندا.
دە پەنجەی لاڵی زمانم
وەک دە وشەم لەبەردەمی ئەنقەرەدا
دە پەنجەی ماتی ژێر چارشێو.. لە گیرفاندا
وەک دە کیژم لە سنەدا.

" شێرکۆ بێکەس-
بۆنامە"

جۆرەکانی خواستن "الاستعارە":

لە پێناسەیەکی تەقلیدیدا خواستن بە جۆریک لە مانا مەجازییەکان لە قەڵەم ئەدرێ، بە گشتیی نزیکییەک لە نێوان لێکچواندن و خواستندا هەیە، ئەویش لە وەرگرتنی دوو پێکچوێنراوەکەدایە، هەروەک هەردووکیشیان وێنەی ئاخاوتنن، جیاوازیشیان ئەوەیە کە وشەی بەرێوردکاریی نێوان دوو پێکچوێنراوەکە(وەک، چوون، ئەڵی... هتد) لائەبرێ، کەواتە گەر لەو نموونەیەی شێرکۆ بێکەسدا لە بری ئەوەی بڵێت: وەک دە وشەم لە بەردەمی

ئەنقەرەدا بوترایە: دە وشەم لە بەردەمی ئەنقەرەدا، ئەوا ئەبوو بە خوازراو.. جگە لەوە لە بونیادی خۆیدا خواستن پشت بە چاوگەیەک ئەبەستێ تا بینای کایەی ئامانجەکەی لەسەر بکا، کەواتە کایەی ئامانج پشت بە کایەی چاوگەکەی ئەبەستێ.

لەم بەرگەی کتێبەکەدا هەوڵم داوە زۆر بە کورتیی دەربارەی خواستن بدوێم.. بە کورتیی من نامەوێ دەربارەی خواستنی چەمکیی- واتە ئەو جۆرە خواستنەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا چووەتە ناو زمانەوە و بواری گۆڕانکاریی تیادا نەماوە- هیچ بڵێم چونکە باسێکە دوورترە لە شیعرەوە.

با نموونەی تر وەرگرین:

تۆ سەکری سەکرانی و بە بەفر لەسەر یاڵ
لەسەر بەرد، لەسەر هەرد، قەسیدەی فێنک و
ژیننامەی ئەوینی هەڵەکۆک ئەنوسی!.

" شێرکۆ بێکەس- خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ"

سەرەتا و بە سەرنجی ئەو جیاوازییە کەمە گەر ڕوانین، ئەبینین جیاوازییەکە شتێکی ئەوتۆ نییەو ئەگەر تەنها لە لبردنی ئەو وشەیەدا بێت ئەوا کارێکی ئەوەندە جیاواز نییە.. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە لێکچواندندا هەردوو پێکچوێنراوەکە تێکەڵ ئەبن و نوسەر هەمیشە خەیاڵی لەسەر پێکچوێنراوی یەکەمەو لە سیفاتی ئەوەوە ئەڕوانێتە دووەم، بەڵام لە خواستندا هەردوو پێکچوێنراو سیفاتی تاکێتی خۆیان ئەمێنێتەوە و نوسەر

مامەڵە لەگەڵ تاکێکی سەرپەخۆدا ئەکا.. وەک لە نموونەکەماندا هاتووە کە ئەڵ تۆ سەکری سەکرانی، شاعیر کە دێتە ڕستەو دەستەواژەکانی پاش ئەو مامەڵەی سەکری سەکران لەگەڵ ئەو تۆیەدا ئەکات.. واتە سەکری سەکران سیفەتێکی تازەتر وەرئەگرێ و سیفاتە سەرەکییەکەی خۆی ون ئەکا.. ئەم خوازراوە خواستنێکی دەوڵەمەندە، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ سیفاتێکی هاوبەش لە نێوان دوو پێکچوێنراوەکەدا نییە، گرنگترین سودی خواستن دەوڵەمەند کردن و پێدانی مانای قوڵ و فراوانە بە شیعر، گەر بە هۆی خواستنەوە نەبێت ناتوانین خوێندنەوە جیاوازەکانمان بۆ دەقی شیعریی ڕەگ و ڕیشە داکوتێ.. چەند جۆرێکی خواستن لە شیعردا بەکار ئەهێنرێ، کە دیارترینیان لەگەڵ نموونەکانیاندا باس ئەکەین.

یەکەم: خواستنی ناوەکی"الاستعاره الضمنیه":

لە ڕستەی شیعریی سەکری سەکراندا خواستنی ناوەکی هەیە، خواستن جۆرێکە لە جۆرەکانی دوورنیازیی چڕکراوە-الکنایە المختزلە- بە لەبەرچاوگرتنی هەموو داتایەکی بچوک دەربارەی بابەتەکەی، بۆ بەجیا بەرێوردکردن، بەڵام خوازراوی لەمجۆرە تەنها کۆمەڵێک وردەکاریی پێک ناهێنآ و بەس، بە پێچەوانەوە بەڵکو توانای ئەم ڕستەیە لەو مانا شاراوەیەیدایە کە هەڵیگرتووە لە گەیاندنی سەرنجە هەواڵییە گشتییەکەیدا.. ئەم جۆرە خواستنە مانای لابەلا لای خوێنەر دروست ئەکا، بێهاوکاریی کردنی هیچ

هۆکارێکی دەرەکیی، واتە خوێنەر بە ڕۆشنبیریی خۆیەوە ئەو مانا لابەلایانە بۆ ڕستەکە ئەدۆزێتەوە..
هەروەک پەیوەندییەکی پتەویش لە نێوان دوو شتە بەرێوردکراوەکەدا ڕایەڵ ئەکا:

به دەریادا،
ئەتانبەمەوە سەر یەکەمین دڵۆپە ئاو
لەوێ ببینن،
چۆن شەڕەکان لە ئاو هەڵئەکێشرێن
چۆن چۆنی پرسیارەکان قەد ئەکرێن
ببینن
چۆن شۆڕشەکان ئەخرێنە مۆزەخانە و
چۆن چۆنی ئاشتییەکان
لەبەر هەتاو هەڵئەخرێن.

"دلاوەر قەرەداخی- تەیرەکانی ئیسماعیل- ڕەشنوسی تەیرەکانی ئیسماعیل"

لەم وێنانەی ڕەشنوسی تەیرەکان و خاچ و ماردا "تۆ سەکری سەکرانی"، لێکچواندنەکان گەیشتوونەتە ئاستێک کە هیچ کۆلکەیەکی هاوبەش نییە لە نێوان پێکچوێنراوەکاندا، بە پێچەوانەوە ڕەنگە سەرسام بوون لای خوێنەر پەیدا بکا، بەوەی کە چۆن کەسێک بە چیا ئەچوێنرێ و شەڕ لە ئاو هەڵئەکێشرێ و شۆڕش ئەخرێتە موزەخانەوە و ئاشتیش هەڵئەخرآ؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە خواستنانە ئەکرێت مەدلولی

ڕاستەوخۆشیان هەبێت یان واتای ڕووت- ئەبستراکت- یشیان هەبێت، بەمجۆرە بە پێی هێمای ڕستە شیعرییەکان:

سەکری سەکران: هێز و خۆڕاگریی.
شەڕەکان: بێمانایی.
شۆڕشەکان: بەسەرچوون.
ئاشتییەکان: پشتگوێ خستن.

واتە هەر یەکێک لەو ڕستە شیعرییانەی کە وشەیەکم لێوەرگرتوون، ئەکرێت ئەو مانا ئەبستراکتەی هەبێت، - بەپێی هەناسەی شیعرەکان- یاخود خوێنەر وێنایەکی- تێور- ی زەینیی یاخود بینراوی بۆ وێنەکە هەبێت.

دووەم: خواستنی پەنهان"الاستعارە الکامنە":

کاتێک کە یەکێک لە پێکچوێنراو-بەرێوردکراو- ەکان ئاماژەی بۆ ناکرێ، واتە شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دروستی ئەکا، یاخود بە شتێکی تری ئەچوێنێ و بە سیفاتی ئەو شتەوە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات، ئەوا ئەکەوینە بەردەم خواستنی پەنهانەوە.. گەر بچینەوە سەر ڕستە شیعرییەکانی ڕەشنوسی تەیرەکان و بەرێوردیان بکەینەوە ئەبینین بەم شێوەیەیە:
شەڕەکان: بەجل چوێنراون ئەو کات لە ئاو هەڵئەکێشرێن.
شۆڕشەکان: بە پارچەی ئاسەوارو کۆنە چوێنراوە، ئەوکات ئەخرێتە موزەخانەوە.

ئاشتییەکان: بەجلوبەرگ و ئەوکات هەڵخستن.
شاعیر ناڵ شەڕ بە جل وبەرگ ئەچوێنم و ئەوکات لە ئاوی هەڵئەکێشم- لە نموونەکانی تریشدا بە هەمان شێوە- ، بۆیە ئەمە خوازراوی پەنهانییە، کە بەشێکی ئەم بەرێوردکارییە ئاشکرایەو بەشەکەی تری شاراوە.

سێیەم: خواستنی کەمە پەنهان:

دەریا شەپۆل.. گۆرانییەک حەرفەکانی
شیعرو وەزن
نەسیم خەونی سپیدەیەکی حەزین!
تەنهام... تەنها
لە نیشتیمانی عەتف دا، مەرگ بە سەوزی دەبینم.

" هەمزە گوڵنی- ڕوبارێک لە سەرخۆشیدا- ڕوبارێک......."

شەپۆل ودەریا، گۆرانی و شیعری کێش و سەروادار، نەسیم و خەونی سپیدەیەکی حەزین، ئەمانە هەموو ڕستەی هەواڵیین، بەڵام لە تەنیاییەکەوە ئیتر ڕستەکە ئەگۆڕێت و – لە نیشتیمانی عەتفدا مەرگ بە سەوزیی ئەبینم- پێکهاتەکەی ئەگۆڕێت، ئەبێ بە ڕستەی خواستن تیادا بەکار هێنراو واتە ئەبێتە ڕستەیەکی ئاوێتە لە گەیاندنی زانیارییەک واتە هەواڵ و بیرۆکە و خواستن.. بەڵام خواستنی ئەم وێنەیە جیاوازە لە

خوازراوەکانی تر و پێی ئەوترێ خواستنی پەنهانی لاواز، چونکە مانای خوازراوەکە بە تەواویی ڕوون نەکراوەتەوە.
هەواڵە کردنی سەوزیی بۆ سەر هەر خوازراوێک چەند ئەنجامێکی لی
ئەکەوێتەوە، نزیکترینیان لەم وێنەیەدا دوو دەلالەتە، ئەوانیش بەم شێوەیە:
ڕ- یان ئەوەتا بە سەوزیی و گەشاوەیی ببینرێ، کە بەو جۆرە ئاماژە ئەبێت بۆ وەرزی بەهار و لەگەڵ تەنیایی و وێنەکانی تری قەسیدەکەدا یەکناگرنەوە، تەنها لە ئاماژەکردنییەوە نەبێ بۆ ڕوانین، واتە دەرکەوتنی زەقی بەهار و دەرکەوتنی یەقینی مەرگ، کە ئەمەیان زیاتر ڕێی تێئەچێ.
ب- یاخود ئاماژە کردنە بۆ سەوزیی خواردنی شتێک کە ئیدیۆمە لە زمانی کوردیدا و دەلالەتە بۆ کۆتا پێهێنانی ئەو شتە پێش پێگەیین و وادەی خۆی، کە لێرەدا ئاماژە کردن ئەبێت بۆ بینینەوەی مەرگ لە گەنجێتیدا کە پێش وادەی خۆی دەرکەوتووە.
هەر وێنایەکیان، بینینەوەیەکی جیاوازە و هەردووکیشیان ئەوە دەرئەخەن کە وێنەکە هەواڵە کراوە بۆ سەر خوازراوەکە، کە نیشتیمانی عەتفە لێرەدا.. ئەم دوو خوێندنەوە جیاوازە بۆ ئەو خوازراوە و خوێندنەوەی تریش، ئەبنە خوێندنەوەی خوێنەر بۆ هەواڵە کراوێکی نادیار کە لە ڕێگەی خوازراوێکەوە بە ئێمە گەیشتووە، بەم جۆرە نادیارییە لە شیعردا ئەوترێت خوازراوی پەنهانی لاواز لە شیعرداو گرنگترین سودێکی قوڵکردنەوەی ماناکانە لە شیعردا.

چوارەم: خواستنی ئاڵۆز:

ئەی هۆنراوە
دەبەس سەرەتاتکێ بکە و
وەک کچۆڵەی چواردە ساڵە
قژە پەلکە زێرینەکەت
لە پەنجەرەی ئەم دڵەوە
بخەرە ناو گۆمی باوە..!
ئاخر دوایی پرچە درێژە سەوزەکەت
دەسوتێنن..!
خۆ تۆیان لا شەنگتر نییە
لەو هەموو دارەی سووتاوە..!

" لەتیف هەڵمەت- وشەی جوێن گوڵە گوڵ- سەرەتاتکێ"

ناونیشانی ئەم شیعرە سەرەتاتکێیەو نەک هەر ئەو ئاماژەیە، بەڵکو قژ و پەلکە زێرینەکەی و، پرچی درێژی سەوز چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ شیعردا نییە گەر بە مانای پەتیی وەربگیرێن، بەڵام لە گشتیی شیعرەکەدا پەیوەندییەکی دینامیکیی دروست ئەبێت و ئەو خوازراوانە زۆر بە ئاسانیی ئەچنە سیاقی لۆژیکە شیعرییەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکان شیعرەکەیان دەوڵەمەند کردووە.. ئەم جۆرە پەیوەندی دروستکردنە لە نێوان خوازراوی لەمشێوەیە، کە بە گرانیی هەواڵە ئەکرێت و دواتر ئەبێتە مایەی جوێنکردنی وێنەو بیرۆکەکە، خوازراوی ئاڵۆز بەرهەم دێت، یاخود بەو

جۆره خواستنانه ئەوترێت: خواستنی ئاڵۆز.. ئەم جۆره خواستنانه دەوڵەمەندو ئاڵۆزن.

پێنجەم: خواستنی دیاریکراو:

من لە باکوری غەریبیم.
بزر بووم و وێڵ و بێواز
لەسەر کورسیەکی بەدبەخت
بەرێمبەری ئاوێ گرینۆک دانیشتووم.
جۆگەیەکی گرینۆک، گڕۆز، گرینۆک
ساتآ چییە بێدەنگ نابێ و داناسەکنێ
پێئەچێ ڕووباری دایکی
لە شەوێکی باوبۆراندا
ئەمی تەنیا جێهێشتبێ و
خۆیشی ڕەدووی
کەڵە زەریایەک کەوتبێ!.
جۆگەیەکی گرینۆک، گڕۆز، گرینۆک
من بزرو، ئەو گرینۆک!
ئەز نازانم ئەم بە کێ ژیر ئەبێتەوە
لە دوای دایکی و؟!
منیش لەدوای کوردستانم
ئەبێ کێ بمدۆزێتەوە؟
"شێرکۆ بێکەس- ئێوە.. بە خۆشەویستیم
ئەسپێرن- ونبوون"

لەم وێنەیەدا خواستنی دیاریکراو بەکارهاتووە، لەو دوو ڕستەیەدا کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە.. خواستنی

دیاریکراو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەزموونێکی شاعیر لە وێنە دوورو درێژەکاندا هەیەو باس کردنی جۆگەو گریانی بۆ دایکی بە وێنە عاتفییەکانی دەقەکە نیشان ئەدرێن و مەبەستی سەرەکیش لەو دوا وێنە هێڵ بە ژێردا هاتووەیە کە شاعیر ئەیەوێت لە بەرێوردکردنێکدا لە حاڵەتێکی عاتیفی تر بدوێت و بەو وێنە کورتکراوو لە هەمان کاتدا دیاریکراوە سەرجەم تەفسیلەکانی کۆ بکاتەوە، چاوگەی هەواڵە کراوەکە کە کوردستانە دیاریی ئەکات و بوار نادات بە وەرگر بە شوێن چاوگەکەیدا بگەڕێت، دروست ئەمە خواستنی دیاریکراوە.. لە هەندێک شوێندا وا ڕووئەدات کە ئەمجۆرە خواستنە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێک داتای تێکەڵ و پێکەڵ و هەڵپڕێژراو بێت و ئەیکات بە کۆمەڵەیەکی جوێن و زەوق و توانا لە داڕشتنی پێکچواندنەکاندا دەرئەخات، واتە بەو کۆکردنەوەیە بەشێکی هاوسەنگ دەرئەخات.. ئەو نموونەیەی سەرەوە هەرچەندە تەفسیلەکەی لە تەنها بابەتێکدایە کە جۆگەیە، بەڵام بەو خوازراوەی کە چاوگەکەی دیاریی کردووە هاوسەنگییی بە وێنەکە بەخشیوە.

شەشەم: خواستنی فراوان:

گۆی زەوی، بیابانێکی وشک بوو
کە یەکەم جار، بەژنی ژن و
چاوی ژن و
دەمی ژن و

مەمکی ژنی بینی،
لەبەر خودا پاڕایەوەو گوتی:
منیش شەنگەبی و
دەریاچەو
گوڵستان و
لوتکەم، گەرەکە.

" قوبادی جەلی زادە- کتێبی قوبادی جەلی زادە- پۆشتەترین ڕووت3"

سەرنجی ئەم پارچە شیعرە بدەین، لە نێوان زەوی و جەستەی ژندا کۆمەڵێک پێکچوێنراو هەیە:
بەژن:شەنگەبی.، چاو: دەریاچە، دەم: گوڵستان و مەمک: لوتکە.. بەڵام ئەمانە هەر یەکیان و سەر بە جیهانی جیاوازن، واتە نەک تەنها لە نێوان بەرێوردکراوەکاندا پێکچواندن هەیە، بەڵکو لە نێوان جیهانی هەر یەکێکیشیاندا..ئەم جۆرە خواستنە پێی ئەوترێت خواستنی فراوان و مەودای بەکار هێنانی زۆر فراوان نییە، چونکە ئەبێت هاوشانییەکی تەواو لە نێوان پێکچوێنراوەکانی هەردوو جیهانەکە و، هەردوو ڕووبەرەکە خۆشیدا هەبێت، کە ڕەنگە دەگمەنیی ئەم حاڵەتە وایکردبآ کەم شاعیر خۆی لە قەرە بدات.

حەوتەم: خواستنی ناوەکیی زانراو:

بەکارهێنانی ئەم جۆرە خواستنە، نێگەتیفانە کار ئەکاتە سەر دەق و بابەتەکە و لە زمانی سروشتییەوە

نزیکی ئەکاتەوە، یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی لاوازیی ئەم جۆرە خواستنە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە بەرفراوانیی بەکاردێت، کەسەکان بۆ دەربڕینی هەر شعورێکی تایبەت کە مانایەکی قوڵیان بۆی هەیە، پەنا ئەبەنە بەر ئەم جۆرە خوازراوانە، لەبەر ئەوەی دروستکردنی بیرکردنەوەی زۆری پێویست نییە..

خواستنی ناسینەوە ئەو خواستنانەن کە بابەتێکی سست وەک سیفەتێک ئەدا بە کەسەکان، وەک " دڵی پێی ئەسوتا، زوخاڵی لی ئەچۆڕا، ئارامی لەبەر بڕابوو، چاوی پڕبوو لە وشە، دڵی بۆی ئەیەشا، پشتی شکا و ...هتد.."

ئەم نموونانەو زۆری تریش، ئەبنە مایەی لاواز کردنی دەق.. نموونەی دەقی لەم بابەتانەشمان زۆرن گەر بە وردی سەرنج بدەین.

هەشتەم: خواستنی ڕاستەوخۆ:

لە ڕاستیدا ئەم بەشەیەیان پەیوەندیی بەداهێنانی شیعرەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە یاساو ڕێسای فۆرمی نووسین و تەنها بۆ بەرچاو ڕوونیی و ئاڵۆز نەبوونی بابەتی خواستن باسی ئەکەم.. ئەمجۆرە خواستنە هەموو ئەو نموونە خوازراوانەن کە لە بابەتێکەوە وەرئەگیرێن و وەک خۆیان بەکار ئەهێنرێنەوە و ئاماژە بۆ سەرچاوەی بابەتە سەرەکییەکە ئەکرێ کە خوازراوەکەی لێوە وەرگیراوەو ئەخرێتە نێوان دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی دەلالەت لەوە بکات کە ئەو پارچەیە لە دەقی ترەوە وەرگیراوە، ئەمە جاروبار لە شیعریشدا

ئەکرێت.. ئەم جۆرە خواستنە هیچ پەیوەندی بە داهێنانەوە نییە وەک باسمان کرد، بەڵکو خواستنی ڕووکەشە و لە بنچینەکانی لێکۆڵینەوەدا بە خواستن ناو ئەبرێ.

جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان:

لەو هەموو دەقانەی کە ئێستە بڵاوئەبنەوە بە ناوی شیعرەوە، ڕەنگە هەندێکیان دوور و نزیک پەیوەندییان بە شیعرەوە نەبێت، بەڵام لەبەر نەبوونی هەڵمەتێکی ڕەخنەیی بۆ جیاکردنەوەی سنورەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە ئەدەبییە، زۆر جار هەندێک – بەناوشیعر- زیان بە دەقە شیعرییە جوێنەکانیش ئەگەیەنێت و خوێنەریان ئەتۆرێنێ، جۆرە ئاخاوتنێک هەیە لە پەنا نوێگەرییەوە ئیفرازاتی خۆی بە ناوی شیعرەوە دەرئەپەڕێنێ وهەیە بە بیانووی دژ بە نوێگەریی، لە ڕاستیشدا هیچیان لەوی تریان بایەخدارتر نییە.. گرنگ ئەوەیە لەبەر نەبوونی سەرچاوەکان و گوێ پێ نەدانی خوێنەری جاد، ڕەش و سپیی تێکەڵ بە یەکتر کراوە.

گێڕانەوەی هەر یەک لە شیعرو پەخشان بۆ سەر پێگەکانی خۆیان، ڕەنگە ئەو سودەی هەبێت کە هەموانمان زیاتر لەو دوو ڕەگەزە بگەیەنێ و خوێنەریش ئامادە بکا کە هەموو نوسینێک بە شیعر وەرنەگرێ، ئەم خاڵانە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان شیعرو پەخشانە لە نوێترین خوێندنەوەیاندا، بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان:

1- دوا ئامانجی شیعر گەیاندنی شتێک نییە بە پێچەوانەی پەخشانەوە کە ئەبێ دەرەنجامێکی هەبێ و شتێکی دابێ بە دەستەوە.
2- هاوزەمانیی بوون، یاخود دەرخستنی سەردەمی نوسین و وابەستەکردنی بە سەردەمەکەیەوە ئەرکی پەخشانەو بە پێچەوانەوە  لە شیعردا ناتوانین ئاگامان لە زەمەن بێت، یاخود زەمەن دەرخەر نییە.
3- زمانی هێمایی ڕاگەیاندن لە پەخشاندا بایەخی گرنگی هەیە، واتە ڕاگەیەنراوێکی سیاسی یا کۆمەڵیەتی لە پشتەوەیە، بەڵام شیعر بایەخی خۆی بە زمانی ڕەمزیی شیعریی ئەدا.
4- ئەگەر شیعر بە ناوی پەخشانەوە یان بە پێچەوانەوە پێشکەش بکرێن، ئەوا ڵدانە-تحریف-، واتە گەر پەخشانێک ڕیتمی شیعری بدرێتێ، یان شیعرێک وابەستەیی خۆی بە زەمەنەوە ڕابگەیەنێت.. نموونەی لەو جۆرەیە.
5- شیعر شعورێکی زیاتری پێویستە لە پەخشان.
6- شیعر هەست ئەخرۆشێنێ و بەرەو خەیاڵ ئەڕوا، بەڵام پەخشان زانیاریی بابەتەکەی ئەگەیەنێت و بە ئاراستەی عەقڵدا ئەڕوا.
7- دەقی پەخشانیی دەقێکی هەواڵنامەییەو حەقیقەت ئەگەیەنی، بە پێچەوانەی شیعرەوە کە ئەو حەقیقەتە گرنگ نییە بەلایەوە چییە، بەڵکو گرنگیی ئەدا بەو شعورەی پێوەی لکاوە.
8- بابەتی شیعر کاردانەوەی عاتفیە بۆ ڕوداوێک.. بەڵام بابەتی پەخشان ڕوداوەکەیە و بە شێوەیەکی وەزیفیی دائەڕێژرێ.

9- پەخشانی خەیاڵیی ئەو زانیارییە ئەوروژێنێ کە هەڵیگرتووە، بەڵام شیعر بەم زانیارییانەوە گیرۆدە ناکرێ.
10- شیعر تەنها عاتیفە نییە بەڵکو زۆر بەهرەی فکریی تری ئەوێ"زاکیرەی باش،هەستکردن بە هاوڕێکیی، توانای پێکەوە لکاندنی وردەکاریی".
11- پەخشان توانای عەقڵیی پێویستە، بەڵام پێویستیی شیعر نییە.
12- عاتیفە پێویستیی بە بەکارهێنانی شێوازی ڕەوانبێژیی تایبەتە وەک لێکچواندن و مەجاز، کە تەواو ئەگونجێ بۆ گوزارشت کردن لە عاتیفەو ئەمەش لەگەڵ شیعرا ئەگونجێ و پێویستی بە لەرەو کەرتکردن هەیە،
13- ئەو پەخشانەی خەیاڵیی بێ یان گرنگی بە شعور بدا هەر بە پەخشانیی ئەمێنێتەوە، لە کاتێکدا شیعر ئەتوانی عەقڵیی بێ یان گوزارشت لە حەقیقەتێک بکات.
14- شیعر پێویستیی بە شیکردنەوەی ورد هەیە لەبەر ئەوەی دەرەنجامی ئاڵۆزو گرانی هەیە، بە پێچەوانەی پەخشانەوە کە خێرا وەرگر لە دەرەنجامەکان و مەبەست ئەگات  و چ ماندوو بوونێکی زەینیی ناوێ.
15- پەخشان شێوازی ڕێکخراوی ئاخاوتنی سروشتییە، بە پێچەوانەی شیعرەوە کە بونیادێکی ئاڵۆزی هەیە.
16- وەرگرتنی چێژی ئیستاتیکی لە پەخشاندا ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست و لەسەر دەستی فۆرمالیستە ڕوسیەکان، ئەگینا لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا تێکەڵ بە بابەتەکانی فەلسەفەو ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوو.. ئەمە مانای ئەوەیە کە دەرکەوتنی پەخشانی هونەریی تەمەنی زۆر نوێیە لە چاو شیعردا.

17- ڕیتم یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی شیعر، بە پێچەوانەی پەخشانەوە کە بایەخی پێنادا.
18- جیاوازی لە نێوان شێوەی نوسینی شیعرو شێوەی نوسینی پەخشاندا هەر ماوە، چونکە هۆکارێکی دەستکردە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر، لە تێکەڵ کردنیشیاندا سودێک نییە، لەبەر ئەوەی لە پێگەکانی تریاندا جیا ئەبنەوە.

زیادەڕۆیی " إفراط":

زیادەڕۆیی لە هیچ شتێکدا باش نییە، بە تایبەت لە هەر تایبەتمەندێتییەکی شیعرییدا.. زۆریی بەکارهێنانی مەجاز و خواستن و لێکچواندن و هەڵڕشتنیان بە سەر یەکەوە، کار لە ڕیتمی دەروونیی خوێنەر ئەکات و شیعرەکەش بەرەو ئاڵۆزیی ئەبێ، لە کاتێکدا تۆ بتوانی بە کورتترین ڕێگە وێنەکەت بگەیەنی و کەچی بەم زیادەڕۆییە باری بکەیت.. گەیاندنی بیرۆکەیەک" ڕوداو، دیاردە، ئیحساس" تا بە کەمترین وێنەی ڕەوان بگاتە وەرگر، لە ئاڵۆزکردنی چاکترە، کەڵەکە کردنی وێنەش بە مەبەستی درێژ دادڕیی، یاخود تەسەللا نەشکانی نوسەر لە وێنەکانی خۆی میزاجی خوێنەر ئەشێوێنێ و لە دەقەکەی ئەتۆرێنێ.. چاکترین حاڵەت دوورکەوتنەوەیە لە هەموو جۆرە زیادە ڕۆییەک و پێشکەشکردنی دەق بە جوێنترین و پتەوترین وێنە.. ئەم وێنانەی خوارەوە هەر یەکەو گوزارشت کردنە لە شعورێکی تایبەت بەبێ پەنابردنە بەر زیادەڕۆیی: بەڵکو بتوانم شەوێکیان

بەتاکێک لەم خەونە دڕاوانەی بەسەر پێمەوە ناوەستن،
دانەیەک لەو جریوە مێخۆش و نزمانەت بۆ بەردەمەوە خوارێ؛
کە بەئاسمانی منالیمەوە شک دەبردن!
بگەڕێوە!!
ئەم عومرە بەئاسانی لەپشت- با- وە بەسەر نابرێ!
ئەو..؛پێ بەپێ لەگەڵ خوڕەی نەزیفی
داڵغە ڕەنگپەڕیووەکانی پەنجەرەدا
بەهەموو مندا هەڵزنا!
یەک بەیەکی ڕەنگی
ئەو ئاوە تەڕو هەزار ڕەنگانەی
سەر بەرەو خوار
لەبەینی قەفەزەی سنگی خەیاڵمەوە تێ دەپەڕین،
لەژێر پێیدا توێخیان هەڵدا!
دانە بەدانەی ڕۆژە لرەملەکانم،
لەخورپەی ئەو
بەناو قەدی باڵەخانەکانی مردنەوە
تاس بردنیەوە و...
نەگەیشتن ئەوەندە هەڵکشێن

" فەرەیدون پێنجوێنی- دەسڕێژی سێو- ڕاوچی ئەستێران"

خۆ بەدەستەوەدان و لایەنگیریی:

خۆبەدەستەوەدان زۆر لایەن ئەگرێتەوە، گرنگترینیان خۆ بە دەستەوەدانە بۆ شەپۆلی باو.. لەناو ئەمیشدا زۆر لکی تری لی جیا ئەبێتەوە، گرنگترینیان شێوە زمانی باوی نوسینە.. شەپۆلێکی باو هەیە بۆ گۆڕینی وشەو زاراوە شیعرییەکان بە خستنەبریی وشەو زاراوەی عەرەبی و فارسی، بە دڵنیاییەوە کەس لەم تێهەڵکێشەیە سودمەند نابێت و زیانی گەورەش بەر دەق و زمان ئەکەوێت.. زمان پڕ ئەبێ لە وشەی تێکشکاوی ئەملۆڵ و دەقەکەیش خوێنەری خۆی لە دەست ئەدا، چونکە ئەو وشانە ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەی نوسەردا ئاسان بەکار بهێنرێ و وەڵامدانەوەی باش بە دەست بهێنێت، بەڵام بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ژیانی ناو دەقدا ئەبێتە هۆی پیس کردنی ژینگەی زمان و کەمکردنەوەی گرنگییدان بە زمان- کە ئەم حاڵەتە تەنها کوردی گرتۆتەوە-، لەلیەکی ترەوە خوێنەریش ناتوانآ بە ئاسانی چێژ لە شیعرێکی تێکەڵە زمان وەرگرێ.. ڕەنگە چەند وشەیەک کە بە هۆی زۆریی بەکارهێنانیانەوە لە زمانی کوردیدا تواێتەوە، بەکارهێنانیان ئاسانتر بێت، یاخود هەندێک جار جوێنیش بێت.. ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە زمانی ڕۆژانە بە هەموو کاریگەرێتییەکانیەوە بۆ شیعر بگوێزینەوە.. لە چاوپێکەوتنێکی- شێرکۆ بێکەس- دا ستایشی هەوڵ و تەقەڵی ئەو نوسەرانەی کرد کە لە ماوەی بیست ساڵدا داڕشتن و زمانی بەکارهێنراوی - بانگی کورد1919- یان گۆڕی بۆ زمانی بەکارهێنراو لە- گەڵوێژ 1939- دا.. ئاخۆ نەوەکانی داهاتوو چۆن هەوڵی ئەو زاتانە ئەنرخێنن کە زمانی –گۆران و هەردی و دیڵن و

موکری و شێرکۆ و پەشێو و هەڵمەت و چەندانی تر- تێک ئەشکێنن و ئەم وشانە فڕێ ئەدەنە زمانی کوردییەوە:
"فەنا، عومر، شەهد، شەبەق، حاسیل، سەفا- بە پیتی عەرەبی وەک خۆی-، عەبەس، موزاهەرە، خورافات، وەهم، سوڵتان، هەڵ، مەملەکەت، شەوق، فەتحی سالانی نامورادی.. جیهادی شمشێرباز، قەسوەت، شەرارە، مەلەکوت، ئەمەو چەندین وشەی تر کە جێی خۆیان لە زماندا کردۆتەوە وەک:حەسرەت، مەودا، خەڵوەت، شەراب، زەمەن، قیامەتی ڕۆح، ئیزن، جگە لەوەی هەریەک لەم وشانە چەندین جار دووبارە کراونەتەوە، هەموویشی لە شیعرێکی 62 دێڕیدا.
گەر لە ژماردن و جیاکردنەوەی ئەو وشانە بین لە هەر شیعرێکدا کە ئاوا سەرنجمان ڕاکێشاً.. ڕەنگە ئاسنی سارد کوتان بێ.. گرنگ ئەوەیە لە هەڵەیەکی ئاوا زەق خۆپارێزیی هەبێ، ئەمە تەوژمی شەپۆلی مۆدیلەو هەر لەگەڵ ئەو جۆرە نوسینانەشدا بەسەرئەچن.
جۆرێکی تری خۆبەدەستەوەدان، دوای بابەت کەوتنە، تا پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دەقەکە بابەت پێویستەو دوای ئەوە ئەبێتە بارێکی گران بەسەر دەقەوە، بە شێوەیەک لەگەڵ خواستی خوێنەردا یەکناگرێتەوە و ئەویش بە دەوری خۆی فەرامۆشی ئەکات" ئەم باسەمان لە بابەتی درێژدادڕیی و زیادەڕۆییشدا باسکردووە"
هەموو جۆرە ڵیەنگیرییەکیش لە شیعردا ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە بۆ سەر دەق، چونکە ئەبێتە هۆی پابەند بوون بە تەنها بابەتێکەوە، کە ڕەنگە بوارێکی فراوانی

نەبێت بۆ سەربەستی نوسین و وێنەو ئامرازەکانی نوسینیش لە سنورێکدا بێن و بچن.

کارکردن لە دیاردەکاندا:

یۆری لۆتمان لە کتێبی شیکردنەوەی دەقی شیعرییدا ئەڵێ" تیۆری وەسفیی لە هونەری شیعردا وەک ئەوە وایە کەسێک تەنها تێبینیی بەس بێت بۆ تۆمارکردنی دیاردەیەکی دیاریکراوی بینراو، بەڵام تیۆری بونیادگەریی گرنگیی بە تێبینییکراو لە دیاردەیەکدا بەو سیفەتە ئەدا کە بەشێکە لە دیاردەکە"
بۆ نموونە گەر لە دیمەنێکی کراوەی دەرودەشتدا، ئێمە تەنها سەرنجمان بچێتە سەر تێبینییە گشتییەکان، ئەوا ئێمە لە بەردەمی دیمەنێکی وەسفیداین.. بەڵام گەر هەموو دیمەنەکەمان بە تەنها تێبینییەک نەهاتە پێش چاو و هەستمان کرد ئەم دیمەنە لە چەند تێبینییکراوێک پێک هاتووە و بە هەموویان ئاوێتەکە پێک ئەهێنن، ئەوکات لە بەردەمی جیهانبینییەکی فراوانترداین، هەر دەقێکی وایش کە قسەی لەسەر ئەکرێ، ئەبێ بە پێی هەمان تێبینیی وەک کارە هونەرییەکەی تەماشا بکرێ، چونکە دەق بەشێکە لە کاری هونەری.
کەواتە نموونەی شیعرێکی گۆران لە وەسفێکی سروشتدا وەرگرین، ئەبێ لەگەڵ ئەم بنچینەیەدا کۆک بێت:

به ئاسمانەوە ئەستێرەم دیـوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شـەونمی درەخت لە ڕووم پــژاوە

لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
ئەم نموونەیە نموونەیەکی وەسفیی پەتییە، ئاوێتەکان لە یەک تێبینیی کردندا تۆمار کراون و بەمەش وەسفەکە بۆ ناسینەوەی دیمەنەکە گشتگیرەو شیعرەکەش بە گشتیی وەسفییە.. بەڵام لەم نموونەیەی تردا وەرگرتن و هەواڵە کردن بە شێوەیەکی ترە، بۆیە شیعرەکەش سیمبۆلییە- رمزی-:

تۆ گۆیژەیت و لەسەر ترۆپکی بەسەرهات
ڕاوەستاوی و ئەڕوانیتە ئەم زامانە.
دەمێ هەڵمی و دەمێ تنۆک و دەمێکیش
گڕەو پشکۆ.
تۆ خاچیت و لەسەر گۆیژە ڕاوەستاوی و
ئەڕوانیتە ئەم زامانە.
دەمێ گوڵی و دەمێ سووتوو دەمێکی دی
خوێنی ئاسۆ.

" شێرکۆ بێکەس- قەسیدەی خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ"

لەم کۆپلەیەدا ڕەمزو خوازراوەکان بە شێوەیەک وەسفی دیاردەکە ئەکەن، کە گشتگیریی تێدا ونە و بە هۆی چەند خەسڵەتێکی جۆراوجۆری تایبەتەوە- کە ئەم خەسڵەتانە تێبینییکراوەکانن- قسە لەسەر ئاوێتە گشتییەکە هەیە.. کەواتە گەر نموونەی هەر تێبینییکراوێکیان وەرگرین، جیاوازە لە پێکهاتە گشتییەکە.. بۆ نموونە لە وەسفی "تۆ"دا کە لە

دەقەکەدا هاتووە نۆ وەسفی جۆراوجۆر هەیە، کە هەر یەکەیان وەسفێکی تایبەتە بۆ حاڵەتێکی دیارییکراوی "تۆ".

تێک شکاندنی سروشتی دیاردەو ڕووداو و شتەکان:

لەسەر لەپی چەمێکدا، لەسەرمانا ڕەق هەڵاتن
سێوی دەستی خۆشەویستیش، لە سێشەممەیەکی ماندودا،
تووشی چاوەڕوانییەکی موزمین بوو،
موزمین وەک دوژمنایەتی لە.. ئێمەدا..!
"دانا عەسکەر- لە میحرابی سێشەممە ڕۆمانسییەکاندا- میحرابی سێشەممە ڕۆمانسییەکان"

نایابیی شیعر لەوەدایە کە چەندە بەرهەمی خەیاڵە، ئەوەندەش لە خەیاڵدا جارێکی تر ڕەنگ ئەداتەوە و لای خوێنەریش بەرهەم ئەهێنرێتەوە.. سروشتی هیچ شتێک لە شیعردا وەک خۆی نامێنێتەوە و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەوکات شیعر قبوڵیەتی دەرگا لە ڕووی ئاماژە دەنگییەکەیدا بکاتەوە.. واتە هەموو زاراوە و گوزارشت و دەستەواژەیەک شیعریی نیین، ئەبێ ئەو گۆڕانکارییانەیان بەسەردا هاتبێت ئەو کات ئەبنە کەرەستەی شیعر.
هەموو ئەو پەیوەندیانەیشی کە لە نێوان وشەکاندا و لە شیعردا دروستکراون لەمەوبەر، بە هۆی زۆریی بەکارهێنانیانەوە و تێکەڵو بوونیان لەگەڵ زمانی سروشتیدا، سیفەتی شیعرییەتیان لە دەستداوە..

بەواتایەکی تر هەموو ئەو پەیوەندییە کۆنانەی بۆ بیناکردنی وێنەکان بەکارهاتوون، تەنها لە جێی خۆیاندا سەرنج ڕاکێش و جوێنن، ئەگینا گەر خۆی یان هەر شاعیرێکی تر و جارێکی تر هەمان پەیوەندی و ئاوێتە دروست بکاتەوە، مەرجی شیعریی بوونیی لە دەست ئەدات و شاعیر نابێت ئەو پەیوەندییە بکاتەوە بە بناغەی داڕشتنەوەیەکی تریش.. شیعر ئەوە لە شاعیر ئەخوازێت کە پاسپۆرتی پەڕینەوە نەداتە هەموو وشەیەکی سروشتیی، بەڵکو پێویستە ئەو وشانە بە بەرفراوانیی بەکار بهێنرێن بەڵام دوای تێکشکاندنیان و سەرلەنوێ بنیادنانەوەیان.

بۆ نموونە: پەروانەو شەم، باڵندەو قەفەس، جێهێشتن و دێوانەیی، دەریاو فرمێسک ڕشتن...هتد..، هەریەکێک لەم جۆرە پەیوەندییە دروستکراوانەی نێوان دیاردەو شتەکان، زۆر دەمێکە کاری بۆ کراوەو لە ڕووی بەکارهێنانیشەوە خزاوەتە ناو هەموو چین و توێژەکانی بونیادییەوە، لەبەر ئەوە جارێکی تر بواری بەکارهێنانەوەیان نەماوەو گەر ویستمان لە ئەسڵی ئەو دیاردەو ڕووداوانەوە وێنەیەکی شیعریی داڕێژینەوە، پێش هەر شتێک ئەبێ سروشتی ئەو شتانە تێک بشکێنین، نەک تەنها هەر سروشتی خۆیان بەڵکو سروشتی هەموو ئەو پەیوەندییانەیشی کە لەمەوبەر لە نێوانیاندا دروستکراوە.. بەو شێوەیە ئێمە ئەتوانین لە بەکارهێنانەوەی نوێی ئەو وشانەدا وێنەی نوێ بونیاد بنێینەوە.

ئەگەر سەرنجی ئەو وێنە شیعرییەی نموونەکەمان بدەین، بە ئاشکرا نوێگەریی لە پێکهاتەی

پەیوەندییەکاندا لە نێوان دیاردەکاندا ئەبینینەوە.. لەپی چەمێک بە نموونە وەرئەگرین و لٚی هەر یەکەمان مانایەک ئەبەخشێ، بە واتایەکی تر مەدلولێکی بزێوی هەیەو هەمیشە لە جوڵەدایە.. بەڵام لێرە بەدواوە، واتە لەم شیعرەوە ئەگەر ئێمە بە هەمان واتاو مەبەستەوە لەپی چەممان بەکار هێنایەوە، ئەوە کارکردنمان ئەبێتە کار کردنەوە لە پەیوەندییە سەقامگیر بووەکاندا..
ئەتوانین بڵێین لەپی چەم لەدوای ئەم شیعرەوە ئەبێتە زاراوە، بۆیە هەرچەند کەسێک بیەوێت گەر لە چێژ وەرگرتنیەوە بێت یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بەکاری بهێنێتەوە، ئەگەر ئاماژەی بۆ بکات ئەبێتە خواستنی ڕاستەوخۆ و ئەگەر ئاماژەیشی بۆ نەکات، جگە لەوەی کە ناپاکیی ئەدەبییە، کارکردنەوەیشە لە مەئلوف دا..
بۆیە ئەگەر بە هەر هۆیەک ویستمان کاری تیا بکەینەوە ئەبێ بە زاراوە تەماشای بکەین و یەکەمین هەوڵمان بۆ تێکشکاندنی سروشتەکەی بێت.. چونکە دانا عەسکەر هەر لە سەرەتاوە کاری لە تێکشکاندنی سروشتی چەم و لەپدا کردووەو کە پەیوەندیی لە نێواندا دروست کردوونەتەوە، پەیوەندییەکی نوێیە.
بە کورتی مەبەستی سەرەکیی لە خۆ ئەڵوەدا نەکردنە بە گیانی مردووی ئەو وشانەوە کە میللەتێک بە گشتیی و بە چەندین جۆری جیاواز بە بەردەوامیی بەکاری ئەهێنێ و ئیتر ئەو گورەی پێنییە بکەوێتە سنوری جیهانی هەمیشە نوێی شیعرەوە.. چونکە بەردەوام قسەی بە بەرداکردنی بەرگی نوێ بۆ شیعر لە ئارادایە.

ڕامان:
سەرچاوەی پێکهێنانی وێنەکان و بابەتی شیعرییە، تا تێرامان زیاتر سەربەست بێ، وێنەی جیاوازتر و تازەتر پێشکەش ئەکرێ.

ئەی خودایە.. منداڵیم هەمووی ئەشکەنجە بوو/ بەڵام گەلێک لەم ڕۆژە ساردو بێڕەحمانەی ئێستاکە خۆشتر بوو/ ئێستا وەکو تۆپێک لە قەدپاڵێکدا.. تلۆر دەبمەوە/ وەکو سوچەڕێک لە ژێر باراندا دەگریم/ هێندە تەنهام.. بە ئەسپێک دەچم لە دارستان/ هیچ شتێک، هیچ هێزێک، ئەم شورای تەنهاییەم ناشکێنێ.
" بەختیار عەلی- کۆی بەرهەمە شیعرییەکان83_98 – نیشتیمان"
لێک گرێدانەوەی ئەم وێنانە و لە دامێنی قەدی کۆپلەی شیعرێکدا بۆ درێژەدانی شیعریی بە بابەت، تێرامانی زیاتری شاعیرە بۆ بابەتەکەی.. تەنها لە دوو دێڕو نیوەدا شەش وێنە هەیە بە هەردوو جۆرەکەیەوە- وێنەی درەوشاوەی بابەت و وێنەی تەواوکار- لەگەڵ ئەوەشدا تەنیایی- شاعیر تەنهای بەکار هێناوە- زەمینەی شیعرەکەیە، واتە لە بونیادی ژێرەوەی دەقەکەدا وەک مانگ تیرۆژەکانی ئەبەخشێتەوە بەسەر تەواوی هەمان بونیادو بونیادی ڕووکەشیشدا.. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەقەکەش پڕیی وێنەکان ئاستی توانا و فراوانیی تێرامان دەر ئەخا.. شیعر پێویستیی بەم تێرامان و چڕیی دەربڕینە هەیە.

مەجاز:

مەجازو لێکچواندن و خواستن، میکانیزمیی ڕەمزیین بۆ پەیوەندی و خوڵقاندن، مرۆڤ 3000 ساڵێک ئەبێ بەکاری هێناون.. ڕەنگە گرنگـــــــــــی پێدانیان لە ئێستەیدا لەوێوە سەرچاوەی گرتبێ کە بوون بە پردی پەیوەندیی لە نێوان زانستە کۆنەکان و زانستی نوێی ڕۆژئاواییدا، ئەو مەجازانە هەمان بەکارهێنانەوەن بە وێنای جیاوازەوە بۆ زانستە نوێیەکان..
بۆ نموونە ئەگەر وشەی ڕەگ وەربگرین: ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی ڕووەکییەو بە مانای ڕەگی ڕووەک هاتووە، بەڵام هەر زۆر بە خێرایی ئەو بوارە مادییەی خۆی تێپەڕاند.. وەک ڕەگی خراپەکاریی بەکار هات و ئەکرێت بۆ دەلالەت کردنیش لە بناغەی گوتارێک بەکار بهێنرێت، وەک ڕەگ وریشەی گوتارێک.. لە دوواییشدا وەک ڕەگ لە بیرکاریشدا بەکاردێت.. ئەم مەجازە گەر هەواڵەکراوە بنەڕەتییەکەی وەربگرین هەمان ڕەگەکەی ڕووەکە.
بەپێی جیاوازیشیان هەواڵەکراو و مەجازەکان ئەکرێن بە چەند بەشێکەوە :

1- جیاوازیی لە سروشتیاندا:

لە حاڵەتێکدا سیفاتی سروشتیی هەریەک لە هەواڵەکراوەکان جیاواز بێت و بەهۆی یەکگرتنەوەیان لە

بونیادێکی نوێدا، خەیاڵی خوێنەر بەرەو وێنایەکی لۆژیکیی- منگقی- ببات.. لەم جۆرەدا ئاوێتەی کیمیایی وێنەکان لە پێش چاو ئەگیرێن و مەرجی بنەڕەتیی ئەوەیە لەگەڵ ئەو ڕێسایەدا بگونجێنرێت:

شەڕێک لە سوچی ئەوپەڕی سەفەراو
لە بنمیچی ئەوپەڕی گریاناو
لە دامێنی ئەوپەڕی شیعرێکی عەبەسییا
شەڕێک لە سروشتی کاتژمێرێکی درۆزنا،
بە ناوی ژیانەوە جەنگەڵێک بوو لە وڕێنە......

"ڕۆژ هەڵەبجەیی- تا خەو دائەگیرسێ بنوو- وڕێنە"

کاتژمێرو درۆزن لەو وێنەیەدا کە هێڵی بە ژێردا هاتووە هەریەکەیان لە ڕووی سروشتیانەوە جیاوازییان هەیە، لێرەدا هەریەکەیان هەواڵەکراون بۆ سەر مانایەکی تر و بە هەردووکیشیان دەستەواژەیەک پێک ئەهێنن و هەواڵە ئەکرێنەوە بۆ سەر واتای شەڕ.. ئەم بونیادە نوێیە مەجازێکە لەم جۆرەی کە باسمان کرد.

2- جیاوازیی لە کاتدا:

هەموو ئەو هەواڵەکراوانە ئەگرێتەوە کە لە ڕووی زەمەنەوە جیاوازییان هەیە.. واتە هەردوو پێکهێنەرە مەجازییەکە دەلالەت لە زەمەنێکی دیاریکراو ناکەن.. لە هەندێک باردا شاعیر پەنا بۆ ئەم جۆرە مەجازە ئەبێ تا بە هۆیەوە بتوانآ بیرۆکەیەکی خۆی بە شێوەیەک

تێپەڕێنێت، وەک ئەوەی بیەوێت بەهۆی ئەم ئاوێتە نوێیەوە مانایەک ون بکات، ئەم شێوە مەجازە بەکار ئەهێنآ بۆ داپۆشینی مانا ڕاستەقینەکە، بۆیە زۆرجار ئەم مەجازە بە شێوەیەکی ناڕێک وپێک یاخود بە بێ مەبەست ئەوترێت:

ئەو پەنجەرانەیان بە خوێنی منالًیی سواغ دا
کە ئێمە کردبوومانەوە بۆ خۆکوشتن
ئەو دەرگایانەیان بە مین لەودیوەوە کلیل دا
کە ئێمە خستبوومانە سەرپشت
بۆ هەڵاتن!
دلاوەر قەرەداخی- تەیرەکانی ئیسماعیل- ئەو دارشەقانەی کە ڕۆژانێک باڵ بوون"

3-جیاوازیی لە کرۆکدا:

جۆرێکی ترە لە مەجاز و لێرەدا مەجازەکە خۆی گوزارشت لە جیاوازییە بنەڕەتییەکە ئەکات.. ئەم جیاوازییە نەک هەر لە ڕووکەشدا بەڵکو دوورو نزیک نزیکایەتیی لە نێوان دوو هەواڵە کراوەکەدا ناهێڵێت.. لەم نموونەیەی ئەیهێنمەوە، لە کۆمەڵێک ڕستەی شیعریدا کە سەباح ڕەنجدەر ویستوویەتی وەک ڕستەی شیعریی تۆماریان بکات، چەند نموونەیەکمان لەم جۆرەی مەجاز ئەداتآ، کە تا وردتر بینەوە لە ڕستەکان پەیوەندییە مەجازییەکانی نێوانیان بەرجەستەتر ئەکات، بۆیە ڕەنگە پێویست بە چەند جارێک خوێندنەوە بکات:

نزیک ماڵی نالی دەوەستم
ئەو دیمەنانە دەبینم کە چاوم داوایان ئەکات
بەسەر پەیژەی بەفرگرتوو دەگەمە دەرگاکەیان
ناخزێم و بەرنابمەوە
پۆرترێتی حەبیبەم دەداتێ بە دیاریی بۆ نوێڵەی ببەم
باران دەمکرۆژێ
چەترم کیژی گەواڵە لێی خواستم
دژواریی هەر نەشکا
چرا کز بن
ئاگری جغارە لە مزگەفت نەمینێ
پرسە بەتاڵ دەکەم
گۆرت دەگوازمەوە گۆرستانی پەنجەم

"سەباح ڕەنجدەر- خەون وا خۆی گێرایەوە-
زێـــــوان"
ئەم وێنەو ڕستە شیعریانە، سەلمێنەری میکانیزمای ڕەمزیی مەجازن، لە ڕووکەشدا ئەم پارچەیە وا ئەنوێنێت، کە هەندێکیان داپراوبن لە یەکتر، بەڵام بەهۆی هەواڵە کردنەوەی سەرجەم مەجازەکان، ئەکرێت بە ئاسانیی خوێندنەوە بۆ پارچەکە بکرێت.

4-جیاوازیی چاوگەیی:

زۆرترین بەکارهێنانی شیعریی لەم جۆرەی مەجازەکاندایە، ئەمەیان جیاوازییە لەڕووی ئەو چاوگەیەوە کە خوازراوەکەی بۆ ئەگەڕێتەوە.. واتە هەر شتێک ئەگەڕێتەوە بۆ کام ژینگە بنەڕەتییەی خۆی..

نموونەی لەم جۆرە لە شیعردا بە بەرفراوانیی بەرچاو ئەکەوێت، بەڵام لە ئاستی جیاواز جیاوازدا، شاعیرێکی نوێخواز بە چ بوێرییەک و لە چ ئاستێکدا بەکاری ئەهێنی و چەند جیاوازە لەگەڵ کەسێکی خەیاڵ سستدا:

شیعری من هەندێجار شمشێرە
سەرە گەمژەکانی دنیا
دێن و خۆیانی لی ئەسوون
سەرە مەزنەکانی دنیاش لە پاڵیدا
وێنەیەکی ڕەش وسپی
لە پێناوی سەروەریی و نەمریدا ئەگرن

" کەژاڵ ئەحمەد- دیوانی کەژاڵ ئەحمەد- لپەڕەکانی دەفتەرێکی نهێنی14"

چاوگەی شمشێر، بابەتی ئامرازەکانی جەنگەو سەر بە قۆناغێکی مێژوویە.. بەڵام چاوگەی شیعر خەیاڵە و لکێکی گرنگیی هونەرە.. بەیەکتر گرتنی ئەم دوو هەواڵە کراوە، پێویستیی بە خوێندنەوە هەیە، بەڵام لە وێنەکەدا کەژاڵ خۆی ڕێ لە خوێندنەوەی وەرگر ئەگرێ و ڕاڤەی بەکارهێنانی ئەکات.. ئەو ئەیەوێت ئەم کۆپلەیە بە شێوەیەکی تر پێشکەشی وەرگر بکات و خوێندنەوەی وەرگر بۆ مەجازە گشتییەکە بێت، کە دەرەنجامی پێکەوە لکاندنی ئەو دوو خوازراوەیە، بەو ڕاڤە شیعرییەوە کە بۆ یەکگرتنەوەکەی کردووە.

5-جیاوازیی کرداریی:

ئەم جیاوازییە دەرەنجامی نەگونجانی کرداری دوو هەواڵەکراوەکەیە، بە شێوەیەک پێگەی هەر یەکێکیان جیاوازەو هەر لە خولگەی تایبەت بە خۆیدایە، کە ئەگەر پێویستیی شیعریی نەبآ، ڕەنگە کۆبوونەوەیان جۆرێک بێ لە مەحاڵ.. پێویستە شاعیر ورد بێت لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە مەجازەدا، فڕێدانی لە پڕ و بێ پاساوی ئەم جۆرە مەجازە، دەق نغرۆی تەم ومژێکی ئەوتۆ ئەکات کە خوێندنەوەی گران بکات و کەمترین وەرگر بتوانێت چێژ لەو جیاوازیی و بەکارهێنانە وەربگرێت.. بە پێچەوانەشەوە بە ئاگا بوون لە بەکارهێنانیدا، چێژی ئیستاتیکی بە وەرگرەکەی ئەبەخشێت و ئاسۆکانی دەق فراوانتر ئەکات:

لەو گەڕەکە پێخاوس و جل دڕاوەی
ڕۆژهەڵاتی ئەم شارەدا!.
لەو ساڵەدا
کە"با" سوور و بەفر سوور و
خاک کوژراو و
وەرزەکانمان بێوەژن بوون.
کچە کڵوچنی ماڵ
لەبەر دەرگاو، لە هەیوان و، لە ژوورەوە
کڵو هاودەمی چاوانی و
کڵو هاودەردی پەنجەی بوو.

"شێرکۆ بێکەس- ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن- کچە کڵوچن"

ئەو ڕستەو دەستەواژە شیعرییانەی هێڵیان بە ژێردا هاتووە، لە هەرکامێکیان ورد بینەوە، بە زەقیی جیاوازییەکانی کرداریان تیا ئەبینینەوە، بۆ نموونە مرۆڤ پێخاوس و جل دڕاوە نەک گەڕەک، بەڵام لێرەداو بەهۆی سوود وەرگرتن لەم تەکنیک و پێکهاتەیەوە، بە شێوەیەکی ڕەمزیی ئەوتۆ وێنەکە داڕێژراوە کە ڕاستەوخۆ وەرگر ئەبزوێنآ بۆ گەڕان بە شوێن مەدلولی هەواڵەکراوەکەدا و وێنە مەجازییەکەش وەرئەگرێت بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ چاوگە بنەڕەتییەکەی، ئەم جیاوازییە لە نێوان ژینگەی گەڕەک و کرداری بکەری جلوبەرگدا لۆژیکێکی نوێ ئەخەنەوە و مانای تازەتر ئەبەخشن.

6- جیاوازیی لە پرسیاردا:

لەم جۆرە جیاوازییەدا جۆرە ئاڵۆزییەک هەیە لەوەدا کە ئەوەی دەرئەبڕرێ شتێکەو پێشنیارکراویش شتێکی تر.. واتە هەر لە خودی خوازراوەکاندا کە شێوە مەجازییەکەی ئەدرێتێ ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی پێکەشکردنەوە.. وەک داری بلیارد بۆ نموونە، دار درەختمان ئەهێنێتەوە خەیاڵ و بلیاردیش یاری.. نموونەی لەم جۆرەش لە شیعردا بە ڕوونیی ئەبینرێ:

هەور ئەسوتێ.. هەنسک ئەدا.. شەویش درەنگە
تنۆکی باران.. گەڵڕێزانی وەرزی گریانی..
دارستانێکی دووری بێ ڕەنگە
تنۆکی باران وەکو هەزاران نەرمە پەنجەودەست..

له شوشەی ساردی پەنجەرەم ئەداو
که سەر هەڵئەپرم.. به چۆراوگەوه باران ئەبێته
خوێناوێکی خەست.
"محەمەد عومەر عوسمان- له غوربەتا- ونبوون"

سوتانی هەور و بارانی وەک دەست و پەنجه و بوونی به خوێناوێکی خەست، ئەم جۆره جیاوازییه ڕوونتر ئەکاتەوه لەوەدا که که وێنەکه به گشتیی دیمەنێکی سروشتیی باران بارینەو به ئیحساسێکی مرۆڤایەتی بارگاویی کراوه، کەچی له کۆتایی وێنەکەدا دیمەنەکه ئەگۆڕێت و شتێکی تر پێشکەش ئەکا.

7- جیاوازیی لۆژیکیی:

تەنها ئەوەنده هەیه لێرەدا که لۆژیکی دەربڕ و پێشنیارکراو جیاوازه، واته دەربڕ سەر به لۆژیکی گروپێکەو پێشنیارکراویش گروپێکی تر.. ئەم پەیوەندییه نوێیه له زمانی ئاساییدا به ئاسانیی وەرناگیرێ و تایبەتتره به زمانی شیعریی.. له شیعری کوردیدا چەندین جۆر بەکارهێنانی هەیه، خەیاڵی شیعریی قوڵ له ئاستێکی باڵدا ئەم پەیوەندییه بەکارئەهێنآ و وەکو تریش ئاسته نزمەکان به ترسەوه دەستی بۆ ئەبەن و شتێکی ئەوتۆی لی بەرهەم ناهێنن، چونکه پێش ئەوەی پەیوەندییه نوێیەکه بەرهەم بهێنن بەدوای پەیوەندییەکی له پێشینەی لۆژیکیی دەربڕ و پێشنیارکراودا ئەگەڕێن.. ئەم بابەته زیاتر بابەتێکی

ڕەخنەییە، بەڵام نموونەی جیاوازییەکە لە ئاستی باڵدا لەم پارچە شیعرەوە وەرئەگرین:

گیتارەکەت ڕەنگی قوربانیی ئەژەنی،
ئەیکرد بە تۆف و باپووسکە.
قوربانییەکان بە جلی گوڵە هێرۆوە یەکەیەکە ئەهاتنەوە
و
لەگەڵماندا دائەنیشتن و پەروانە بوون دەوریان ئەدا لە
چراکە. گیتارەکەت بەهاری ناو باوەشت بوو، پەنجەکانی
دەستی
ڕاستت لە فەزای شینی ئاوازدا ئەبوون بە مەل و باڵندە،
ئەیانخوێند و شەقژنیان بوو.
" شێرکۆ بێکەس- قەسیدەی ڕەنگدان"

خوازراوەکانی" گیتار، ڕەنگ، قوربانیی، ژەنین- لەو شوێنەیدا-، تۆف و باپووسکە" هەر یەکەیان سەر بە لۆژیکێکی تایبەتن وەک لۆژیکی" موزیک، تیشک، کوشتار، موزیک، سروشت" کەچی ئەبینین لێرەدا لە ئاڵۆزترین کردەدا هەر پێنج لۆژیکەکە کۆبوونەتەوە بۆ پێک هێنانی سێ پەیوەندی نوێ لە تەنها وێنەیەکدا، بەمجۆرە:

گیتارەکەت ڕەنگی ئەژەنی.
ڕەنگیی قوربانیی.
ڕەنگی قوربانییەکان ئەکا بە تۆف و باپووسکە.

ئەم وێنەیە لەڕووی بونیادی ژێرەوەی دەقەکە چەندە ئاڵۆزە، ئەوەندەش لە ڕووی بونیادی ڕووکەشی دەقەوە ڕەوانە.. هەموو ئەو ڕستانەی تر کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، نموونەی ئاستی باڵی ئەم جیاوازییە دەرئەخەن، کە زۆر بە جوێنیی ڕەنگیداوەتەوە و خزمەتی وێنە شیعرییەکانی کردووە، زمانەکەی قوڵ کردووەتەوە و چاڵکییەکی بەردەوامیی جوڵەی وشەکان بەخشیوە.

8- جیاوازیی لە ڕووی فشارەوە:

لە کاتێکدا ئەگەر دەرپرەکە ئەقڵیی بێت و سەرچاوەی پێشنیارکراوەکەیش سۆز بێت، ئەوا لەبەردەم مەجازی لەم شێوەیەداین.. هەر لە شاعیرە کلاسیکیەکانمانەوە تا شاعیرانی ئێستە، لای زۆربەیان ئەمجۆرە پەیوەندییە ئەبینینەوە.. لەبەر ئەوەی زۆرجار پەیوەندییە سۆزدارییەکان بەر لۆژیکی ئەقڵ ئەکەون و شاعیر لە خاڵێکدا تووشی ڕامان و پاشگەز بوونەوەیەک ئەبێت:

کەس نەمابوو
نەزانآ کە خۆشم ئەوێت
هێندە سەیری چاوی یەکترمان کردبوو
ئێستا هەردوو
چاومان لە یەکتری ئەچێت.
شێتانە خۆشی ئەویستم
شێتانەش ڕۆیی و جێی هێشتم.
بۆیە جار.. جار
زمانی هۆشم پێم ئەڵێت

نەفامە ئەو کەسەی دڵی
بداتە دەست کچێکی شێت.

"فەرەیدون عەبدول بەرزنجی- بەرگی یەکەمی دیوانی ف.ع.ب- ئەو"

لەم پارچە شیعرەدا زمانی ئەقڵ و سۆز بەریەک ئەکەون و ئەو جیاوازییە بۆ دروستکردنی مەجازەکە ڕووئەدات.

ڕەمز- سیمبۆل-:

لە ژیانی ئاسایی هەموو کەسێکدا ڕەمز بەکار دێت و شێوەی بەکار هێنانەکەی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر ئەگۆڕێت، ڕەمز خۆی لە بنەڕەتدا چاڵکییەکی ئەقڵییە، لە شێوە ساکارەکەیدا بابەتەکەی جێگیرەو هەندآ مەجاز و دەڵلەی عاتیفی ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو.. جل وبەرگی سەربازیی یەکێکە لە نموونە دیارەکانی و دەلالەت لە شتێکی ماددی ئەکەن.. سەرچاوەی سەرەکیی ڕەمز مەجاز و دەلالەتەکانە، کە ئەچێتە پاڵیان و مانا ئەسڵیەکەشی ئەسڕێتەوە، وەک نموونەی تاجی شایانە کە ڕەمزی دەسەڵتەکەیەتی.. جیاوازی لە نێوان ڕەمز و لێکچواندا هەیە، بابەتی لێکچوون هەر ئەبێ پەیوەندی هەبێت لە نێوان هەردوو بابەتە پێکچوێنراوەکەدا گەر لابەلایش بێت، کەچی ڕەمز بە هیچ جۆرێک سیفاتی فیزیایی نییە تا بیکاتە بیانووی مانا ئەبستراکتەکەی.

یەکێک لە تایبەتمەندێتییەکانی تری ڕەمز ئەوەیە: وا ئەکا ئەو هەستە بەهێزە بخرۆشێ کە پەیوەندیی بەو چەمکانەوە هەیە کە پێشکەشیان ئەکا.. بۆ نموونە نیشتیمانپەروەریی هەستێکە کە پەیوەندیدارە بە نیشتیمان یان کۆمەڵێک کەسەوە.. کەسێک بە بینینی پارچەیەک لە نیشتیمانەکەی ئەو هەستەی نابزوآ، بەقەدەر ئەوەی کە هەستەکە خۆی هەیە، ئاڵا و مارشی نیشتیمانی هەر بە تەنها ڕەمزێک نیین و هیچی تر، بەڵکو هاندەرن بۆ جوڵندنی هەستی نیشتیمانپەروەریش.

ڕەمز وا ئەکا خەیاڵ بە گوڕ بجوڵ، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە تایبەتمەندێتییە حسییەکان ئەکا بە بابەتی ڕاستەقینە.. بەکارهێنانی ڕەمز بەکەڵک و گرنگە لە شیعردا.. لێکۆڵیاران ڕەمزی ئەدەبییان دابەشکردووە بەسەر پێنج جۆردا:

1- ئەو جۆرەی لە دەقێکدا باڵی بەسەر تەواوی دەقەکەدا کێشاوە.. وەک نموونەی "ڕەنگ، لە قەسیدەی ڕەنگدان و بۆن، لە قەسیدەی بۆنامەی شێرکۆ بێکەسدا"

2- ئەو ڕەمزەی کە ناوبەناو یان لە زۆر بەرهەمی شاعیرێکدا ئەیبینینەوە و لە دەقەکانیدا گەشە ئەکات، تا ئەگاتە ئەوەی گرنگییەکی تایبەت و دەلالەتی جیاواز بە دەست ئەهێنێ و بایەخدار ئەبێ، وەک "ڕەمزی پێییز لٚی محەمەد عومەر عوسمانی شاعیر".

3- ئەو ڕەمزەی لٚی شاعیرێک بە جۆرێک بەکار ئەهێنرێ و کە شاعیرێکی تر بەکاری ئەهێنێتەوە گیانێکی تازەی بە بەردا ئەکات، وەک" گۆیژە، لٚی

پیرەمێرد مانایەکی ڕووکەشی هەیەو کە ئەگوێزرێتەوە لی شێرکۆ بێکەس فرە دەڵلتە.
4- ئەو ڕەمزەی کە بەکارهێنانی لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی گشتییدایە، وەک: مامە یارە، شێخ مەحمود، ، سیامەند- پێشمەرگە-، جلخوار- جاش-، سەفەربەلک... هتد..".
5- ئەو ڕەمزانەی کە لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا بەکارئەهێنرێن بە بێ جیاوازیی، وەک هەموو ڕەمزە نموونەییەکان، بە تایبەت سروشتیەکانی وەک: مانگ و خۆر و باخچە و شاخ و...هتد..

ژیـــــــانی ڕۆژانەی شاعیر:

لەم بەشەدا بە باشم زانی بەشی هەژدەهەمینی مانیفێستی شیعریی سەباح ڕەنجدەری شاعیر وەکو خۆی بنووسمەوە، چونکە ئەم تێبینیانەی سەباح یاریدەدەرێکی باشن بۆ داڕشتنی وێنەکان و هەروەک بۆ بارگاویی کردنی وێنەکان بە تێڕامانی قوڵ بەسوودە، کە ئەم بارە وائەکات شاعیر وردتر بێتەوە لە پێکهاتە شیعرییەکان:

"سەرنجدانی هیچ شتێک بۆ بەهرەمەند لە سوود وەرگرتن بێبەش نییە. هەر شاعیرێکیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا زۆربڵێ بوو، زوو سەرنجەکانی دەرپڕی، نەیهێشت بارەکانی بگەن بە باری تێڕامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵندن و درکاندنی، بێگومان کارەکەی وەک نوسراوی ئاسایی پڕە، بەڵام

وەک نوسراوی داهێنراوبەتاڵە، چونکە نوسراوی داهێنراو تەنیا بە تێڕامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینیی و بەهرە خەملاندن مەزنایەتی وەردەگرێت."

" سەباح ڕەنجدەر- خەون وا خۆی گێڕایەوە- مانیفێستی شیعریی- 18"

خاڵبەندیی:

خاڵبەندیی مەسەلەیەکی گرنگە لە شیعردا و بە هۆیەوە ڕستە و دەستەواژەو وێنە شیعرییەکان و هەناسەو ئەدا و ڕیتمی دەق دیاری ئەکرێت و ئەو ئاڵۆزیانە ئەڕەوێنێتەوە کە لە کاتی خوێندنەوەدا ڕووبەڕووی خوێنەر ئەبێتەوە.. بۆیە چاکتر وایە نووسەران زۆر گرنگیی بە پاراستنی خاڵبەندیی بدەن و چاوی لی نەپۆشن.

لە ئێستەدا هەندێک کەس بە مەبەست و هەندێکی تریش لە نەزانینەوە، خاڵبەندییان فەرامۆش کردووە یاخود بە شێوەیەکی نادروست بەکاری ئەهێنن و بە بیانووی جۆراو جۆری نامەعریفییەوە بێ بایەخی ئەکەن.. ئەم بێ بایەخ کردنە، بێ بایەخ کردنی ئەو جۆرە دەقانەشە لای خوێنەرەکەی چونکە ئەبێتە هۆی دروست کردنی ئاڵۆزیی و تێکەڵ و پێکەڵیی لە نێوان ڕستەکاندا.

ئەو خاڵبەندییەش جۆرێکن لە هێماو ئەگەر پیتێک بۆ دەلالەت کردن بێت لە دەنگێک، ئەوا هەر یەک لەو هێمایانەی مەبەستمانە باسی بکەین، دەلالەت لە

مانایەکی دیاریکراو ئەکەن و لە بری فەرمان دەرکردنێکن، بۆ هەڵوێست وەرگرتنێکی تایبەتیی.. واتە بە هۆی هەریەک لەو هێمایانەوە ئێمە فرمانی ئەوە وەرئەگرین کە چ هەنگاوێک بنێین بۆ خوێندنەوە.

گرنگترین ئەو هێمایانەی لە خاڵبەندییدا بەکار ئەهێنرێن و بۆ شیعر زۆر پێویستن ئەمانەن:

" . " خاڵ، بۆ کۆتایی پێهێنانی: ڕستەیەک، وێنەیەکی شیعریی، یاخود بابەتێکی کراوە بەکار ئەهێنرێ.

"، " کۆما/ فاریزە/ هەڵوێستە: بۆ هەڵوێستەکردنێک لەناو ڕستەدا بەکار ئەهێنرێ و دوای کۆماکە ڕستەکە تەواو ئەکرێ.

" .. " دوو خاڵ: دوو خاڵ بە تەنیشتی یەکەوە ئاماژەیە بۆ کۆتایی پێهێنانی بابەتێک و سەر لەنوێ دەستکردنەوە بە قسەکردن لە بەشێکی تری تەواو پەیوەنددار بە بابەتەکەی پێشینەوە، واتە دوای ئەم جۆرە دوو خاڵە گەڕانەوە نییە بۆ سەری دێڕ، بەڵکو هەر بەدوایدا ئەنوسرێت.. جیاوازیشی لەگەڵ تەنها خاڵدا ئەوەیە کە دوای گەڕانەوە بۆ سەری دێڕ- واتە لە تەنها خاڵدا- بەشێکی تری باسەکە دەست پێئەکاتەوە، نەک دەستپێکردنەوەی هەمان بەشی باسەکە.

"؛ " کۆماو خاڵی لە ژێردا بێ: هێمایە بۆ پەیوەستکردنەوەی ڕاستوخۆی وێنەی داهاتوو بە وێنەی پێش خۆیەوە، واتە ڕاستەوخۆ خوێنەر ڕائەکێشێ بۆ وێنەی دوای خۆی و ڕێنمایی ئەکا بۆ تەواو کردنی وێنەی پێشوو.

" : " دوو خاڵی سەر یەک: ئەم جۆرە دووخاڵییە هێماکردنە بۆ وەستان و ڕوونکردنەوەی ئەوی پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.
" ! " هێمای سەرسوڕمان: لە دوای ڕستەیەکی هەواڵگەیەنەرەوە بەکاردێ و هێمایە بۆ سەر سوڕمان لەو هەواڵە، یاخود بۆ ڕووکردنە کەسێک و ئاخاوتن لەگەڵیدا، بۆ بە ئاگاهێنانەوە.
" ؟ " هێمای پرسیارە.
" ؟! " هێمای پرسیاری پڕ سەرنجە.
" ... " نێوانی هەر دوو ڕستەیەک لە دوو خاڵ تێپەڕی کرد، مانای بۆشایی لەبری وشەیەک ئەگەیەنێ.. واتە سێ خاڵیی هێمایە بۆ بۆشایی، یان وشەیەکی جێماو.
" " دوو کەوانە: بۆ وەرگرتنی خوازراوی ڕاستەخۆ، کە لە دەقێکی ترەوە وەرئەگیرێ بەکاردێ، یان هەندێک کەس لە دانانی هەر ناوێکدا بەکاری ئەهێنێ، یاخود بۆ جیاکردنەوەی شتێکی دیاریکراو، دواجار بۆ گۆڕینی زمان و ...هتد.
" – " نێوانی دووداش بۆ هەمان مەبەستی دوو کەوانیە، بەڵام گەر دوو کەوانە بەکار هاتبوو، دانانی دوو داش پێویستیە بۆ مەبەستێکی تــــــری

ناو کەوانە، تا تێکەڵ نەبێ لەگەڵ مەبەستی ناو دوو کەوانەکەدا.
" * ": دانانی ئەم جۆرە هێمایە، یان ژمارەو هەر هێمایەکی تر لەسەر هەر وشەیەک یان هەر جووت کەوانەیەک، لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا - جا لە خوارووی

پەڕەکەوە یان کۆتایی دەقەکەدا بێت- پێویستە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێ.
" * * * " سێ هێمای لەمجۆرە بە بڵاویی، هێماکردنە بۆ نێوانی کۆپلە شیعرییەکان.
" ■ ■ ■ " دانانی سێ چوارگۆشە یان بازنەی پڕ، بە مەبەستی کۆتایی هاتنی دەقە.. ئەم هێمایە لای شاعیر زۆر گرنگ نییە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە دیزاینەرەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ جوێنکردنی کارەکەو تێکەڵ نەبوونی کاری نووسەران لە لاپەڕەیەکدا، بەکاری ئەهێنن.

## بەشی سێیەم

## کۆڵەکە بنچینەییەکانی شیعر

دیاریکردنی کۆڵەکە بنچینەییەکانی شیعر ژماردنی ئامێرەکانی شەترەنج یان نیشانەکانی نەخۆشیەکی تایبەت نییە تا خاڵەکانی بژمێرین و کۆتایی بە باسەکە بێت، ڕەنگە لە شیعرێکی نوێدا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆڵەکەیەکی وا ببێتەوە کە پێشتر لەبەرچاوی نەگرتبێ و بۆ خۆی ڕیزبەند کردنێکی نوێ بێت.. ئەو خاڵانەی کە لە بەشی دووەمدا هاتوون، ئەکرێت بەشێکیان بە کۆڵەکەی شیعریی دابنرێن و شاعیر بزانێت کە پێداویستییەکی گرنگەو ناکرێت شیعر لەو مەرجانە خاڵیی بێ، وەک" مەجاز و لێکچواندن و ڕەمز وخواستن و هەواڵەکراوەکان و ئاسۆکانی چاوەڕوانی و تێک شکاندنی سروشتی دیاردەکان و زۆری تریش."

بەڵام ئەوی لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەمێنێتەوە چەند ئامرازێکی سەرەکییەو ئەم ئامرازانە پێک هێنەری شیعرن،واتە ئەتوانین بە شێوەیەک بیانناسێنین کە ئەبن بە چەند کۆڵەکەیەک و شیعریان پێ ئەناسرێتەوە.

ئەم بنچینە سەرەکییانە گرنگترن لەوەی بە مەرجی شیعرییان بچوێنین، چونکە بە کەمکردنی یەکێک لەم کۆڵەکانە ئیتر شتێک بەرهەم نایەت کە شیعر بێت، بۆیە ڕەنگە باسکردنیان بەقەدەر ئەوەی کە بیرخستنەوەیە، بەقەدەر ئەوەش پێگەی شیعر قایمتر بکات و شیعر و ناشیعرمان بۆ لە یەکتر جیابکاتەوە.. ناسینی ئەم کۆڵەکانە زۆرێک لەو بەناو شیعرانەی کە ئێستە ئەنووسرێن ڕەت ئەکاتەوە و کاری جددی و خراپیش هەڵوێرد ئەکات.. کە ئەمانە بەشێکی گرنگیی بنەما شیعرییەکان پێک بهێنن، هاوکاریی خوێنەریش ئەکات بۆ

خوێندنەوەی بەرهەمێک کە شیعر بێت و ئەو بابەتانەش کە بەناوی شیعرەوە ئەنووسرێن و زەوقی خوێنەری شیعریی ئەشێوێنن پەراوێزی بکا.

زمانی شیعریی:

هەروەک چۆن ڕەنگ ئامرازی وێنەکێشانە، زمانیش ئامرازی شیعرە، ئامانجی ئەم دەزگاڕاگەیەنەرە واتە زمان هەڵگرتن و گەیاندنی زانیارییە، لە هەر زمانێکیشدا بەشێک لە هێما هەیە بەو پێیەی گرنگترین ڕەگەزی ئەم سیستمەیە.. هێما یان ئاماژەش هەمیشە لە جێگۆڕکێدایە، واتە ئەو نیشانەیەی کە ئەیدا شێوە ڕوخسارییەکەیەتی و ناوەڕۆکی بە پێی مانا ڕۆشنبیریی و مێژوویی و فەرهەنگییەکەی ئەگۆڕێت.. با نمونەی ئەستێرە بهێنینەوە، لەکاتێکدا مانای ڕووکەشیی ئەم هێمایە دیارو ئاشکرایە بەڵام بەپێی بەکارهێنانی ئەگۆڕێت.. ئەستێرەی سەربازیی بۆ سەرشانە و پلە دیاریی ئەکا، بۆ هونەرمەندان هەر ئەستێرە بەکار ئەهێنرێ، بۆ میوانخانە و ڕێستورانتەکان مانایەکی ترە، لە کاتێکدا خۆی دەلالەتە بۆ ئەستێرە بە مانا فەرهەنگییەکەی.

شاعیر بە شێوەیەکی سروشتی هەڵس و کەوت لەگەڵ زماندا ئەکات بەڵام بە ڕێگەی جیاواز، بە مانایەکی تر توانای قوڵ و گەورە بە وشەکان ئەبەخشێ، لە پێکهێنانی هەر وێنە و ڕستەیەکی شیعرییدا هەوڵی ئەو بۆ ئەوەیە هەمان ئەو وشانەی کە

بەکارهێنراون، ماناو گوڕی نوێیان پێببەخشێ و لە هەمان وشە مانایەکی ئەوتۆ بخولقێنێ کە خوێنەر وا هەست بکات یەکەم جارە ڕووبەڕووی ئەو وشەیە ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە شیعر بە کۆکردنەوەی چەند وشەیەکی تایبەت و نائاسایی بەرهەم نایەت و بەو شێوەیە شاعیر ئەکەوێتە گێژەنێکی دیاریکراوی بەر تەسکەوە، بەڵام کە بەو شێوە بەر فراوانە بکەوێتە ناو زمانەوە و توانای داڕشتنەوە و هەڵهێنجاندنی مانای نوێی هەبێت، ئەوکات هاوکاریی خەیاڵیشی ئەکات لە بەرەڵبوون و سەرکێشییەکانیدا.

ئەو وشە زیندووانەی کە زادەی خەیاڵی زیندوون، بە درەوشانەوەیان لە دەقێکدا خزمەتی شیعرەکە ئەکەن.. ئەتوانین نموونەی دەستەواژەو ڕستەی زۆر و زەوەند لە شاعیران بهێنینەوە، کە لە بیرمان ناچنەوە.. جگە لەوەش ئەو دەستەواژەو وشانە تەنها بەهایان لەو شوێنەدا پارێزراوە، ئەگینا گەر بهێنرێنە دەرەوە بەهاکانی خۆیان لە دەست ئەدەن ئەمەش ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە ئەو وشەو دەستەواژانە چەند پاڵپشتێکیان هەیە کە گرنگترینیان دروست بوونی مانا و دەلالەتە لەو شوێنەدا.

ئاوایە دڵی من پارچەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی پڕ لە ئاوێنەو

پڕ لە گرافیکی ژنێتیی شیعر و بادە و لێکداپڕانی لێوی هەتاو و مەمکی

درەخت ،

ڕۆژهەڵاتی دیوار و مەیخانەو

ژنکوشتن...

پارچەکەی تریشی، کەوتۆتە زەریای ئێوارانی ڕۆژئاواوە
که دەگری ، ئاو دادەگیرسێت ،
که لەگەڵ باراندا هەڵدەکات ، شەراب دەهێنێتە قسه . .
ئاوایه دڵی من ، هەمیشه حەز دەکات نوری لی بتکێت
هەمیشه حەزی به دانیشتنه لەگەڵ چرادا
حەزی به ڕۆیشتنه لەگەڵ کانییەکی جێماو له باران ،
لەگەڵ موسافیرێکدا، بێ چەتر و بێ جانتا و بێ پاڵتۆ.

*جەمال غەمبار- لەگەڵ تۆ، دڵێکی هەمیشه موسافیر- گەلاوێژی نوێ39-40 مەلەفی غەمبار*
گەر زمانی سروشتی له کاتی بەکار هێنانیدا ڕاستەوخۆ (بەرێمبەری ئاشنا بەو زمانه) بتوانێ به هۆی کردنەوەی کۆد و ڕەمزەکانیەوە له ڕێگەی سیستمی زمانەوە تێبگات؟ ئەوا له زمانی شیعردا تەواو پێچەوانەیه، چونکه ئەو کۆدانه گۆڕانکاریی زۆریان به سەردا دێت و پاش کردنەوەیان خۆیان ئەبنەوە به ڕەمز و جارێکی تر ئەکەوێتەوە بەردەمی کردەیەکی لەو شێوەیه، بەڵام ئەمجارەیان قورسترو تایبەتتر..
ئەمجارەیان ئەکەوێتە سەر زەخیرەی ڕۆشنبیریی وەرگر که تا چەند ئامادەیی تێدایه بۆ ئاشنا بوون به ڕەگەزە نوێیەکانی ئەم پێکهاتە زمانییە جیاوازەی که خۆی پێشتر به سەرچاوەکەی- زمان- ئاشنایه، لەبەر ئەوە کاتێک وەرگر ڕووبەڕووی دەقێکی ناڕێکخراو ئەبێتەوە له دەرەوەی ئەو چوارچێوە بونیادییەوە که چاوەڕوانیی ئەکا،

دەستبەجآ هەوڵی کردنەوەی کۆدە داخراوەکانی ئەم پێکهاتنە نوێیەی زمان ئەدا، هەندێجار هەوڵەکەی سنوری ئاسایی ئەبەزێنێ.. ڕەنگە پەیوەندییەکەیان ببێتە هۆی نزیک بوونەوەیان، یاخود بە پێچەوانەوە باری ڕۆشنبیریی و هونەری و فیکرییان دوور بێت و نەکرێت بگاتە ئامانج، لە هەردوو حاڵەتەکەدا کاریگەرێتیی لەسەر خوێنەر دروست ئەکا، لە یەکەمیاندا ئاشنا ئەبێت بە میکانیزمی کارکراوی دەقەکەو لە دووەمیشدا بە نامۆیی ئەمێنێتەوە.

هەروەک هیگڵ ئەڵێ" وشە تەنها ڕەمزەو گوزارشت لە حاڵەتی دەرەوە ئەکا، بۆیە ناکرێ بۆ بناغەی زمانی شیعریی بگەڕێینەوە سەر وشە یان ڕێچکەی هۆنینەوەی یان ڕیتم و وێنەی وشەکان، بەڵکو ئەبێ لە چۆنێتی دەربڕین و وێنە بەرهەمهێنانیدا بۆ شتەکان، لەوێدا بۆی بگەڕێین".. بۆیە ئێمەش زۆر بە کورتی باسی زمانی شیعرییمان کرد و دێینە سەرباسی بونیادی شیعر.. هەروەک سروشتی کتێبەکەش لەم بەرگەدا هەر ئەوەندە ڕێ ئەدا.

بونیادی شیعریی:

ئەو دەقە شیعرییانەی کە بینیومانن، گەر کەمێک بە وردی سەرنجیان بدەین ڕاستەوخۆ دوو شێوە ڕێکخستنی جیاوازیان تیا ئەبینینەوە.. یەکەمیان: چۆنێتی پاراستنی یەکێتی و پەیوەندییەکانی پارچە جیاوازەکان و ڕیتم و ئیستاتیکای شیعرییەو دووەمیشیان: پاراستنی ئاستی نموونەیی پێکهاتەو

مانای دالەکان.. لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی پێشین وەک دوو بەشی سەربەخۆ بەناوی فۆرم و ناوەڕۆکەوە ئەیانڕوانییە ئەم دوو بونیادەو جیاواز ئەیانبینین.. ئەوکات کێش و سەرواش سەر بە فۆرم بوون.. ئەم جیاخوازییەو بەو شێوەیە کارێکی ئەوتۆی کردبوو کە لە مانا سادەکەیدا شاعیرانی کردبوو بە دوو بەشەوە.. ئەوی گرنگیی بە فۆرم ئەدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەئەدا بە پێکهاتەو مانا و دەلالەتەکان و ئەوی بایەخیشی بە ناوەڕۆک ئەدا هیچ گرنگییەکی بۆ ئیستاتیکاو ڕیتم و ئەدای شیعری و تێکشکاندنی سروشتی دالەکان نەبوو.

بۆ گێڕانەوەی یەکێتیی دەق ئەو جیاخوازییە تێک شکێنراو لەگەڵ ڕێسا وکۆتەکانی زوودا ئەوانیش فەرامۆش کران.. پاراستنی ئەو یەکێتییەی دەقیش بونیادی دەق دابینی ئەکا، کە ئەبێت شاعیران بیناسنەوە و کاری تیا بکەن، ئەو بونیادەش بونیادە دیارو ئاشکراکانی شیعرن وەگەرنا هەر بەشێکی بچوکیش لە شیعردا بونیادی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام لە ناو ئەو بونیادە گشتییەدا کۆبوونەتەوە و سیستمی گشتیی دەق پێکدێنن.

بەڵام بونیادی دەق بە گشتیی سەرجەم دەقەکە پێکی ئەهێنآ و ناکرێت چاو لە بونیادی هەر وێنەیەکیش بپۆشین لەسەر ئەو بنچینەیەی کە بونیادی گشتیی دەق پڕی ئەکاتەوە، چونکە زۆرجار – بە تایبەت لە کێشەی ساغکردنەوەی ڕیتمدا- یەک پارچەی بچووکی ناو دەق ڕۆڵی خۆی هەیەو ناکرێ فەرامۆش بکرێ.

بەم پێیە بونیادی یەکە- پارچە- کانی دەق بەسەر یەکەوە و بە پێی پەیوەندییان بە گشتیی دەقەوە تەماشا ئەکرێ، نەک پەیوەندییەکی ئۆتۆماتیکی بەڵکو بە پێی پەیوەندیی دیالەکتیکیی لە نێوانیاندا.. هەر ئەمەیە کە بە کۆڵەکەی سەرەکیی پەیوەندیی لە شیعری نوێدا لەقەڵەم ئەدرێ.

بۆ نموونە لەم پارچە شیعرەی کە بە نموونە هێناومانەتەوە سێ وێنەی سەرەکی تیایە کە هەر یەکەیان بە چەند ڕستەیەکی شیعریی دەور دراوە، وێنەی یەکگرتنەوەی دوو کەس لە خۆشەویستیەکدا بەرجەستەکراوە.. ئەمە ڕوخساری گشتیی شیعرەکەیە.. بەڵام لە هەر وێنەیەکیاندا لۆژیکێک هەیە کە یەکێتی وێنەکان ئەپارێزێ، جگە لەمەش سەرجەم وێنەکان هەناسەیەکی تایبەتن، بەم شێوەیە پەیوەندی لە نێوان وێنەکان و هەم لە نێوان دەقەکەشدا بەیەکداچووە.. ئەمەش لە ڕووی بونیادی وێنەیی و پەیوەندییەوە.. بونیادی ڕیتمی شیعرەکە بونیادێکی خێرایە بەو پێیەی کتوپڕییەکی شاراوە لە دەقەکەدا هەیەو وێنە ڕێخۆشکەرەکان خوێنەر ڕائەکێشن بەرەو گەیشتن بە پەیامێکی دیاریکراو.. ئاراستەی ئەم شیعرە پشتی بە وێنەی بینراو بەستووە بۆ گەیاندنی پەیامێکی "هەستیی بۆ بینراو" بۆ ئەوەی بە ڕوونی بگاتە خوێنەر.. لە بارەی ئیستاتیکای شیعرەکەشەوە، خوازراوەکان ئەو خوازراوە وێنەییە بینراوانەن کە خوێنەر ئەخاتە کەشێکی دڵنیاییەوە، بەمەش هەر لە بونیادی دەقەکەدا هەوڵی ڕاستەوخۆ دراوە بۆ پاراستنی ئیستاتیکا.. بە کورتی ئەمە قسەیەک بوو دەربارەی بونیادی ئەم دەقە :

بەر لەم عەشقە
هەر یەکەمان جۆگەی ژیانێ بووین جیاواز
کەنارمان جیاو شەپۆلمان جیا و
هاژەمان جیابوو.
لە پرێکدا ئێوارەیەک خۆشەویستیی
لە دەشتێکدا
لە ڕاستەوە دەستی من و
لە چەپەوە دەستی تۆی گرت
ڕایکێشاین و هەردووکمانی دا بەیەکدا و
لووزەوێک و
ڕژاینە ناو یەکترەوە
لەو دەمەوە
نە من کەناری خۆم هەیە و نە تۆ
نە من شەپۆلی خۆم هەیەو نە تۆ
نە من هاژەی خۆمم هەیە و نە تۆ.
نە من ناوی خۆم و نە تۆ
ئەوەی ئێستاکە هەمانە
تێکەڵبوونەو توانەوەیە و کەف چڕێنی
بەردەوامی دوو ئاوانە!.

*شێرکۆ بێکەس- ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن- لە ئێوارەیەکدا*

ئاوێتەی وێنەیی، یان کیمیای وێنە:

ڕەنگە ئەم زاراوەیە سەرنجڕاکێش و تا ئاستێکیش گومان دروست بکا لەوەی کە ڕێسایەیەکی نوێ بێ و ڕێگە لە سەربەستیی نوسین بگرێ.. پێش ئەوەی کەسێک ئەم زاراوەیەی بیستبێ و بەکاری بهێنێ شیعر هەر نوسراوە و ڕەنگە چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم تایبەتمەندێتییەش بووبینەوە و بەسەرمانا تێپەڕیبێ و ئەو شیعرەی سەرکەوتووبووبێ لە ئاوێتە بوون و هاوسەنگییەکەیدا گرفتمان لەگەڵیدا نەبووبێ و لەگەڵ پێچەوانەکەشیدا زانیبێتمان کە ئەم وێنەیە گرفتی هەیە یاخود ڕەوان بە ئێمە ناگات.

هەرچەندە کیمیای وێنە بابەتی سەر بە بونیادی دەقە و لەگەڵ باسکردنی هەردوو بونیادی سەرو ژێری دەقدا دێت، کە ئەمەیان باسێکی ڕەخنەیی پەتییە و لە ڕێڕەوی مەبەستەکە دوورمان ئەخاتەوە، بەڵام پێویستە شاعیری تازە دەستپێکردوو شتێکی لە بارەوە بزانێت تا ڕەچاوی پتەویی دەقەکەی بکات.

هەر بە شێ َوەی ئاوێتە بوونی کیمیایی کە دوو ماددە یەک ئەگرن و مادەیەکی نوێ پێک ئەهێنن، لە زمانی شیعرییشدا، کۆبوونەوەی دوو تێبینیی کراوی جیاواز یان زیاتر لە وێنەیەکدا کۆ ئەبنەوە و هەریەک لە تێبینیی کراوەکان سیفاتی خۆی لە دەست ئەدات و لە ڕووی ماناوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.. گەر لە ئاوێتەی کیمیاییدا تێکەڵ کردنی نەشارەزایانەی دوو ماددەکە هەڵەیەکی گەورە بێت و مەترسیی بەدوادا بێت، ئەوا لە شیعریشدا بە هەمان شێوە هەڵەیەو مەترسیەکەشی ئەوەیە کە ئەبێتە ڕێچکەیەک بۆ نەشارەزایانی پاش خۆی و شێوەی مۆدێل وەرئەگرێت.

تا ئێستە کیمیای وشە بە چەند مانایەک کە دوورن لەم زاراوەیە و ئامانجی ئەم تایبەتمەندێتییەی ئێمە، هەبووە، بەم شێوەیە: کیمیای وشە بریتیی بووە لە جێگیر نەبوونی مانای وشەو ناڕاستەوخۆ بوونی و شێوازی وشک و چەمکی دیاریکراو، هەموو ئەمانە لە گرنگیی و بایەخ پێدانی "رامبۆ و مالارمێ"وە بۆ سیحر سەری هەڵدا، سیحر نەک بە مانا پەتییەکەی ، بەڵکو بەو مانایەی کە لە پێشیندا کاریگەرێتییان هاوتا بووە لەسەر دەروونی مرۆڤ.

به کورتیی ئەمە کیمیای وێنەیەو بە باشی ئەزانم بەم دوو نمونەیە بابەتەکەمان ڕونتر ببێتەوە:

ئەوانەی بە من دەچن زۆربەیان مردوون
کوپەیەکی پڕ ئاویشیان بۆ باڵندەکان جێ هێشتووە
بە برادەرایەتیم لەگەڵ دەریاوان خۆم هەڵناخەڵەتێنم
بە جێ پێی شادمانەکان دەکەومە ڕێ
شەڕی بێهوودەییە تێکەڵبوون
هەمووومان لە بیرکردنەوەی تەنیایی داین

.......................

چوار دیواری ژووری ماڵم
ڕەنگینە بە ڕەنگی ئەو پیاوانەی پێش من بە کرێیان گرتبوو
پێستیان بۆتە تابلۆ و پەڵەی دیوار
لەگەڵ تابلۆ و پەڵەکان هێمنیی گفتوگۆمان بووەتە مشتومڕێکی توند
هێندەی من ڕانامێنن
ئەو ڕۆژەی لە ناو ئاوێ گەمان دەکەم

لەسەر زەوی خۆم وشک دەکەمەوە و ئامادە دەبم بۆ گەشت.

"صباح
ڕەنجدەر- ڕووەکەکانی خواوەند- ڕێزمانی کۆڵانەکان، کۆڵانەکانی ئاو"

گەر پروانینە ئەو وێنانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتوون، ئەو وێنانەن کە دەلالەت لە تەنیایی ئەکەن بە مانا ئۆنتۆلۆژییەکەی.. ئەگەر لەو وێنانەی تریشدا هێمای تر هەبن بۆ خودو ئەو نیگەرانییەیان پێوە دیار نەبێ، یاخود بڵێین ئاسۆکانی دەقەکە بگۆڕێت – بە تایبەت کە دوو دەستە وێنەی جیاواز لە دەقەکەدا هەڵبژێرراون- ئەوا شکستی هێناوە لە کیمیای وێنە پەیوەندیدار و یەک بە دوای یەکدا هاتووەکانی.. ئێمە لە نێوان کۆمەڵێک وێنەی پێکەوە گرێدراودا ئەڕوانینە کیمیای وێنەکان، واتە ئەم بابەتە جیاوازە لە یەکێتی بابەت و هاوسەنگیی پاراستن و ڕیتمی دەق، یاخود وەکی تر، ئەو وێنە یەکتربڕ و تەواوکەرانە ئەکەونە بەر پراکتیک کە چەمکێکی نوێ ئەبەخشن، نەک ئەوەی شاعیر لە وێنەیەکی قەسیدەکەیدا لە بەر باران بآ و لە یەکێکی تردا لە ئاگردا، ئەگەر ئەو دوو وێنەیە تەواوکەرو یەکتر پڕ نەبن، هیچ پەیوەندییان بەم باسەوە نییە بەڵکو بە زەوقی نوسەر خۆیەوە هەیە.. لەم دوو نمونەیەی سەرەوەدا کار کردن لەسەر دوو هێڵی جیاوازە، هەرچەندە نەغمەی قەسیدەکە هەر یەکەو تەنیایی هێلێکی زۆر دەرکەوتووە تیایدا.

شادمانەکانی بە کۆ تەوزیف کردووە و بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمی تەنیا تەنها ئەتواناشوێن پێی یەکێکیان هەڵگرێت، بۆیە شادمانەکانیش سیفەتی کۆیی لەدەست ئەدەن و سیفەتی تاکیان لەم تەوزیفەدا پێ ئەبەخشرێتەوە.. ئەو کەسانەی کە لە منی ناو دەقەکە ئەچن پاش مردنیشیان ئاگاداری باڵندەکانن، هەریەکێک لەوێن دەلالەتە بۆ منی دەق، ئەو منەی پاش مردنیشی ئاو بۆ باڵندەکان جیٚئەهێڵ، ئەمانە بۆ گوزارشت کردنن لە ویژدانی خۆی، بەڵام خۆی ئەو ویژدانە لای کەسێک نابینێتەوە و بە برادەرێتیی کەشیتیەوانان متمانەی نییە، هەموو ئەم دەلالەتانەش دیسانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ تەنیایی خود.. لە وێنەکانی دووەمدا تەنیایی بەدی ئەکەینەوە ئەمجارەیان بۆ ئامادەکردنە بۆ مردن، ئەو پیاوانەی پێش ئەم ژیاون و مردوون، چوار دیواری ماڵ هێمایە بۆ دەوروبەرو ئاویش بۆ ژیان.. ئەوانی پێش ئەم کە تەنها شتێکیشیان لی جێماوەو ئەم بە پێستی چواندووە، هەر لەگەڵ ئەما یەکناگرنەوە و لە کێشەی توندو تیژدان، چونکە وەک ئەم، واتە منی ناو دەقەکە ڕانامێنن، زۆر بە ڕوونیی تێڕامانی خۆی باس ئەکات بەوەی کە دوای ئەوەی لە ژیاندا گەمەی خۆی تەواو ئەکا، ئیتر خۆی ئامادە ئەکا بۆ گەشتی مردن، ئەو مردنی بە گەشت چواندووە و ئەم چواندنە لە ڕووی چەمکەوە نوێ نییە بەڵکو لە ڕووی داڕشتنەوە نوێکراوەتەوە.

بەم شێوەیە ئەبینین کە لەچەند وێنەیەکی جیاوازدا و لە بونیادی شیعرییدا هاوکێشە وێنەییەکان بە هاوسەنگییەوە پارێزراون، سەرباری فرە ڕەنگیی

خوازراوو هەواڵە کراوەکان" الاستعارات والحالت"، نمونەکانیشی" پێک چوون، کوپەی ئاو و باڵندە،برادەرێتیی دەریاوان، شوێن پێ هەڵگرتن، شادمان، بێهوودەیی، شەڕی تێکەڵ بوون، بیرکردنەوە، تەنیایی" ئەمە لە وێنەکانی یەکەمدا و لە وێنەکانی دووەمیشدا" چواردیواری ژووری ماڵ، کرێچێتیی، ڕەنگین، پێست، تابلۆ، پەڵەی دیوار، مشتومڕ، ڕامان، گەمەی ناو ئاو و خۆ وشککردنەوە، خۆ ئامادەکردن بۆ گەشت".

لەناو ئەم دالە جیاوازانەدا ڕیتمی سایکۆلۆژی و فیکریی بابەتیش پارێزراوە، ڕەنگە زیاتر ئەمەش ڕێی بۆ هاوسەنگییە کیمیاییەکە خۆشکردبێت.. یاخود لەم دوو نمونەیەی تردا ئەبینین لەگەڵ ڕەوانیی زمان و جیاوازیی زۆری دالەکاندا لە ڕووی شوێنکاتییەوە دیسانەوە هەر هاوسەنگیی تەواو لە وێنەکاندا ئەبینینەوە:

پرچی زیوینیی "سیروان"م..
به هەناسەی، ساردی شەوێکی خۆم لادا
وام ئەزانی ماسییەکی، ژێر شەپۆلی نەرمی ئەوی
بەرد بە بەردی ناخی گەڕام
نەمئەزانی خۆت ڕووباری و
لە سیروانا دەرناکەوی.
" ئەی ڕووبارە هێمنەکە، کەی ئەڕژێیتە خوێنمەوە"
...........
شوێن تۆزی ئەسپەکەت کەوم، بۆ ڕوانینێ
کە ڕادەبووری، وەک شەوکوت
ئاودیوی ماڵێک ئەبیت و
ئاوێنەی پێکەنینیان ئەشکێنی

یان دەستەویەخە خەنجەرت لی هەڵکێشم
ئەی گێژەن و مەلەوێنی فریاد ڕەسی
زیندەوەرە خوێنخۆر و خوێنڕژاوەکان.
"بەرزان هەستیار- نەوەیەک پیرەمنداڵ- پرسیارەکانی ناو بەرمۆدا"

لە وێنەی یەکەمدا گەر بە زمانی لۆژیک و عەقڵ پروانینە وێنەی پرچی سیروان، ئەوا ڕووبەڕووی نالۆژیک یان ئەو دیوی لۆژیک ئەبینەوە، خۆ ئەگەر بە چاوی شیعرییش تەماشای ئەم وێنەیە بکەین کە وێنەیەکی ئەبستراکتە لە وێنەیەکی سریالی ئەچێت و بە پێی شیکردنەوەی یۆنگ گەڕانەوەیە بۆ ئەو دنیابینییە یەکەمینە کۆنەی کە لە لاشعوری دەستە جەمعیدا ئەژی و لە ڕێگەی شاعیرەوە پێمان ئەگات.. بەڵام کە بگەڕێینەوە سەر چاوگەی وێنەکەو بزانین کە وێنەیەکە توانای پرینی وێنەکانی دوای خۆی هەیەو لە بونیادە شیعریەکەیدا یەکسان ئەبێتەوە بە لایەکی هاوکێشەکە، ئەوکات لە وێنە پێکەوە گرێدراوەکانی دوای خۆی ئەگەین و ئەمیان ئەبێتە دەروازەی ئەوانی تر.. لەگەڵ نالۆژیکیی ئەم وێنەیەدا، ڕاستەوخۆ خوێنەر ئەپەڕێنێتەوە بۆ بەرکەوتنی جوێنیی لە وێنەکانی ترداو مانای خۆ و دەڵلتی لەوێنەوە وەرئەگرێت، ئەم دەرەنجامە لەو ئاوێتە بوونە کیمیاییەی وێنەکانەوە سەرچاوە ئەگرێت، کە ئێمە مەبەستمانە.
لە وێنەکانی دووەمدا ئەوەی مەبەستمە دوو دێڕی کۆتایی نییە چونکە ئەوە باسێکی ترەو لە جۆرەکانی بانگەوازە.. سەرجەم وێنەکانی تر وێنەی پێکەوە گرێدراو

و ئاسایین جگە لەو وێنەیەی کە هێڵی بە ژێردا هاتووە، مەبەستم ئەوەیە گەر ئەو وێنەیەی لی دەربهێنرێت وێنەیەکی مەئلوفی چەمکیی ئەمێنێتەوە، بەڵام لە کۆکردنەوەدا لوغزی چەمکەکە ئەکەوێتە ئەو وێنەیەوە.. لەم دەستە وێنەیەدا وێنەی- ئاوێنەی پێکەنینیان ئەشکێنی- هەم وێنەیەکی نوێیە لە ڕووی ڕامان و زمان و داڕشتنەوە، هەم شوێنی ئەو وێنەیەی پێشوو ئەگرێتەوە لە تێپەڕ بوونی بەناو وێنەکانی ترداو دیسانەوە ڵیەکی هاوکێشەکەیە و بە کۆی وێنەکانی تر ڵکەی تری پێک ئەهێنن.

لەگەڵ تێپەڕ بوونی شەوکوت بۆ ماڵێک ئاوێنەی پێکەنین ئەشکێت واتە دەنگی پێکەنین بەرز ئەبێتەوە، بوونی ئەم وێنەیە وا ئەکات زمانی ئەو بەشەی دەقەکە ڕەوان بێت و ئاوێتەیەکی وێنەیی دروستیشی هەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە شاعیران زۆریان بە هۆی سەلیقەو وردەکاریی خۆیانەوە لە نوسیندا یاساو ڕێسای زمان شارەزان، کە شیعر بە گۆڕانکاریی جیاوازەوە لەو سیستمە پڕ هێمایەوە سەرهەڵئەدات، ئەم بابەتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زمانەوە هەیە، هەر هەڵەیەک لە بەکار هێنانی هێماکاندا، لە تێکدان و شێواندنی ئەو سیستمە یان زمانی شیعردا، ئەبێتە هۆی ناهاوسەنگ بوون و تێکەڵ و پێکەڵیی وێنە شیعرییەکان.

ڕیتم:

ڕیتمی ناوەکی لە شیعری نوێدا بە هۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە پەیدا ئەبێت.. لە شیعری کلۆسیک و کێشی پەنجەدا ڕووبەڕووی ئەم گرفتی دیاری کردنە نەئەبووینەوە چونکە بە پێڕەو کردنی ڕێسای کێشی عروزی خەلیلی فەراهیدی لە شیعری کلۆسیکداو کێشی پەنجە لە شیعری دوای کلۆسیکدا کە خۆشڕەوتر بوو، ئیتر کێشی شیعرەکە پارێزراو بوو.. لەبەر ئەوەی ئەم لە قاڵبدانە زیانی گەورەی بە شیعر گەیاندبوو، لە سەدەی هەژدەوە ڕیتمی ناوەکی جێی هەموو ڕێسا کۆنەکانی گرتەوە کە سەرچاوەی ڕیتمەکەی گێڕایەوە بۆ باری دەروونی.

ڕیتم لە شیعری نوێدا ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکارەکەی کە یەکەمینیان چۆنێتی پێگەی فۆنیمەکانە لە زمان و ڕیزبەندکردنیدا.. دووەمیش مەودای پەیوەندییەتی لەگەڵ مانادا.

گۆڕوتینی فۆنیمەکە و توندوتۆڵی- واتە دەرکەوتن- لە شوێنی خۆیداو و ماوە لە نێوانیاندا و چەندبارە بوونەوەی کاریگەرێتیی زۆری هەیە لەسەر ڕیتمی دەق:

کەڵەجمن واگەد بجمن
لێزم ىرمن
كني كووم کە
هەڵكەنەم لەێرە
م ئەمشير جميانم
جميان

"شێردڵ.. □□□□□□□□□□□□□□□□□□

جات.. دەستنووس"

لەم کۆپلەیەدا بەهۆی موزیکی زمانەوە،هەست ئەکەین ڕووبەڕووی شیعر ئەبینەوە، هەرچەندە من بەهۆی نەشارەزاییم لە شێوە زمانی کەلهوڕیدا سەرەتا لەم کۆپلەیە نەگەیشتم، بەڵام هەستم ئەکرد تاقگەیەکی موزیک ئەڕژێتە زەینمەوە، ڕەنگە لە زۆر شیعری تری شێوەزمان و زمانی تریش باشتر گوێم بۆ هەڵخستبێ.

ڕیزبەندیی فۆنیمەکان:

"ج" : 2 جار لە سەرەتاو 2 جار لە کۆتاییدا

"ک" : 1 بە 4

"م" : 9 جار

"ن" : 7 جار

"ڵ" : 2جار

دوای ئەم فۆنیمە دەرکەوتووانە چەند فۆنیمێکی هاوکار هەیە کە دووبارە بۆنی ئەم فۆنیمانەیان لێدێتەوە..

شێوەی دەرکەوتنی فۆنیمەکان زۆر نزیکن لە یەکەوە، مەودایەکی دەروونیی هەیە لە نێوانیاندا، لە تواناداهاوشانی یەکن، پێکەوە گرێدراو و پتەو هەناسەیەکی تایبەتیشی پێویستە بۆ خوێندنەوە.

گەر زۆر ورد بینەوە لە ڕیتم پێویستی بە چاوپیاخشاندنێکی لەم چەشنە هەیە، هەرچەندە ئێستە زۆر شاعیری ئێمە  سەلیقەی خۆی بەکار ئەهێنآ، کە ڕەنگە لای هەموویان چوون یەک نەبێت و لە یەکیانەوە بۆ ئەوی تر بگۆڕێت

لەپاڵ ئەوەدا کە سەرچاوەی سەرەکی ڕیتم باری دەروونییە، ڕۆشنبیریش لەم بارەیەوە پێداویستیەکی گرنگەو بە جۆرێکی تر شاعیر ئەتوانێت وێڕای سەلیقەو باری دەروونیی، بەو ڕۆشنبیرییەوە دەستوەرداتە ڕیتمی

شیعرەکەی و باری دەروونیی خوێنەر ئامادەتر بکا بۆ خوێندنەوە.

دەنگ کە مادەی یەکەمی کێشە، پەیوەندییەکی هاوشانی هەیە لەگەڵ مانادا، ئەمەش پەیوەندی سەرەکی بە تێفکرینەوەیە لە زماندا و بە شێوەی پەیوەستکردنی دال و مەدلولەکانەوە.. کەواتە بونیادی دەنگیی ئەبێتە بنچینەی وێناو درک کردن.

لە یەکەی دەنگییشدا توندیی فۆنیمە دەرکەوتووەکان و ماوەی نێوان ئەو دەنگانە و پێگەو بواری دووبارە بوونەوەیان، کاری ڕاستەوخۆ ئەکاتە سەر ڕیتمی دەقەکە.. بە لانی بڕگەکانیشەوە هەر بە هەمان شێوە دووبارە بوونەوەی لەرە، هەندێجار ئەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاواز، واتە هاوشانی ڕیتمەکە خۆشڕەوییەک ئەبەخشێتە باری دەروونیی بۆ خوێندنەوە.

لە پەخشانی هونەری و شیعری نوێدا لەرەو دەنگ جێی کێشەکانیان گرتۆتەوە و کەمتر پەنا ئەبرێتە بەر کێشی بڕگە، بەڵکو شاعیر بە پێی باری دەروونیی لە قەسیدەکەو وردتر لە وێنەیەکدا کۆمەڵەی فۆنیمەکانی سەر بەو بارە دەروونییە دیاریکراوە ئەدۆزێتەوە و کاری تیا ئەکا.. نزیکایەتی کۆمەڵەی فۆنیمەکان بەم شێوەیە دابەش ئەبن:
"ڵ، ج، گ، ن، پ، ش، ڕ" کۆمەڵەی دووەم " چ، خ، ب، ت، د، ،ێ" کۆمەڵەی سێیەم " پ، ک، ژ، ل، ر، ی، د" کۆمەڵەی چوارەم" پ، ق، ف، ز، س، ڤــ، " هتد... ئەم جۆرە دابەش بوونە هاوکاری ئاهەنگسازییە لە شیعرداو ڕیتمەکە بازنەیەک پڕ ئەکاتەوە، گەر ئەم کۆمەڵەیە چەند جارێک دووبارە بووەوە، نەغمە ڵی وەرگر ساز ئەکاو

ڕەوانتر ئەچێتە وردەکارییەکانی ماناوە.. ئەوکات ڕێگەی گۆڕینی ئاسانتر ئەبێ و چەندە دەقەکە گەشت بێ بە خەیاڵدا ئەوەندەش بە ئاوازدا ئەبێت.

ئەم باسە تیۆرییە لە ڕیتم و نەغمەی شیعرییدا، هونەرسازیی و شیعرییەتی " حەفتا پەنجەرەی گەڕۆکمان لا ئاشناتر ئەکا.. ئەم حەفتا گەشتەی لەم کتێبەدایە، چەند گەشتن بە خەیاڵێکی فراوان و ئەزموونێکی دەوڵەمەنددا؟، ئەوەندەش ڕەوانیی ڕیتم سەرنجی خوێنەری ڕائەکێشێ و هونەرسازیی و ڕۆشنبیریی لە بابەتی ڕیتمدا دەرئەخات و گەشتێکی زەینییە بە نەغمە تایبەتەکانی شیعردا.

لە ڕاستیدا هەندێجار خوێنەر جگە لە هێور بوونەوەی لەگەڵ موزیکی شیعرییدا، وا هەست ئەکا کە پارچە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس بە قافیە دوایی هاتبێ کەچی لە ڕاستیشدا ڕیتمی شیعرەکە سەرچاوەی ئەو هەستکردنەیە، ئەم ئەزموونە لای شێرکۆ بێکەس نوێ نییە و لە زۆر دەقی تریدا ڕووبەڕووی ئەم هەستکردنە ئەبینەوە:

من داپیرە هەرەگەورەم
هەتاکوو مرد
بە فوو ئاگری ژێر مەنجەڵی
ماڵی خۆشکرد!
باپیرە هەرە گەورەیشم
ئەگەر جارێ شێوەکەی بە دڵ نەبووایە
هەر بە کەوگیر
ئەکەوتە وێزەی داپیرەو

ئینجا چێشتەکەیشی ئەڕشت..
"شێرکۆ بێکەس-70 پەنجەرەی گەڕۆک - 60"

□□□□□ گەر بە وردیی بڕوانینە ئەم پارچە شیعرە ئەبینین سەر بە گروپێکە کە زیاتر ئەو فۆنیمانەی تیا بەکار هێنراوە کە نزیکایەتییان هەیە لەگەڵ یەکدا، دووبارە بوونەوەی فۆنیمەکانی" ڵ، گ، پ، ج، ش، ن" لەو ماوەیەی کە دابەش کراوە بە سەریاندا حاڵەتێکی ئەوتۆ ڵی خوێنەر دروست ئەکا کە بە ئاسانیی ڕیتمی شیعرەکەی بۆ بێت و موزیکێکی ڕەوان بەرهەم بێنێ کە ڕەنگدانەوەی بارە دەروونیەکەی شاعیرە، ڕەنگە شاعیر دانەنیشتبێت بۆ ڕیزبەندکردنی فۆنیمەکان بەم جۆرە، بەڵام بارە دەروونییەکەی ئەو وایکردووە کە فۆنیمەکان بەم شێوەیە کۆبوونەتەوە و ئاگاداربوونیش لە کۆمەڵەی فۆنیمەکان ڕۆڵی خۆی هەیە، کە ئەمەیان پەیوەندی بە ڕۆشنبیریی شاعیر خۆیەوە هەیەو واینەکردووە کە فۆنیمی سەر بە گروپێکی تر زەق بکاتەوە وەک لەو کۆمەڵنەی کە پێشتر باسمان کردن یان هەر کۆمەڵەیەکی تر.. چونکە ئەوانیش لە شوێنی خۆیاندا بەکار ئەهێنرێن و موزیکی خۆیشیان هەیە.. ئەمانە سەرجەم پەیوەندییان بە ڕیتمی دەرەوەی دەقەوە هەیەو پەیوەندی نێوان ماناو ڕیتمیش بە شێوەیەک پەیوەستن بەیەکەوە، کە هەرچەندە باری دەروونیی لێرەشدا هەمان وەزیفەی هەیە، کەچی زنجیرەی داڕانی وێنەکان بە شێوەیەکە کە ڕیتمی ناوەکی بۆ خوێنەر ئامادە ئەکا و بە هەردوو جۆرە ڕیتمەکەش

وەهمێک لای خوێنەر دروست ئەکا کە وا بزانێ شیعرەکە بە سەروا کۆتایی هاتووە.

بەمجۆرە ڕیتم بەشێکی گرنگ لە بونیادی وێنەی شیعریدا پێک ئەهێنێ و بە ئاوێتە بوونی لەگەڵ بونیادی وێنەکاندا، لە گەیاندنیدا بەشداریی ئەکا.. وابەستە بوونی ماناو دەلالەتەکانیش بە ڕیتم یان موزیکی ناوەکی و دەرەکییەوە پێچەوانەیە، بە واتایەک چەندە باری دەروونیی ئەبێتە هۆی ڕێکخستنی ڕیتم و دەرکەوتنی مۆرفیم، ئەوەندەش ئەو نەغمەو ڕیتمە رۆڵی هەیە لەبەرهەمهێنانی مانا و دەلالەتەکاندا کە هەڵبەتە پرۆسەیەکی نائاگاییە لە باری یەکەمی مسۆدەدا، پێش ئەوەی ڕۆشنبیریی دەستوەرداتە خۆشپرەوتر کردنی ئاوازەکە، لەبەر ئەوەی کە یەکگرتنەوەی بونیادی دەنگ و مانا تەنها لە ئاستی فەرهەنگییدا قەتیس نابێ و ئەو سنورانە ئەبەزێنآ.

دیاریەکەت بۆینباخێ بوو
کە ئەیبەستم و ئەتبینم
ئەگەر جارێ وا ڕێکەوێ
پەستتکەم و تووڕەتکەم و
زویر ببی
خۆت هیچ ناڵێیت و ئارامیت.
کەچی ئەو لە جێی دەستی تۆ
لەناو ملما دێتەوە یەک
وەک بیەوێ بمخنکێنێ.

□□□□□□□□□□□□□□□□□□□" شێرکۆ بێکەس -حەفتا پەنجەرەی گەرۆک- خەیاڵی نۆیەم"

لەم بروسکەیەشدا بە هەمان شێوە شاعیر ڕیتمی شیعرەکەی بە هەناسەیەکی تر پاراستووە و ئەم شیعرە سەر بە کۆمەڵەی دووەمی ئەو فۆنیمانەیە کە پێشتر نموونەمان لێهێنانەوە.

فۆنیمە دەرکەوتووەکانی ئەم شیعرە ئەوانەن کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە بەڵام بەمجۆرە: " د، ک، ت، ب، ێ".. ئەم فۆنیمانە بە درێژیی شیعرەکەو لە هەموو ڕستە شیعرییەکاندا ڕوناکیی زۆریان کەوتۆتە سەرو هەمیشە لە درەوشانەوەدان.. جگە لەوەی کە فۆنیمەکانی " د، ت" لە زماندا بە فۆنیمە کلۆرکان ئەژمێردرێن، کەچی لەم شیعرەدا بۆ ئاهەنگسازیی شیعرەکە تەواو پشتیان پێبەستراوە.

دەنگی فۆنیمی "د " گەرچی لە بنەڕەتدا دووجار دووبارە کراوەتەوە، بەڵام گەر لە سەرجەمی دەقەکەدا تێی بڕوانی و مەبەستت لە ئامار کردن نەبێ، پێتوایە زیاتر لە شەش جار دووبارە کرابێتەوە، بۆ نموونە جارێکی تر گەر ویستت شیعرەکە بخوێنیتەوە، سەرنجنت نەچێتە سەر ژماردنی.. دەنگی "خ " ئەویش سێ جارو لە دێڕی یەکەم و ناوەڕاست و کۆتاییدا هەیە، زۆر بۆ ئەوە ئەچم کە ئەمە ڕێکەوت و سەپێنراوی باری دەروونیی نەبێت، ئەم دەنگە لەبەر ئەوەی دەنگێکی زبرە نەکراوە پشتی پێ ببەسترێ بۆ ڕەوانیی ئاوازەکە، بە قـــەدەر ئەوەی کە دەنگی "ک " نۆجار جگە لە کلۆر بوونێکی و دەنگی

"ت " دوانزە جار جگە لە سێ کلۆر بوونی دووبارە بۆتەوە.
دەنگی "ێ " بە دابەش بوونی بەسەر تەواوی شیعرەکەدا، هێمنیی بەسەرجوڵەی ڕستە شیعرییەکاندا پەخش کردووەو ئاستەنگی تیا نەهێشتۆتەوە.. لە ڕستەی " خۆت هیچ ناڵێیت و ئارامیت" چەندە گرتە هەیە لەسەر دەنگی "ت " کەچی بوونی سێ "ی " بە گرتنە خۆی "ێ " لە ناوەندیاندا، هەردوو گرتەکەی داپۆشیوە.
بە بەهای خەیاڵ و داهێنان لە شیعرەکەداو ڕێکخستنی لەرەو نەغمەی، دابەش بوونی دەنگەکان و ڕەوانیی ڕیتم، ئەم شیعرەش وەک زۆر شیعری تری شێرکۆ بێکەس ئەو وەهمەی دروستکردووە کە شیعرەکە بە سەروا دوایی هاتبآ و لەڕاستیشدا هیچ جۆرە نزیکایەتییەک لە نێوانی سەرواشدا نییە.
یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شیعری نوێ- بە شیعرو قەسیدەو شیعری پەخشانیی و دەقی کراوەوە- ڕیتم و ڕێسا نوێیەکانیەتی، شاعیری نوێگەر شارەزایی وردی پێویستە لە لە بابەتی دەنگ و لەرەو نەغمەی شیعرییەوە کە گرنگترین پێکهاتەی شیعری نوێیە.

خەیاڵ و وێنەی شیعریی:
ئەو بونیادە هونەرییەی شیعر پێویستییەتی لە ڕێگەی خەیاڵی شیعرییەوە بەرهەم دێت.. ئەو بونیادە پشت بە ڕەگەزە هەستەوەرەکان ئەبەستێ، واتە پێنج هەستەکەمان، لە ناو ئەمانیشدا هەستی بینین بۆ بونیادنانی وێنەی زەینیی لە هەموویان لە پێشترو

دیارترەو شاعیریش لە ڕێگەی بینینەوە کەرەستەکانی ڕێک ئەخات و پاشان خەیاڵ ڕۆڵی گرنگ ئەبینێ لە دەرخستنی ڕەنگی وێنە و بە ئاگاهێنانەوەی وێنە نوستووەکانی نائاگایی.. ڕێکخستنی هەموو ئەمانەش لە دەقدا بەهۆی تێڕامانی شاعیرەوە پەیدا ئەبێ و ئەتوانی ئەو سۆزە بخرۆشێنێ کە خۆی بەهۆی چێژ وەرگرتنیەوە لە خەیاڵی خۆی لە زەینیداو لە بینینی وێنەکانەوە لای دروست بووە، ئەوکات وەک بۆرسۆف ئەڵێ:" سروش-ایحا و- ی هەستییەکانی وێنە، ڕێژەی سۆزی شاعیر دەرئەخەن.." بەواتە ئەندازەی خرۆشانی وێنە هەستییەکان لە زەینیی شاعیردا، ڕێژە و ئاستەکانی سۆزداریی دەرئەخەن.

ئەو سروشە هەستییانە چەندە بەکاردێن بۆ گوزارشتکردن لە باری سۆزداریی شاعیر ئەوەندەش لە بونیادی هونەرییدا بایەخیان هەیە.. وێنە زەینییەکانی شاعیر ناسرەون و بەردەوام لە جوڵدان، زۆرجار وا ڕێک ئەکەوێ بۆ کارێکی داهێنەرانە ئەو بارە کاتێکی زۆری پێویست بێ، یاخود بەهۆی ئاڵۆزییەکەیەوە هەر بەرهەم نەیەت، چونکە وێنە زەینییەکان وابەستەی دڵەڕاوکێیەکی ناوەکین.. وێنەی زەینیی پێویستیی بە تێڕامانێکی کارا هەیە بۆ ژیاندنەوەی لە کاری داهێنەرانەدا هەروەک پێویستیی بە سەرنج و دیقەت دانێکی زۆر ورد هەیە، بۆیە هەر وێنەیەک بآبەش بێ لەو هونەرسازییە، پێویستە شاعیر دەستبەرداری بێت، ئەگەر سەرجەم بەرهەمەکانیشی بێت.

جگە لە پێڕەو کردن و بەکارهێنانی هونەرسازیی لە بەرهەمهێنانی دەقدا، پێویستە لەسەر شاعیر تا دوا

پڕکردنی خەیاڵ و پێشێلکردنی تەواوی سنورەکانی وابەستەبوون، خەیاڵی سەربەست بێت و مەودای هەموو جۆرە پێشنیازکردنێکی زەینی خۆی بدا، بۆ ئەوەی ئەو ڕووبەرەی تیایدا ئەنووسێ فراوانتر باَ لەو ئاستەی ڕایکێشێتە ژێر کاریگەرێتیی یان سەر بیرکردنەوەی کەسانی تر.

شیلی لە بارەی شیعرەوە ئەڵێ: "ئەتوانین شیعر بە مانا گشتییەکەی بەوە پێناسە بکەین کە گوزارشت کردنە لە خەیاڵ"، ئەم پێناسەیە بەسە بۆ قسەکردنمان لە بارەی خەیاڵەوە، کە سەرچاوەی وێنە زەینییەکانەو بەرهەمهێنەری دەقە.

خەیاڵی شیعرییش، نغرۆ بوون نییە لە خەیاڵدا وەک ڕۆمانسییەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن، بەڵکو بواردانە بە خەیاڵ بۆ سەربەستیی وەرگرتن.

ئیستاتیکا:

لەم بەشەدا باسی فەلسەفەی جوێنیی- ئیستاتیکا- ناکەم، چونکە ئەچینە ناو بە تیۆریزە کردنی شیعرەوە.. بەڵکو ئەمەوێ زانیاریی زۆر سەرەتایی لەو بارەوە بدەم ئەوەندەی کە سنوری کتێبەکەی ئێمە قبوڵی ئەکا.

بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو شتە جوێنانەی کە ئەیبینین، هەستێکمان لا دروست ئەکاو وامان لی ئەکا ڕابمێنین.. ئەو هەستکردنە یا بەهۆی گونجانی شێوەکانەوەیە، یان گونجانی ڕەنگ، یاخود بەهۆی کاریگەرێتیی و نائاسایی بوونی بابەتە تێڕامێنراوەکەوە دروست ئەبێ.. هەر

کامێکیان بێ چێژمان ئەداتآ و ئەو چێژ بەخشینەش لای خۆمانەوە کاردانەوەمان لادروست ئەکا.

هەستکردن بە جوێنیی و چێژ وەرگرتن، دوو قۆناغی بەیەکدا چوون و هیچ ماوەیەکی زەمەنییان لە نێواندا نییە، بەڵام لەگەڵ قۆناغێکی تردا کە لە کارێکی هونەریدا بەرجەستە ئەبێ، ماوەی زەمەنییان لە نێواندایە، واتە ئەوکات ماوە هەیە بۆ گوزارشت لێکردنی.

هەندآ فاکتەری گرنگیش هەن کار ئەکەنە سەر هەستکردن بە جوێنیی، گرنگترینیان باری دەروونیی کەسەکەیە، هەروەک کۆمەڵگەو سەردەم و بیروڕاش کاریگەرێتیان هەیەو سنورەکانی جوێنی بەرتەسک و فراوان ئەکەنەوە.

یەکەمین کەسێک کە ئیستاتیکای لە تەواوی کایە مەعریفیەکانی تر جیاکردەوە " بومگارتن" ی بیریار – 1762/1714 – بوو و پێگەشی لەناو زانستە فەلسەفیەکانی تردا بۆ کردەوە.. وەک زمان ئەم وشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، کە مەبەستیان لێی زانستی هەستەکان بوو، بەڵام بومگارتن وەک لکێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی هەست و ویژدان پێناسەی کرد.. دی هویسمانیش ئەڵ: لە ئێستەدا " هەمووبیرکردنەوەیەکی فەلسەفی لە هونەر ئیستاتیکایە"

## دوا وته

ئەم کتێبە، هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ ئاگادار بوونی لاوان لە هەندێ بابەتی شیعریی.. بە ڕاستی من هەستم بە کەم وکوڕییەک ئەکرد لەم بارەیەوە لە کتێبخانەی کوردیدا.. ئێستەش بە گشتیی لەڕووی لێکۆڵینەوەی شیعرییەوە، کەموکوڕیی هەیەو ئەرکی ئێمەیە کە گرنگیی بە شیعر ئەدەین، هەر کەسێک و گەر لە بواری خۆیدا کەموکورییەکان پڕ بکاتەوە، زۆر شت ئەگۆڕێ.. هیچ میللەتێک بەقەدەر کورد هەژار نییە لە لێکۆڵینەوە و نووسیندا، گەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەک شیعر و پەخشان و چیرۆک بەرێورد بکەین بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەدا، جیاوازییەکە ئەوەندە زەق ئەبێ کە هەست بە بێدەسەڵاتی بکەین، بەڵام گەلانی تر ئەوەندەی بەرهەمیان هەیە، گەر بە ڕێژەی ئەوەش لێکۆڵینەوەیان نەبێ، ئەوا شتێکی ئەوتۆی کەمتر نییە.. بۆ نموونە من لە google – عربی- دا بە دوای الثورە الشعریە دا گەڕام، بە سەدان وتارو لێکۆڵینەوەم دەست کەوت، بەڵام کە بە کوردییەکە بۆ وێنەی شیعریی گەڕام، هەوڵەکەم شکستی هێنا و تەنها یەک بابەتی نیشان نەدام.

من هەوڵ ئەدەم ئەم کتێبە لە سایتەکانیشدا بڵاوبکەمەوە و بەرگەکانی تریشی بە هەمان شێوە کە ئومێدەوارم هەر بەرگێک و لەمەولا تایبەت بێ بە تایبەتمەندێتییەکی شیعریی.. هەڵبەتە چاوەڕوانی

ئەوەم کە تەنها شیعر نەنووسین و بەس، مادام شیعر ئەنووسین، ئەبێ شتێکیشی لەبارەوە بزانیین..

سەرچاوە


- مجموعه كتاب- ترجمه/ جميل نصيف التكريتى- اضا وه تاريخيه على قضايا ڕساسيه -م 2 - 1993- موسوعه نظريه الادب- العراق/ بغداد.
- جاكوب كرج- مقدمه فى الشعر- ت/ رياض عبدالواحد- الموسوعه الثقافيه- بغداد- 2004
- مارسيل لوكان-الانسان ولغته، من الٓێوات الى اللغه- ت/ د. مارى شهرستان- دمشق- سوريه- 2006.
- د. صالح فضل- نظريه البنائيه فى النقد الادبى- ط3 – بغداد- 1987.
- روبرت سى هولب- نظريه التلقى-ت/رعد عبدالجليل جوصد- اللٓژقيه- سوريه- 2004.
- عبدالغفار مكاوى- ثوره الشعر الحديث- الهيئه المصريه العامه للكتاب- القاهره- 1972.
- د. مالك يوسف المطلبى- وهم الحدس- الموسوعه الصغيره472- بغداد 2003.
- سى.دى.لويس- الثوره الشعريه- ت/د.احمد نصيف الجنابى، مالك ميرى، سلمان حسن ابراهيم- وزاره الثقافه والعلم العراقيه-1982.
- تونى بارنستون، تشاو بينغ- فن الكتابه- ت/د.عابد اسماعيل- دار المدى- بغداد- 2004.
- جون كوين- اللغه العليا، النظريه الشعريه- ت/ احمد درويش- المجلس الاعلى للثقافه- گ2- 2000.

- د.حسام الخطيب، د.رمضان بسطاويسى محمد- آفاق الابداع ومرجعيته- دار الفكر المعاصر- دمشق- سوريه- 2001.
- جيرارد ستين- فهم الاستعاره فى الادب- ت/محمد احمد حمد- المجلس الاعلى للثقافه- القاهره، مصر- 2005.
- امال حليم الصراف- علم الجمال- عمان،الاردن- 2006.
- يورى لوتمان- تحليل النص الشعرى- ت/ محمد فتوح- النادى الادبى الثقافى- جده، المملكه العربيه السعوديه.

دیوان و کۆمەڵە شیعرییەکان:

- دیوانی نالـــی.
- دیوانی گۆران.
- شێرکۆ بێکەس- بۆنامە .
- شێرکۆ بێکەس- خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ.
- شێرکۆ بێکەس- ڕەنگدان.
- شێرکۆ بێکەس-ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن.
- شێرکۆ بێکەس-لە گوڵەوە هەتا سووتوو.
- شێرکۆ بێکەس- حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک.
- دیوانی لەتیف هەڵمەت- بەرگی 3.
- لەتیف هەڵمەت- وشەی جوێن گوڵە گوڵ.
- سەباح ڕەنجدەر- ڕووەکەکانی خواوەند.
- سەباح ڕەنجدەر- خەون وا خۆی گێڕایەوە.
- محمد عومەر عوسمان- لە غوربەتا.
- دیوانی کەژاڵ ئەحمەد.

- کۆ بەرهەمی قوبادی جەلی زادە.
- دڵشاد عبداللە- جوێنییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس.
- بەختیار عەلی- کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی83-98 .
- ڕۆژ هەڵەبجەیی- تا خەو دائەگیرسێ بنوو.
- ئیسماعیل خورماڵی- بەورو خاک و مێ.
- دلاوەر قەرەداخی- تەیرەکانی ئیسماعیل.
- بەرزان هەستیار- نەوەیەک پیرە منداڵ.
- دانا عەسکەر- لە میحرابی سێشەممە ڕۆمانسییەکاندا.
- چنار نامق- پێکەکان بیریان ئەچێت بمخۆنەوە.
- ئاوات حەسەن ئەمین- بۆنخۆش بە هەناسەکانت.
- دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.
- جوێیەزی چەند شاعیرێک.
- هەمزە گولانی- ڕوبارێک لە سەرخۆشیدا.
- سالار عوسمان- نووسینەوەی باران.

گۆڤارو دەستنووسەکان:
* گۆڤاری گەڵوێژی نوێ- ژ: 39-40 – شیعری جەمال غەمبار.
* شیعرستان- ژ: 4- شیعری عبدالمطلب عبداللە.
* دەستنوسی دەسڕێژی سێو- فەرەیدون پێنجوێنی.
* دەستنوسی جات- شێردڵ.

ئینتەرنێت:


- زهير الجبورى-كشف دلاله المعنى الشعرى-جريده الرياچ.
- محمد جميل شلش- الخيال معادل موضوعى للتعبير الٱبداعى- الكتاب العراقى.
- محمد المحروقى- الطابع الحسى للثوره الشعريه- سلطنه عمان.
- ت/ فضيله يزل- الشعر ليس بالقافيه الجيده- جريده الصباح.


- ناوەڕۆک


بابەت
لاپەڕە

پێشەکی
5
ئەم کتێبە بۆچی
9

بەشی یەکەم:
15
ئاستەکانی نووسین

نووسینی بێگیان
19
بازنەی خوێندنەوە
21

هەوڵدان بۆ بڵاوکردنــەوە
25
راهاتن لەگەڵ نووسـیندا
32
کەشـفکردنی نهێنی نووســـین
40
داهێـنان
49

بەشــی دووەم:
53
ئەو تایبەتمەندێتیانەی کە پێویسـتە شـاعیر لەبەرچاوی بگرێت

مسـۆدە
58
کاری جـددی
59
هەندێک بەشـی شـیـعر
61
پێشـڕەویی
64
چاوەڕوانکراوو هەواڵە یان رەوانەکراو
64
پاڵنەر
65

راگرتــن
67
کەشفکردنی نهێنــی نــوی
69
جوگرافیای دەق
71
دوبارەبونەوە
75
کۆ دەنـگ
76
چڕکردنـەوە
78
رەوانـیی
80
گێرانـەوە
82
دەستپێـک و قفڵی دەق
85
لێکچواندن
87
جۆرەکانی خواســتن
90
یەکەم- خواستی ناوەکی
92
دووەم- خواستی پەنهان
94
سێیەم- خواستی پەنهانی لاواز

95
چوارەم- خواستی ئاڵۆز
97
پێنجەم- خواستی دیاریکراو
98
شەشەم- خواستنی فراوان
100
حەوتەم- خواستی ناوەکی ناسینەوە یان زانراو
101
هەشتەم- خواستی راستەوخۆ
102
جیاوازی نێوان شیعرو پەخشان
103
زیادەڕۆیی
106
خۆبەدەستەوە دان و لایەنگیری
108
کارکردن لە دیاردەکاندا
110
تێک شکاندنی سروشتی دیاردەو رووداو و شتەکان
113
رامان
115
مەجاز
117
یەکەم- جیاوازی لە سروشتیدا
118

دووەم- جیاوازی لە کاتدا
119
سێیەم- جیاوازی لە کرۆکدا
120
چوارەم- جیاوازی چاوگەیی
121
پێنجەم- جیاوازی کرداریی
122
شەشەم- جیاوازی لە پرسیاردا
124
حەوتەم- جیاوازی لۆژیکیی
125
هەشتەم- جیاوازی لە ڕووی فشارەوە
127
رەمز
128
ژیانی رۆژانەی شاعیر
130
خاڵبەندیی
131
بەشی سێیەم
135
کۆڵەکە بنچینەییەکانی شیعر

زمانی شیعریی
139

بونیادی شـیعریـی
142
ئاوێتەی وێنەیی یان کیمیای وێنە
146
ریتـــم
153
خەیاڵ و وێنەی شـیعریـــی
162
ئیسـتاتیـکا
163
دوا وتـە
165
سـەرچاوە
167
ناوەڕۆک
171